# گوڵان

www.gulan-media.com

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی


# لەبەر ئەوەی ئێستا ناوماڵی شیعە جیاوازی تێکەوتووە کورد و سونە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕن






■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)



جۆن کرۆس: بیمەی کۆمەڵایەتی بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک وەک ئەوە وایە ئافرەتێک بەبێ ئاوێنە ماکیاژ بکات


د.موحسین جەمیل عەزیز: گرژبوونی قۆڵۆن چارەسەری یەکجارەکی نییە


سامان ئەنوەر: ناویژیوانەکان لە ئاستێکی باش دا نەبوون


(٢٢) دووپشکی لە نێو کاتژمێر خوارد


ریدا بوتروس:
کورد
میللەتێکی خاوەن ئیرادە و دڵپاکە

# بۆچی پارتە سیاسیەکانی کوردستان ناتوانن ئەو ئەرکانانە پیادەبکەن کە دیموکراتی پێویستی پێیەتی؟

**«لێمان گەڕێن با ئازاد بین، بەتایبەتی لەوکاتانەی مەسەلەکە پەیوەندی بەنووسینەوە هەیە»**
**مێشیل فۆکۆ**

***

کاتێك داوای ئازادی دەکەین بە تایبەتی لەو کاتانەی دەنووسین، دەبێت ویژدانی ئێمەش هێندە لە مانای ئازادی تێبگات، کە دەبێت واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆی جێگەی پرسیار بێت، پرسیار لە ناو واقیعەکەدا دروست بووبێت، ئێمەش وەك رۆژنامەنووس و رۆشنبیران و نووسەران بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی بزانین هەندێك خۆمان ماندوو بکەین و پرسیارەکە بخەینەڕوو و هاوبەش بین بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە خودی پرسیارەکە رەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە کۆمەڵگە و قوناخی گەشەپێدانی کۆمەڵگە دروستیکردووە.
کەواتە لێرەوە کە داوای ئازادی دەکەین، بەو مانایە داوای ئازادی ناکەین، رێز لەو پرسیارانەمان بگرن کە گومانەکانی ئێمە دروستیکردوون، نەخێر داوای ئازادی دەکەین بەو مانایەی ئەو پرسیارەی واقیعی کۆمەڵگە دروستیکردووە، وەك خۆی بەدیاری بخەین و لە نێو پەردەپۆشکراوی ئایدۆلۆژیای حزبەکان دەریبهێنین و راشکاوانە وەك ئەو واقیعەی هەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، کەواتە ئەو پرسیارەی ئەم راپۆرتە کاری لەسەر دەکات، هەوڵێك نیە بۆ ئەوەی بەجۆرێك وەڵام بۆ ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە کە ئامانجی لایەك بێت و دژ بەلایەکەی دیکە بێت، یان پاکانە بۆ بیروبۆچوونی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بکات و بیروبۆچوونی لایەنێکی دیکە تاوانبار بکات، هەربۆیە هەوڵی ئەم راپۆرتە گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئۆریجنی ئەو پرسیارەی کە دەمانەوێت وەك بناخە دیموکراسی لەسەر بونیاد بنرێت و خودی دیموکراسی ئامانجی هاوڵاتیانی کوردستانە. بە دیوێکی دیکە ئەو پرسیارەی لای هاوڵاتیان بۆتە ئیشکالیەت و، وەڵامی پێویستی بۆ ئەو میکانیزمە دەست ناکەوێت کە لەیەك کاتدا حزبە سیاسیەکان و دیموکراتی لە یەك بازنەدا کۆدەکاتەوە، ئەگەر ئەم هاوکێشەیەش بە میتۆدێکی ئەندازەیی راڤە بکەین و دروست لەسەر مانای بازنە رابوەستین، دیارە بازنە یەك ناوەند(چەق)ی هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لەم بازنەیەدا حزبە سیاسیەکان ناوەندی سەرەکی بن، بۆچی بازنەی دیموکراتی لە وڵاتی ئێمە بازنەیەکی راستەقینە نیە؟، ئایا پڕگاڵی حزبە سیاسیەکان لە ناوەند دوورکەتۆتەوە و هەریەکەیان بۆخۆی چەماوەیەك دروستدەکات و چەماوەکانیش یەکتر برن و ئامانجی گەلی کوردستان بۆ دیموکراتی گۆڕدراو بۆ ئامانجی حزبەسیاسیەکان بۆ بەکارهێنانی ماناکانی دیموکراسی بۆ مانەوەی خۆیان؟. ئەم خاڵە گەوهەرییە کە بەرەنجامی گومانی ئێمە و خەڵکانی دیکەش نیە، رەنگدانەوەی ئەو واقیعە سیاسیەیە کە رەفتاری حزبەکان لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دیموکراسی لە واقیعی کوردستاندا



## بوونی پارتی سیاسی بۆتە پێداویستیەک بۆ بەرەو پێشەوە چوونی دیموکراتی

دروستیان کردووە، بۆیە ئەم باسە نە تەفسیرە بۆ باردۆخەکە بەو مانایەی پەنا بۆ کۆمەڵێك سەرچاوە ببەین بۆ ئەوەی بەرێگای وێکچوونی ڕووداوەکان بۆ خوێنەرانی خۆمانی تەفسیر بکەین، نە شرۆڤەیەکی سیاسیشە بەو مانایای هەوڵبدەین بارودۆخەکە وەك یەکەیەکی یەکگرتوو بەش بەش بکەین، بۆ ئەوەی لای خوێنەرانمان تێگەیشتنی ئاسانتر بێت، نەخێر ئەم باسە نەخۆی بە تەفسیر و نەخۆی بە شرۆڤەکردنەوە سەرقاڵ ناکات، هۆکاری خۆ دوورخستنەوەشی لە تەفسیر و شرۆڤەش بە هۆکارێکی سادە گرێدەداتەوە و ڕاشکاوانە و بوێرانە دەستی دەخاتەسەر و دەڵێت: (ئەو پرسیارەی بۆتە ناوەندی ئەم باسە و بازنەیەك بەدەوری خۆیدا دروستدەکات، ئەو ناوەندە (چەقە) ئێمە دیاریمان نەکردووە، هەتا بمانەوێت بەو جۆرە تەفسیری بۆ بکەین خوێنەر لە بازنەی تەفسیری ئێمەوە سەیری باردۆخەکە بکات، ئەو مافەش بە خۆمان نادەین پێشوەختە بازنەیەك کەمەرج نیە، دیموکراتی ناوەندی ئەو بازنەیە بە ئێمە ببەخشێت و ئێمەش توخمە سەرەکیەکانی ئەو بازنەیە لێکجیابکەینەوە و خوێنەر ناچار بکەین لەبازنەی فیکری ئێمەوە سەیری دواین ئامانجی خۆی بکات کە دیموکراتیە، بۆیە ئەم باسە هەوڵێکی دیکەیە، بۆ هەڵکۆڵین و شکاندنی ئەو دەقە ئەستوورانەی ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکانە لەسەر دوا ئامانجی گەلی کوردستان دروستیان کردووە، کە ئەویش بونیادی دیموکراتیە، ئەگەر روونتر لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوەستە بکەین و زیارتر بەرچاو ڕوونی بە خوێنەری خۆمان بدەین، دەڵێین:

* ناوەندی ئەو بازنەیەی دەمانەوێت لەم باسەدا بیخەینەروو، ئامانجی بونیادی دیموکراتیە لە کوردستاندا.

* ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکان لەبری ئەوەی هەوڵەکانی لە چوارچێوەی ئەو بازنەیەدا بێت کە ئەو ناوەندە بەدەوری خۆیدا دروستی کردووە، دەبینین لە واقیعدا خەریکە ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکان خۆی دەکاتە ناوەند و ئامانجی دیموکراتیش دەبێتە ئەو بازنەیەی کە ئایدۆلۆژیەکە بە چوار دەوریدا دروستیکردووە.

ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە، ئەم ترسناکیە لە واقیعی ئێمەدا بوونی هەیە، بۆیە پرسارە وورووژاوەکە ڕەنگدانەوەی واقیعی ئێستای سیاسیی کوردستانە، نەك گومان و گریمانەی نووسەر یان ڕۆژنامەنووس دروستی کردبێت.

ئینجا، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە بکرێت، ئایا باردۆخەکە پێویستی بە تەفسیر و شرۆڤە هەیە بۆئەوەی هاوڵاتی لێی تێبگات؟ یان ئایا هاوڵاتی ئامانجی ئایدۆلۆژیەتی پارتە سیاسیەکان بە دوا ئامانجی خۆی پێناسە دەکات؟ لە وەڵامدا زۆر ڕاشکاوانە دەڵێین نەخێر، هۆکاری ئەم نەخێرەش ئاسانە، بەڵام هەندێك بوێری و بیرکردنەوەی ئازادانەی دەوێت و، دەبێت دان بەوەدا بنێین هاوڵاتیانی ئێمە لەوە تێگەیشتوون ئەم شێوازەی ئێستا پارتە سیاسیەکان ڕەفتاری پێدەکەن و بەحساب هەنگاوی بەرەو دیموکراتی پێهەڵدەگرن، پێویستی بە گۆڕانکاریە، ئەو تێگەیشتن و قەناعەتەی هاوڵاتیان بە جۆرێك کاریگەری لەسەر پارتە سیاسیەکانیش دروستکردووە، ئەگەر بە شێوەیەکی سەر زارەکی و بۆ ڕەواندنەوەی گوشاری هاوڵاتیانیش بێت، دان بەوەدادەنێن، بەڵێ ئەم شێوازە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، پێویستی بەوە هەیە ئایدۆلۆژیای حزبە سیاسیەکان ناوەند بۆ ئامانجی سەرەکی هاوڵاتیان چۆڵ بکات و بگەڕێتەوە ناو ئەو بازنەیەی کە دوا ئامانج(دیموکراتی)بەدەوری خۆیدا دروستی دەکات، ئەمە ئەو حاڵەتەیە تەفسیر و شرۆڤە دەکاتە ئەو کەولوپەلەی چیدیکە پێویستمان پێی نەبێت، کە دەشڵێین چیدیکە پێویستمان پێی نەبێت، بەو مانایە نە، کە خەتێکی ڕاست وچەپ بەسەر تەفسیر و شرۆڤە بهێنین و وای پیشانبدەین سەردەمی بەسەرچوو، نەخێر ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لەم باسەدا ئەگەر بە ئامانجی ئەوەی هاوڵاتیان لەو مەسەلەیە تێبگەیەنین، کە ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان لە بارودۆخی ئێستا نابێتە هۆکار بۆ بونیادی دیموکراتی و ئەو بازنەیەی ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان دروستی دەکەن نابێتە بازنەیەکی دیموکراتی، ئەوا لەم حاڵەتەدا هاوڵاتی پێویستی بە تەفسیر و شرۆڤەی ئێمە نیە، گەیشتۆتە قەناعەت دەبێت ئەم ناوەندە بگۆڕێت، ئەمەش واتە:

١- لەبری ئەوەی ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان ناوەند بن و دواین ئامانج (کە دیموکراتیە) لەو بازنەیە تەفویز بکەین کە بازنەی دەوری ئایدۆلۆژیەتەکە دروستی دەکات، دەبێت ئەو ناوەندە بدرێتەوە بە دواین ئامانج کە دیموکراتیە و دەبێت ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکان خۆیان لەو بازنەیەدا بگونجێن کە دیموکراتی بە دەوری خۆیدا دروستی دەکات.

٢- لەم حاڵەتەدا، کە ناوەندی بازنەکە دەگەڕێتەوە بۆ دواین ئامانج (دیموکراتی)، دیموکراتی خۆی پێداویستیەکانی خۆی دیاریدەکات، نەك حزبەکان پێداویستیەکانی دیموکراتی دیاریبکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە حزبەکان ئەرکی دیموکراتی جێبەدەکەن، نەك دیموکراتی ئەرکی حزبەکان جێبەجێ بکات، بەدیوێکی دیکە دیموکراتی خۆی دەبێتەوە ئەو دەنگەی باسی پێداویستیەکانی خۆی دەکات، نەك ئەو دەنگە کپکراوەی کە حزبەکان بە ناوی دیموکراتیەوە قسە بکەن.





سەبارەت بەم دوومەسەلە گرنگە هاوڵاتیان زۆر باش لەم واقیعە تێگەیشتوون، حزبەکانیش لە ژێر گوشاری هاوڵاتیاندا دان بەو راستیەدا دەنێن، بەڵام ئەرکە گرنگەکە لێرەوە دەستپێدەکات، حزبە سیاسیەکان دەیانەوێت بە هەندێك گۆڕانکاری رووکەش جارێکی دیکە پارێزگاری بەوناوەندەوە بکەن کە واقیع بە پێویستی دەزانێت بدرێتەوە بە دیموکراتی، بۆیە ئەرکی ئێمە لێرەدا دەبێتە ئەوەی پێداویستی گێڕانەوەی ئەو ناوەندە بۆ دیموکراتی لە ژێر چینە ئەستوورە ئایدۆلۆژیەکان رزگار بکەین، رێگە نەدەین ئەو پێداویستیە بە شارەوەیی بمێنێتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هاوڵاتیان بۆ گێڕانەوەی ناوەند بۆ دیموکراتی، پێویستیان بە تێگەیشتن و ئیقناع کردن هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، لەبەر ئەوەی ئامانجی هاوڵاتیان ئەوەیە لەو بازنەیەی ژیانی تیا بەسەردەبەن ناوەندەکەی دیموکراتی بێت، ئەو پێناسەیەی بۆ خۆشگوزەرانی دەیکەن، لەناو بازنەی دیموکراتیدا مانایەکی هەبێت، بۆیە دیسان جەخت دەکەینەوە سەر ئەو خاڵەی کە هاوڵاتیان پێویستیان بە شرۆڤە و تەفسیری ئێمە نیە بۆ ئەوەی لە باردۆخەکە تێبگەن، یان ئەولەویەتی ئامانجەکانی خۆیان دیاریبکەن، ئەوەی پێویستیان پێیەتی ئەوەیە چۆن هاریکاریان بکەین لە لابردن و تێکشکاندنی ئەو چینە ئەستورانەی ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان لەسەر ئامانجی هاوڵاتیان دروستیکردووە، لابردن و تێکشکاندن بەو مانایە نیە، کە پێویستمان بە رۆڵی حزبە سیاسیەکان نیە، هەرگیز نەخێر، حزبە سیاسیەکان بۆ بنیادی دیموکراسی توخمی سەرەکین، بەڵام لە بازنەی دیموکراسیدا شوێنێکی نەشیاویان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و دەبێت بگێڕێنرێنەوە شوێنی شیاوی خۆیان، کە ئەو شوێنەش ناو چوارچێوەی ئەو بازنەیە کە دیموکراتی بۆ ئەرکی پارتە سیاسیەکان دیاریکردووە.

ئەمە دەمانگێڕێتەوە بۆ مێژوو، مێژووی سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکان، گەرانەوەیە بۆ ئەوەی ئایا پێداویستی دیموکراتی حزبی سیاسیی دروستکرد، یان حزب وەك پێویستیەك دیموکراتی دروستکردووە؟

## دیموکراسی و سەرهەڵدانی حزبی سیاسی گەڕانەوە بۆ مێژوو

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئایا پێداویستی دیموکراتی حزبی سیاسیی دروستکردووە، یان حزبی سیاسیی وەك پێویستیەك دیموکراسی دروستکردووە؟ گەرانەوە نیە بۆ ئەو پرسیارە دەڵێت: مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە؟ لەبەرئەوەی هەموو حزبێکی سیاسیی بۆ دیموکراتی پێویست نیە و هەموو حزبێکی سیاسیش دیموکراتی بە پێویست نازانێت، ئەمەش واتە مەرج نیە هەموو کات حزبی سیاسیی و دیموکراتی پێکەوە لە یەك بازنەدا کۆببنەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە وەك حزبی سیاسیی ئاماژەی پێبکەین، ئەو حزبە سیاسیانەن کە خۆیان بانگەشەی ئەوە دەکەن لە ناو یەك بازنەدا لەگەڵ دیموکراتی پێکەوە هەڵدەکەن، واتە باسی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەین کە پیادەکردنی دیموکراتی نوێنەرایەتی وەك سیستەمێك بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسیی خۆی دەسنیشان دەکات، لەم جۆرە سیستەمەدا حزبی سیاسیی دەبێتە ئەو پێداویستیەی ئەرکی نوێنەرایەتی خەڵك لە ناو سیستەمە سیاسیەکە ئاسان دەکات، دەبێتە فاکتەرێکی ئیجابیش بۆ کاراکردن و هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، کەواتە مێژووی دەوڵەتانی دیموکراتی پێمان دەڵێت، پێش ئەوەی پارتە سیاسیەکانیش دروست ببن، سیستەمێکی سیاسیی هەبووە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی و لە چوارچێوەی سەروەری یاسا و بڕوابوون بە مافی تاك و بڕوابوون بە خاوەنداریەتی تایبەت بڕوابوون بەهەڵبژاردنیش، ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی رێکخستووە، بەڵام ئەم جۆرە سیستەمە نەیتوانیوە وەك سیستمێکی لیبرال دیموکراتی بوونی هەبێت، بەڵام تا ئاستێکیش دیموکراتی و لیبرالیزم بوونی هەبووە، بۆیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دیموکراتی ولیبرالی و خۆ رزگارکردن لە فە سا د ی سیاسیی و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن چەند کەسانێکەوە، بوونی پارتی سیاسیی بۆتە پێداویستیەك بۆ بەرەو پێشەوە چوونی دیموکراتی، هەتا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئێستا لە دیموکراتی لیبرالیدا دەیبینن. ئەمە پێمان دەڵێت پارتە سیاسیەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی دیموکراتی دروستبوون، پێش ئەوەی ئەم پێداویستیە ببێتە پێداویستیەك و هەست بەوە بکرێت پێویستە ئەم پێداویستیە پڕبکرێتەوە، زۆربەی دەوڵەتانی رۆژئاوا بە بیانووی ئەوەی حزبە سیاسیەکان بایەخ بە تاك دەدەن و لە گوتاری نەتەوەیی دووردەکەونەوە، دژایەتی پارتە سیاسیەکانیان دەکرد و بە پێویستیان نەدەزانین، بەڵام پێداویستیەکانی دیموکراتی، بوونی پارتە سیاسیەکانی کرد بە پێویستیەك کە دەبێت و پێویستە بوونی هەبێت، ئەم جۆرە پارتانەی کە دیموکراتی وەك پێویست سەیری کردن، ئەو پارتانە بوون، کە لەگەڵ دامەزراندیان بڕوایان بەم مەرجانەبوو:

**حزبە سیاسیەکانی ئێمە ئومێدی ئەوەیان لێدەکرێت مەرجەکانی کۆمەڵگەی ئازاد قبوڵ بکەن و ببنە هۆکارێک بۆ بونیادی دیموکراتی لە کوردستاندا؟**

١- بڕوابوون بە سەروەری یاسا و یەکسان بوونی هەموان لەبەردەمی یاسا.
٢- بڕوابوون بە مافی تاك و ئازادی رادەبرین و جیاوازی فیکری.
٣- بڕوابوون بە مافی خاوەندارێتی تاك.
٤- بڕوابوون بە ئازادی رۆژنامەگەری و بوونی میدیای ئازاد وەك دەسەڵاتی چوارەم.
٥- بڕوابوون بە پرانسیپی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکیەکان.
٦- بڕوابوون بە ئیرادەی گەل و ملکەچبوون بۆ ئیرادەی گەل.

بەڵام هاوشانی ئەم حزبانە حزبی دیکەش هەبوون، کە بڕوایان بە هیچ کام لەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن نەبووە، بۆیە ئەگەر بانگێشەیان بۆ دیموکراتی و بونیادی دیموکراتیش کردبێت، مانای دیموکراتیان تێکداوە و لەبری دیموکراتی سیستمێکی توتالیتاریان لە ژێر ناوی جیاوازدا پیادەکردووە، لەمبارەوە نموونە زۆرن، (هەموو حزبە کۆمونیست و سۆشیالیستەکانی ئەوروپا_ بێجگە لەو حزبە سۆشیال دیموکراتانەی پابەندبوونی خۆیان بە ژیانی پەرلەمانی دوپاتکردەوە-، هەموو حزبە سیاسیەکانی جیهانی سێهەم بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیەوە) ئەم جۆرە حزبانە نەك بۆ بوونی دیموکراتی پێویست نەبوون، بەڵکو رێگربوون لەبەردەم سەرهەڵدانی دیموکراتی، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئەم جۆرە حزبانە خۆیان ناوەندی بازنەکە بوون و مەرجیان بۆ دیموکراتی داناوە، نەك لە ناو بازنەی دیموکراتیدا مەرجەکانی کۆمەڵگەی ئازادیان قبوڵ کردبێت.

پرسیار ئەوەیە ئایا تا ئێستاش لە کوردستان حزبە سیاسیەکانی ئێمە هاوشێوەی حزبە سیاسیەکانی جیهانی سێیەمن، یان ئومێدی ئەوەیان لێدەکرێت مەرجەکانی کۆمەڵگەی ئازاد قبوڵ بکەن و ببنە هۆکارێك بۆ بونیادی دیموکراتی لە کوردستاندا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە خستنەڕووی ئەو خاڵەوە دەست پێدەکەین، ئایا حزبە سیاسیەکانی ئێمە ئامادەباشیان تێدایە پێناسەی کۆمەڵگەی ئازاد (دیموکراتی )بکەن، وەك ئەوەی لە کوردستانیشدا بوونی هەبێت ؟ یان کۆمەڵگەی ئازاد هەر ئەو مانایەی هەیە کە ئایدۆلۆژیەتێك دەیەوێت پێناسەی بکات و بەخەڵکی بفرۆشێتەوە؟ئەمەیە ئیشکالیەتی سیاسەت و ئەو سیاسەتەی حزبە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی ئێمە پیادەی دەکەن، پرسیار ئەوەیە ئەو کۆمەڵگەیە چ مانایەکی ئازادی تێدایە، سەرکردەیەکی سیاسیی هێندە بە جورئەت بێت بڵێت: (ئایدۆلۆژیای حزبەکەی من یان بزووتنەوە سیاسیەکەی من، واتە بەرژەوەندی گشتی و خێری گشتی، لە وڵاتێکدا سیاسەتمەدار یان سەرکردەیەکی سیاسیی ئەو جورئەتەی هەبێت بەدەنگی بەرز و بەو خیتابە لەگەڵ جەماوەر و میللەتی خۆی قسە بکات، ئایا ماناکانی سەروەری یاسا و یەکسان بوونی هەمووان لەبەردەمی یاسا و مافی تاك و ئازادی رادەبرین و میدیای ئازاد لە چ بیابانێك دەست بەسەر کراوە؟، لەمەش خراپتر، هەندێك لە حزبە سیاسیەکانی دیکە بە ئاشکرا و بێ شەرمکردن دەڵێن، سیاسەتی ئێمە پیادەکردنی بەرنامەی خوایە، سەیری ئەم هاودژیە بکەن، بە خەڵك دەڵێت من بەر نامەی خوا جێبەجێ دەکەم، بەڵام بە یاسای دانراوی مرۆڤ (القانون الوضعی ) مۆڵەتی پارتایەتی و چالاکی سیاسیی وەرگرتووە، باشە پرسیار ئەوەیە چۆن مۆڵەت لە مرۆڤ وەردەگیرێت بۆ ئەوەی بەرنامەی خوا جێبەجێبکرێت،) لایەنێکی ترسناکتر ئەوەیە سیاسەتمەدارەکانی ئێمە مانای سیاسەتیان بە جۆرێك لە خێری گشتی داماڵیووە، کە مانای مەتەڵ و دیوەخانیان پێبەخشیوە، باشە کاتێك سیاسەت لۆژیکی مەتەڵ و دیوەخان وەربگرێت، ئایا جێگەی خۆی نیە بە پرانسیپی چادر و بازار(السوق و الخیمە- ئەو سیاسەتەی کیسنجەر بۆ ساداتی دارڕشت) لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارانە قسە بکرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە پێویستمان بە حکومەتی سێبەر هەیە، ئەگەر پێویستمان پێی هەیە بۆچی نەبۆتە خواستێکی گشتی و میللەت داوای بکات؟ ئایا بوونی حزبە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی ئێمە تەنها بۆ لاسایی کردنەوە و تەرجەمە کردنی هەڵسوکەوتی حزبە سیاسیەکانی رۆژئاوایە، یان کۆپیکردنەوەی ئەزموونی هۆڵەندا و بەریتانیایە، بەڵام چۆن کۆپیکردنەوەیەکیش، کۆپیکردنەوەیەکی سەقەت بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردستان لەبەر چاو گیرابێت، بەبێ ئەوەی دەقە ئەستوورەکانی ئایدۆلۆژیەتمان تێکشکاندبێت و لە نێوان پێکهاتەی توخمە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی ئێمە وەك(باری ئابوری، ئاستی کاری دامەزراوەیی، ئاستی پیادەکردنی سیاسیەت و پیادەکردنی سیاسیەت، ئاستی باری کۆمەڵایەتی و ئەو دابونەریتانەی هەتائێستا تەحەکوم بە کۆمەڵگەی ئێمە دەکەن. . هتد) زنجیرە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی توخمەکان دروست بکەین، ئەم لایەنە پێویستی بەوەهەیە هەندێك لەسەری رابوەستین، هەر بۆنموونە، کە دێینە سەر باری ئابوری کوردستان و دەمانەوێت ئاستی پەرەپێدان دیراسەت بکەین و سنوورێك بۆ دیاردەی گەندەڵی دابنێین، ئایا کام حزب و قەوارەی سیاسیی بەوجۆرە بەرنامەی خۆی دارشتووە، کە خۆی بەشێکە لە پێکهاتەی واقیعی ئابوری کوردستان ویەکێکە لە رایەڵەکانی نێوان ئەو توخمانەی کە باری ئابووری ئێمەی گەیاندۆتە ئەم قۆناخە، بۆیە کاتێك بەم میتۆدە دەکەوینە دەرخستنی ئەو واقیعەی هەیە، وەك میشل فۆکۆ دەڵێت((داوامان لێمەکەن بەیەك شێوە بنووسین و بەردەوامیمان بە هەمان شێوە هەبێت، لێمان گەرێن با ئازاد بین، بەتایبەتی کە مەسەلەکە پەیوەندی بە نووسینەوە هەبێت)) ئەمە مانای یاخیبوون یان هەوڵدان بۆ بونیادی مەعریفەیەکی نوێ نیە، واتە میتۆدێکی بونیادگەرییانە نیە و بمانەوێت مەعریفە بونیاد بنێین، نەخێر ئەمە گەڕان و هەڵکۆڵین و تێکشکاندنی ئەو ئەو چینە ئەستوورانەیە کە رەفتاری بەرپرسی ناو حزبە سیاسیەکان لەسەر ئەرکی راستەقینەی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە دروستیان کردووە، بۆیە کە بەم ئاراستەیە دەکەوینە هەڵکۆڵین و بە قووڵاییدا رۆدەچین و رەفتاری بەرپرسە نابەرپرسەکان لەسەر ئامانجی حزبە سیاسیەکان لادەبەین، دەبینین ئەو حزبانەی هەتا ئێستا بێدەنگ بوون، رەفتاری

زنجیرەی پەیوەندی نێوان حزبەسیاسیەکان و ئابوری، چۆن مانای ئابوری بازاری بێ مانا کردووە

هەموو دەوڵەتانی جیهانی دیموکراتی کاتێك رووداوێکی کودەتا دەبینن، نەک هەر دانی پێدانانێن وەک سیستەمێکی شەرعی و دیموکراتی، بەڵکو داوا لە کودەتاچیەکە دەکەن ناوەندی دەسەڵات چۆڵبکات و ناوەندەکە بداتەوە بە دیموکراتی

بەرپرسەکانی مانای حزبەکانی دیاریکردووە، کەواتە ئێمە بێجگە لە گەڕانەوە بۆ ئۆڕیجن و هەوڵدان بۆ دەرخستنەوەی ئۆڕیجنی پارتە سیاسیەکان شتێکی دیکەمان نەکردووە، با لێرەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا هاوڵاتیان بێجگە لە لابردنی ئەو رەفتاری هەندێك بەرپرس کە رووی حزبەکەی ناشرین کردووە، داوای شتێکی دیکەمان لێدەکەن؟ نەخێر هاوڵاتیان بێجگە لە لابردنی ئەو رەفتارانە شتێکی دیکەیان ناوێت، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە، ئایا ئەمە تەنها لایەنێك یان دوان لێی بەرپرسە و لایەنە سیاسیەکانی دیکە لێی بێ بەرین؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش دیسان پێویستی بەوە نیە ئێمە پەنا بۆ روونکردنەوە و هێنانەوەی بەڵگە و برو بیانوو بەرین و جارێکی دیکە بەڵگە و دیکۆمێنیت وبروبیانووەکان بکەینەوە بە بابەتێکی دیکە و بەدیاریەوە دابنیشن، نەخێر هەموو حزب و قەوارە سیاسیەکان بەشێکن لەو بەڵگە و دیکۆمێنت و بڕوبیانوانەی کە دیانەوێت بتێکی تازەی لێ دروستبکەن، ئەمەیە دەبێت دەستی بخەینە سەر کە رەفتاری حزبە سیاسیەکان (ئەوانەشی خۆیان بە بزووتنەوە یان قەوارەی سیاسیی دادەنێن، کە تازەنین)خۆی لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ ئاستی خراپی ئابوری وگەندەڵی، واتە ئەو زنجیرەیەی ئاستی ئابوری کوردستانی گەیاندۆتە ئەم قۆناخە، رایەڵەی حزبە سیاسیەکان ئەڵقەکانی پێکەوە گرێدەداتەوە، بۆ ئاستی کاری دامەزراوەیی وئاستی هۆشیاری سیاسی و کولتوورو دابونەریتی کۆمەڵگەش، دیسان حزبەسیاسیەکان لە هەر زنجیرەیەکی تایبەت بەولایەنانە دروستدەکرێن، دەبینین رایەڵی پێکەوە بەستنەوەی ئەڵقە پێکەوە گرێدراوەکانن، لێرەدا مەسەلەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستی بەدروستکردنی زنجیرەیەکی تازەتر هەیە، کە جارێکی دیکە زنجیرەکانی دیکە پێکەوە گرێبداتەوە، هەربۆنموونە، رایەڵی دروستکردنی زنجیرەیەك لە نێوان ئابوری و سیاسی، رایەڵی دروستکردنی زنجێرەی نێوان ئابوری و سیاسیی و دامەزراوەیی، رایەڵی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئابووری و سیاسیی و کاری دامەزراوەیی و دابو نەریتی کۆمەڵگە، لەم کۆمەڵە زنجیریەدا، ((زنجیرەی تایبەتی هەریەك لە بوارەکان و زنجیرەی نێوان زنجیرەکان) کە شێوەیەکی تۆڕئاسای چنراو تێکچڕژاو دروست دەکات، دەبینین سەری هەموو زنجیرەکان لە خاڵێکدا بەیەك دەگەن، کە ئەویش ئایدۆلۆژیەتی حزبەکانە، ئەم جەمسەربەندیەی کە ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکان هەموو زنجیرەکان پێکەوە گرێدەداتەوە، بۆتە ناوەند(چەق)ی ئەو بازنەیەی کە کۆمەڵگەی ئێمە لەناو بازنەکەدا خۆی دەبینێتەوە، پرسیار لێرەدا ئایا چۆن ئەم بازنەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟ بێگومان بە گۆڕینی چەقی بازنەکە و وەرگرتنەوەی پرگاڵەکە لە حزبەکان و سپاردنەوەی بە دواییەن ئامانجی گەل کە دیموکراتیە، واتە دەبێت ئەو ناوەندەی دەبێتە جەمسەربەندی هەموو زنجیرەکان و جەمسەربەندی پێکەوە بەستنەوەی زنجیرەی نێوان زنجیرەکان، بدرێتەوە بە دیموکراتی و دیموکراتی رەنگدانەوەی لەسەر هەریەك لەسەر زنجیرەکان هەبێت و زنجیرەی تازە لە نێوان زنجیرە تازەکاندا دروست بکاتەوە. ئەمەیە کاتێك دەکەوێتە چۆنیەتی چارەسەری ئەم کێشەیە یان ناساندنی کێشەکە وەك ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع هەیە، پێویستمان بەوەنیە پاکانە بۆ ئەوە بکەین، کە دەبێت حزبە سیاسیەکان لەو پنتەدا جەمسەر بەندی بکەن و هەر ئەو پنتەش ببێتە چەقی ئەو بازنەیەی چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئێمە دیاریدەکات، هەروەها پێویستمان بەوە نییە، رایەڵی حزبەکان بۆ گرێدانەوەی ئەڵقەی زنجیرەکان شرۆڤە بکەین، واتە بەش بەشی بکەین، هەربۆ نموونە لەسەر ئاستی ئابوری بەو جۆرە پاکانە بۆ کاسپی یان بازرگانی بەرپرسێك بکەین، ئایا جیاوازی چیە ئەگەر ئەو بەرپرسە خاوەنی ئەو کۆمپانیایە بێت یان بازرگانێکی ئاسایی؟سەیرکەن وەڵامی ئەم پرسیارە نالۆژیکیە پێویستی بە تەفسیر و شرۆڤە کردن هەیە، لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتدا پرسیارەکە لۆژیکی نیە و ئەو پرسیارەیە کە بەزۆر و بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێکی زۆر کەم دروستکراوە، بۆیە چەند هەوڵبدەین لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پەنا بۆ شرۆڤە و تەفسیر ببەین و هەوڵبدەین خۆمان بگەیەنینە قەناعەت بەوەی ئەو بەرپرسەش مافی خۆیەتی وەك هەر بازرگانێکی دیکە کاسبی و بازرگانی بکات، دەبینین قەناعەت دروست نابێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو بەڵگە و دیکۆمێنت و بڕوبیانوانەی بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی شەرعیەتی ئەو بازرگانیە بدەین بە بەرپرسەکە، چینێکی گەورە لەسەر شەرعیەتی کاری بازرگانی لە ژێر چەتری سەروەری یاسا دەشارێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا، بۆ ئەوەی کاری بازرگانی شەرعی لە ژێر چەتری یاسا جارێکی دیکە بەدیار بخەینەوە، دەبینین نەك پێویستمان بە شرۆڤە و تەفسیر نیە، بەڵکو پێویستمان بە شکاندنی ئەو چینە ئەستورانەیە کە لەسەر کاری بازرگانی لەژێر چەتری سەروەری یاسا دروست بووە، کەواتە ئەوەی سەرمان لێتێکدات بەو جۆرە لەمانای ئابوری بازار و بازاڕی تێبگەین کە(ئابوری بازار واتە دەوڵەمەند کردنی زیاتری دەوڵەمەندەکان و هەژارکردنی زیاتری هەژارەکان) ئەوە کاریگەری سلبی رەفتاری حزبە سیاسیەکانە لەسەر چەمکی ئابوری بازار، نەك خودی چەمکی ئابوری بازار، ئەمەیە پێمان دەڵێت دەبێت زنجیرەی نێوان زنجیرەکان، ئەو زنجیرەیەی پارتە سیاسیەکان لەگەڵ ئابوری بازار دروستیکردووە، دەبێت وەك خۆی بیخەینە روو، بۆ ئەوەی هاوڵاتی ئەوە بە چاوی خۆی ببینێت کە چۆن زنجیرەی پەیوەندی نێوان حزبەسیاسیەکان و ئابووری، چۆن مانای ئابووری بازاڕی بێ مانا کردووە، ئەوجا لێرەوە چارەسەرەکە بەوە نابێت، حزبێکی سیاسیی دیکە زنجیرەیەکی دیکەی لە نێوان سیاسەت و ئابووری دروستبکاتەوە بانگەشەی ئەوە بکات دەبێت پەنا بۆ شێوازێکی دیکە ببرێت و چەمکەکە لە بنەرەتدا هەڵەیە، ئەمەش واتە واز لە ئابوری بازار بهێنین و پەنا بۆ ئابوری دەوڵەت یان تێکەڵاو ببەینەوە، سەیرکەن لەبەر ئەوەی دیسان جەمسەر بەندی ئەم زنجیرەیەش ئایدۆلۆژیەتی حزبێکی سیاسیی دیکە دروستیدەکاتەوە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی زنجیرەیەکی نوێ دادەمەزرێنێتەوە، دەبینن کەم تازۆر

**چینێك لە کوردستان دروستبووە، بەرژەوەنیەکانیان کەوتۆتە ژێر چەتری حزبەوە بۆیە بەردەوام هەوڵدەدرێت بازنەی سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگە ئەو بازنەیە بێت کەحزب دروستی دەکات، کە ئەم چەترە لەدەستی حزب سەنرایەوە و درایە دەستی یاسا ئیدی ئەو چینەی ئێستا لەژێر چەتری حزبەکاندا بازرگانی دەکەن، دەبێت بگەڕێنەوە ژێر چەتری سەروەری یاسا**

**ئەگەر ناوەند گەڕایەوە بۆ دیموکراتی، ئایا هیچ حزبێکی سیاسیی دەتوانێت لەسەر تەلەفزیۆنەکەیەوە بە ئاشکرا جاڕنامەی گەڕدوونی مافەکانی مرۆڤ بە کوفر و دەستکردی جولەکە دابنێت**

> **حزب هەموو کارەکانی کۆمەڵگە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، حزبەکە بەمافی خۆی دەزانێت ئەرک بۆ زانکۆ، بەمافی خۆی دەزانێت چوارچێوە بۆ مافی مرۆڤ، چوارچێوە بۆ سەربەخۆیی زانکۆ دابنێت**

پەیوەندی بە دیموکراتی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی لیبرالی نیە، بەڵکو بونیادنانەوەی سیستەمێکی دیکەی تۆتالیتاری کە وا خۆی پیشانی جەماوەر دەدات هەڵەی حزبە رکابەرەکەی راستدەکاتەوە، هەروەك چۆن لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کاتێك ژەنەڕاڵێکی سەربازی کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدەدات ناوی لێدەنێت راستکردنەوەی ئاڕاستەی دیموکراتی وەك هەردوو کودەتای (پاکستان و مۆریتانیا) بەڵام پرسیاری سەرەکی و گرنگ ئەوەیە دیموکراتی پێویستی بەوەیە بە کودەتای سەربازی رێڕەوەکەی (ئەگەر لەبنەماکانی دیموکراتیش لایدابێت) بە کودەتا راستبکرێتەوە، کودەتا چیەکان بۆ پاکانە کردن بۆ رەفتارە دژە دیموکراتیەکەیان پەنا بۆ تەفسیر و شرۆڤەی کردەوەکانی خۆیان دەکەن، بۆئەوەی بیکەنە پەردەیەك و ر ە فتا ر ە نادیموکراتیەکەی خۆیانی پێبشارنەوە، واتە کودەتاکەیان دەکەن کۆڵەگەیەك بۆ بونیادی دیموکراتی، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا کودەتا دەبێتە کۆڵەگەی دیموکراتی؟ لە وەڵامدا بێگومان نەخێر، بۆیە هەموو دەوڵەتانی جیهانی دیموکراتی کاتێك رووداوێکی کودەتا دەبینن، نەك هەر دانی پێدانانێن وەك سیستەمێکی شەرعی و دیموکراتی، بەڵکو داوا لە کودەتاچیەکە دەکەن ناوەندی دەسەڵات چۆڵبکات و ناوەندەکە بداتەوە بە دیموکراتی، لەم باسەشدا کەباسی ئەو زنجیرەو رایەڵانەمان هێنایە پێشێ، مەبەستمان ئەوەیە حزبە سیاسیەکان ناوەند یان چەقی ئەو بازنەیەی دەبێت چوارچێوەی سیستەمە ئابووری سیاسیەکە بە

جێبهێڵنەوە بۆ دیموکراتی و بزانن دیموکراتی و تایبەتمەندی وڵاتیئێمە بۆ بونیادی دیموکراتی چ ئەرکێك بە پارتە سیاسیەکان دەسپێرێتەوە، نەك حزبە سیاسیەکان ئەرکی دیموکراتی دیاریبکەن، کە ئەم حاڵەتە هاتە پێشەوە و پێداویستیەکان وەك خۆیان دەرکەوتنەوەو رێگەمان نەدا ئەم پێداویستیانە جارێکی دیکە بەبەڵگە و دیکۆمێنتی ئایدۆلۆژیای حزبە سیاسیەکان بشارێتەوە، ئەوا حزبێکی سیاسیی یان قەوارەیەکی سیاسیی زاتی ئەوە ناکات بە ئاشکرا لەسەر تەلەفزیۆنەوە بانگەشە بۆ ئەوە بکات و داوا لە میللەتی خۆی بکات دەنگم پێبدەن، لەبەر ئەوەی بەرنامەی من واو وایەو. . . هتد یان حزبێکی ئیسلامی بانگەشەی ئەوە بکات ئامانجی من بنبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازیە، بەڵام بنەمای لیبرال دیموکراتی و جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت بە کوفر لەقەڵەم دەدات، کاری دامەزراوەیی و سیستەم و سەروەری یاسا و پاراستنی مافی تاك بە کوفر لەقەڵەم دەدات، بۆیە وەرگرتنەوەی ناوەند یان جەمسەربەندی نێوان زنجیرەکان و زنجیرەی نێوان زنجیرەکان لە حزبەکان و سپاردنەوەی بەدیموکراتی، وەرچەرخانێك دروستدەکات، کە دەرکەوتنی هاوکێشەیەکی نوێ پیشانی هەموومان دەدات، ئەم هاوکێشەیە کەس دروستی نەکردووە، توخمەکانی لەدەرەوە نەهێنراون، مەتەڵی تیانیە، ئاراستەی یەکتری بکەین، بەڵکو توخمەکانی ئەم هاوکێشەیە هەن، بەڵام لەبری ئەوەی رایەڵی نێوان ئەلقەکانی ئەم توخمانە و پێکەوە بەستنەوەی لە هاوکێشەیەکدا رایەڵی ئایدۆلۆژی حزبەکان بێت، گۆڕیومانە بۆ رایەڵی پێداویستیەکانی دیموکراتی. ئەوجا ئەم هاوکێشە پێکەوە کە لە بازنەیەکدا هەموو توخمەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ناوەندی بازنەکە کاری توخمەکان دیاری دەکات، لەم هاوکێشە تازەیە ناوەند دیموکراتیە، بۆیە ئەرکی حزبە سیاسیەکان راپەراندنی ئەرکەکانی دیموکراتی و خزمەتکردنی دیموکراتیە. کە پێشتر بە پێچەوانەوە بووە،



هەر بۆنموونە:
١- ئەگەر ناوەندەکە درایەوە بە دیموکراتی، ئایا هیچ حزبێکی سیاسیی دەتوانێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکاتە پاشکۆی خۆی؟لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر، لەبەر ئەوەی ئەو ناوەندەی ئەرك بۆ حزبەکان دیاریدەکات بەهەمان شێوە ئەرکیش بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیاریدەکات.
٢-ئەگەر ناوەند درایەوە بە دیموکراتی، ئایا هیچ حزبێکی سیاسیی دەتوانێت بەپێی مەزاجی ئایدۆلۆژی خۆیی پێناسەی ئابووری بازار و بازاری ئازاد بکات؟ وەڵامی ئەمەشیان دیسان هەر نەخێرە، لەبەر ئەوەی دیموکراتی ئابووری بازاڕ و بازاڕی ئازاد نەك هەر لە حزبە سیاسیەکان وەردەگرێتەوە و بەڵکو ڕێگە نادات حکومەتیش دەستێوەردانی تێدابکات، دەیسپێرێتەوە بەسەروەری یاسا، ئەمە قۆناخێکی تازە دروستدەکات، ئەویش قۆناخی دەرکەوتنی چینی ناوەندە(بەزمانی مارکس وردە بۆرژوازی) مارکس ئەم چینەی بە ترسنۆك لە قەڵەمداوە بەوەی ناتوانێت قوربانی بە دەستکەوتەکانی خۆی بدات، بەڵام لەوەدا هەڵەی کردووە کە ترسانەکە بە ترساندن لە بۆرژوازی گەوەرە دادەنێت، لەبەر ئەوەی لەبنەرەتدا ئەم چینە لە یاسا سڵدەکاتەوە(مارکس گووتەنی دەترسێت) بەڵام ترسان لەیاسا و ملکەچبوون بۆ یاسا، ئەم چینە گرنگە کە بەرژەوەندیەکانی کەوتە ژێر چەتری یاسا و یاسا بەرژەوەندیەکانی بۆ ڕێکخست، واتە بیرۆکراسیەتێکی ئیجابی دەرکەوت، رایەڵەی نێوان سەرمایەدار و دەستی کار بەیاسا ڕێکخرا، لەهەموو ئەو وڵاتانەی سەروەری یاسا ناچەسپێت، هۆکاری ئەوەیە چینێك دروست نەبووە بەرژەوەندیەکانی بکەوێتە ژێر چەتری یاسا و ترسی ئەوەی هەبێت لەژێر چەتری یاسا بێتە دەرەوە بەرژەوەندیەکانی زیانی پێبگات، ئێستا بەداخەوە چینێك لە کوردستان دروستبووە، بەرژەوەنیەکانیان کەوتۆتە ژێر چەتری حزبەوە بۆیە بەردەوام هەوڵدەدرێت بازنەی سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگە ئەو بازنەیە بێت کەحزب دروستی دەکات، کە ئەم چەترە لەدەستی حزب سەنرایەوە و درایە دەستی یاسا ئیدی ئەو چینەی ئێستا لەژێر چەتری حزبەکاندا بازرگانی دەکەن، دەبێت بگەڕێنەوە ژێر چەتری سەروەری یاسا، بۆئەوەی بەرژەوەندیەکانیان نەکەوێتە مەترسیەوە، ناوێرن لە ژێر چەتری یاسا بێنە دەرەوە، ئەمەیە پێمان دەڵێت سەروەری یاسا بە بڕیار و یاسا دروست نابێت، بەڵکو بە گێڕانەوەی ناوەند بۆ دیموکراتی دروستدەبێت.
٣- ئەگەر ناوەند گەڕایەوە بۆ دیموکراتی، ئایا هیچ حزبێکی سیاسیی دەتوانێت لەسەر تەلەفزیۆنەکەیەوە بە ئاشکرا جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بە کوفر و دەستکردی جولەکە دابنێت، ئایا هیچ حزبێکی سیاسیی دەتوانێت بانگێشە بۆ پیاو سالاری و کۆیلەیەتی ئافرەت بکات، ئایا هیچ حزبێکی سیاسیی دەتوانێت زانکۆکانی کوردستان بە سەرچاوەی فەسادی ئەخلاقی پیشانی کۆمەڵگە بدات، ئەمانە هیچی ناتوانن، لەبەر ئەوەی ئێستا کە دەیکەن هۆکارەکەی ئەوەیە حزب هەموو کارەکانی کۆمەڵگە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، حزبەکە بەمافی خۆی دەزانێت ئەرك بۆ زانکۆ، بەمافی خۆی دەزانێت چوارچێوە بۆ مافی مرۆڤ، چوارچێوە بۆ سەربەخۆیی زانکۆ دابنێت، بەڵام کە ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە کرایەوە و ڕۆڵی ناوەند لە حزب وەرگیرایەوە، ئەوا حزبە تەنها توخمێکی نێو هاوکێشەی دیموکراتیەکە دەبێت و ئەرکی دیاریکراوی خۆی دەزانێت و تێکەڵاوی ئەو ئەرکانەی دیکە نابێت کە سیستەمە دیموکراتیەکە دایڕشتووە، بۆیە ئەگەر پەلبهاوێت بۆئەوەی خۆی تێکەڵاوی ئەرکەکانی دیکە بکات، ئەوا خۆی ڕووبەڕووی یاسا دەکاتەوەو لەبەر ئەوەی یاسا ئەرکەکانی دیکەی دیاریکردووە.
٤- ئەگەر ناوەندەکە سپێردرایەوە بە دیموکراتی، کاتێك حزب ناچار دەبێت ببێتە بەشێك لە بازنەی دیموکراتی، ئیدی میدیای حزبەکان ناتوانن خەڵك بگەینە قەناعەت کە ئاستەنگ دروستکردن بۆ دیموکراتی پێویستە، بۆیە حزبەکان نەك لەبەر ئەوەی دیموکراتی پێویستی بەوەیە میدیای حزب نەمێنێت، دەستبەرداری میدیا حزبیەکانی خۆیان دەبن، نەخێر لەبەر ئەوەی میدیا حزبیەکان چیدیکە ناتوانن ئەو سوودەی ئێستا بە حزبەکانی دەگەیەنن ئەوکات بە حزبەکانی بگەیەنن، بۆیە وەك کۆمپانیایەك کە کاڵاکانی لە بازاڕدا نەفرۆشرێت، خاوەنەکەی پەنا بۆ داخستنی دەبات، بەهەمان شێوە حزبەکانیش پەنا بۆ داخستنی میدیاکانیان دەبەن، هەروەها ناشیانەوێت میدیای حزبەکان هۆکارێك بێت بۆ چەسپاندنی کەڵچەری دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا، هەربۆنموونە حزبە ئیسلامیە سیاسیەکانی کوردستان چ پێویستیان بە ڕۆژنامە و کەناڵی ئاسمانی و رادیۆ هەیە، ئەگەر ڕێگە لەوە گیرا نابێت ئایین تێکەڵاوی سیاسیەت بکرێت، ئایا حزبە ئیسلامیەکان دێن ئەو هەموو پارەیە لەملاولەلا پەیدا دەکەن و ڕێنمایی باش پێشکەشی خەڵکی خۆیان دەکەن، یان مەبەستی سەرەکی ئەوان لەو میدیایانە ئەوەیە بە خەڵك بڵێن عەلمانیەت و یاسا دانراوەکانی دەستی مرۆڤ کوفرن، دەبێت بگۆڕدرێن بۆ ئیسلامی سیاسیی و پیادەکردنی شەریعەت. کە میدیا بووە پێویستی خەڵك ئیدی حکومەت ناتوانێت شتەکان لە خەڵك بشارێتەوە و شەفافیەت دروست دەبێت.

> **کە میدیا بووە پێویستی خەڵک ئیدی حکومەت ناتوانێت شتەکان لە خەڵک بشارێتەوە و شەفافیەت دروست دەبێت**

ئەم باسە لەگەڵ ئەوەی چەند لەسەری رابوەستین و چەند زیاتر بە قوڵاییدا رۆبچین، دەبینین ئەو چینە ئەستوورانەی ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان لەسەر ئەرکەکانی دیموکراتی دروستی کردوون، سەرلەنوێ ئەرکەکان دەردەکەونەوە، بۆیە ئامانجی ئێمەش لەم باسە دەرخستنەوەی ئەو ئەرکانە بوو، کە پێویستە حزبەکان بۆ پەرەپێدانی دیموکراتی جێبەجێی بکەن، ئەمەش رۆڵێکی یەکجار گرنگ بە حزبە سیاسیەکان دەبەخشێتەوە و پێگەیەکی شایستەیان لە بازنەی دیموکراسیدا بۆ دروستدەکاتەوە، کە هەر دیارترینی ئەرکی حزبەکان ڕێگرتن دەبێت لە گەندەڵی سیاسیی نێو سیستەمە سیاسیەکە، ئینجا گەندەڵی نێو سیستەمە ئابوریەکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە حزب چارەسەرکردنی هەردوو شێوازی گەندەڵیەکە ڕووبەڕووی یاسا دەکاتەوە، ئەگەر هەوڵێکیشی هەبێت بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر قەڵاچۆکردنی ئەو گەندەڵیە، هەوڵەکەی بۆ دەرخستنی شکۆی سەروەری یاسا دەبێت لە وڵاتدا، نەك پیشاندانی شکۆی ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی خۆی لە کۆمەڵگەدا.



**پرۆفیسۆر چیرس جۆهانس سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی کۆرنێل و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر رۆڵی پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر نەبوونی دادپەروەری لە دیموکراتیەتی نوێنەرایەتیدا، بۆ تاوتوێکردنی ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی دیموکراتی پرۆفیسۆر جۆهانس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

### چیرس جۆهانسن پسپۆر لە حوکمڕانی بۆ (گوڵان):

# متمانەی کوێرانە کێشەی گەورەی خوڵقاند
# دەبێت پارتە سیاسییەکان بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن

**پارتە سیاسییەکان تا ئەو رادەیەی مومکینە بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، هەوڵبدەن دڵسۆزانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵک بکەن، واتە دەبێت متمانە دەستکەوتێک بێت پارتە سیاسییەکان بەدەستی بهێنن**

*** کە باسی دیموکراتی دەکەین، پارتە سیاسییەکان ئەو توخمە سەرەکیانەن کە ناتوانین دەستبەرداری بین، بەڵام بەردەوامیش رەخنەیان لێدەگرین، ئایا پێداویستی پارتە سیاسیەکان لە دیموکراتیدا چییە؟**

- پارتە سیاسیەکان دەتوانن خەڵك لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکتر و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە هاوبەشەکانیان رابهێنن، پارتە سیاسیەکان ئامرازگەلێکی زۆر باشن بۆ پرۆسەی بریاردانی جەماعی، هەروەها پارتە سیاسیەکان دەتوانن رۆڵی بەرچاوروونکردنەوە و پەروەردەکردنی دەنگدەران ببینن، لە رێی خستنەڕووی کێشە و پرس و مەسەلەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە بۆ ئەوەی بەرنامەی پێویستیان بۆ دابنرێت، لە رێی دەستنیشانکردنی کێشەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانە.

*** تۆ باسی بریاری جەماعیت کرد کە پارتە سیاسییەکان رۆڵی کاریگەری تێدادەگێرن، بەڵام ئایا لەهەمانکاتدا هۆکارێکیش نین بۆ جۆرێك لە بێ متمانەیی؟**

- لە راستیدا مەسەلەی متمانە شمشێرێکی دوو دەمە، چونکە لە لایەکەوە دەبێت متمانە بە پارتە سیاسییەکان بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت متمانەیەکی زۆریان پێبکرێت بە چەشنێك دەستیان واڵا بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك کە بیانەوێت بیکەن، ئێمە دەتوانین لەم رووەوە بۆ ئەزموونی وڵاتانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا بگەڕێینەوە، کە سەرەڕای ئەوەی پێویست بەوەبوو متمانە بە سیستمە سیاسییەکە، بە پارتە سیاسییەکان و بە سەرکردەکان بکرێت، بەڵام متمانەی کوێرانە کێشەی گەورەی خوڵقاند، کەواتە ئەوەی دەبێت پارتە سیاسییەکان پێی هەڵبستن ئەوەیە تا ئەو رادەیەی مومکینە بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، هەوڵبدەن دڵسۆزانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵك بکەن، واتە دەبێت متمانە دەستەکەوتێك بێت پارتە سیاسییەکان بەدەستی بهێنن، دەبێت شایستەیی خۆیان بسەلمێنن لە بەدەستهێنانیدا و لێرەشدا کات رۆڵی خۆی دەبینێت و تاوەکو زیاتر خەڵك چاودێری کاری پارتەکان بکات، ئەوا زیاتر دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان ئەوانەی شایستەی پێدانی متمانەن، لەگەڵ ئەوانەی شایستە نین.

*** لە هەڵبژاردنەکاندا شکست و سەرکەوتن هەیە، کێشە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەوەیە لە کاتی دۆڕان و شکستدا پارتە سیاسییەکان نیگەرانی ئەوەن جارێکی دیکە ناتوانن متمانەی هاوڵاتییان بەدەست بهێننەوە، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- بۆ ئەوەی پارتە سیاسیەکان سەرکەوتو بن و بەردەوامبن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا، بە تایبەتی دوای ئەوەی دەکەونە دەرەوەی دەسەڵات ئەوەیە سەرچاوەی پێویستیان هەبێت، کێشەکە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەوەیە ئەم سەرچاوەیە لە لایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرێت و ئەگەر لایەنێك نەبێت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەوا زەحمەتە بتوانێت ئەم سەرچاوەیە بەدەستبهێنێت بۆ بیناکردنی تواناکانی پارتە سیاسیەکەت، کەواتە کێشەکە ئەوەیە چۆن سەرچاوەی ماددی پێویست بۆ پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات دابین بکرێت، لە کاتێکدا بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەوڵەت لە لایەن لایەنە حکومڕانەکانەوە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پارتی حکومڕان و پەراوێزکردنی پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بە تایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا.

*** ئایا گەندەڵی هۆکارێك نییە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی مادی بۆ حزبە سیاسیەکان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی لە سیاسەت دوانەکەون؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین گەندەڵی چییە، بۆ نموونە ئایا پێدانی هەندێ دەستکەوت بە لایەنگران و پشتیوانانی پارتێکی دیاری کراو، گەندەڵییە، من تەواو دڵنیانیم، چونکە تا رۆژگارێکی دیاری کراو لە ئەمەریکا کە رۆژگارێکی زۆر دوور نییە لە ئێستا، لە ویلایەتەکانی وەك بۆستن، شیکاغۆ پتر دەرفەتی کارکردن و دامەزراندن دەدران بە پشتیوانانی لایەنە سیاسییەکان، بە تایبەتی کە ئیدارەی ئەو ویلایەتانە

بەدەست پارتە سیاسییەکانەوەبوو، کەسانێکی کەم ئەمەیان بە گەندەڵی دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە لایەنی خراپی خۆی هەیە، چونکە قۆرغکاری ململانێ ناهێڵێت، لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێت دەرفەتی بەدەستهێنانی دەسەڵات بە موعارەزەش بدرێت، هەروەها گەندەڵی مەسەلەیەکی سەیرە، چونکە هەندێ جار کارێك دەکەین لە رواڵەتدا گەندەڵییە، بەڵام لە راستیدا گەندەڵیش نییە، هەروەها مەرج نییە پێدانی هەندێ دەستکەوت بەو کەسانەی هەڵیان بژاردویت گەندەڵی بێت.

*** بەڵام زۆربەی چاودێران پێیان وایە هۆکاری پەنابردنەبەر گەندەڵی سیاسی و ئیداری لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە درێژەدانە بە مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

- کاری پارتە سیاسییەکان ئەوەیە بگەنە دەسەڵات بۆ ئەوەی بتوانن سیاسەت و بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت دەزگاگەلێکی سەربەخۆ هەبن کە چاودێری بکەن و لە بانگەشەکانی بوونی گەندەڵی بکۆڵنەوە، وەك بوونی دادگا سەربەخۆکان، بوونی راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ، بە پێچەوانەوە پارتەکانن هەموو هۆکارێك دەگرنەبەر بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا.

*** لایەنێکی دیکەی پارتە سیاسییەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، بوونی ئەندامی زۆری حزبەکانە، ئایا تاچەند ئەم زۆری ئەندامانە دەبێت بەبار بەسەر حزبەکەوە؟**

- هۆکاری بوون بەئەندام بەرێژەیەکی زۆر لە حزبەکاندا ئەوەیە هاوڵاتیان دەیانەوێت لە پرۆسە سیاسییەکە نزیك ببنەوە بەشداری بکەن، ئەمەش لە رێی پارتە سیاسییەکانەوە ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەگەر بوونە ئەندام لە پارتە سیاسییەکاندا تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت بێت ئەوا کارێکی دیموکراتیانە نییە، هەر لەبەر ئەمەش پێویستمان بە بوونی ململانێ هەیە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا لەسەر دەسەڵات، چونکە بێ بوونی ئەم ململانێیە ناتوانین بانگەشەی بوونی دیموکراسی بکەین.

*** کێشەیەکی مەترسیداری دیکە ئەوەیە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بریتیە لە بەسیاسیکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، واتە ئەم رێکخراوانە بونەتە پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- رەنگە لێرەدا باشترە بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا کە پارتە سیاسییەکان لەو رێکخراوانە سەرچاوەیان گرت کە ئێستا پێیان دەوترێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوەیان گرت، کە لەو کاتەدا یەکێتیەکانی کار و یەکێتیە بازرگانییەکان کاریان بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ئەو چین و توێژانە دەکرد کە نوێنەرایەتیان دەکرد، لەبەر ئەوە رەنگە لێکنزیکیەك هەبێت لە نێوان پارتە سیاسیەکان و ئەو رێکخراوانەی لێیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کێشەکە ئەوەیە زۆرجار لە بیرمان دەچێت کە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە وڵاتانی ئەوروپادا چەند سەد ساڵێکی خایاندووە و ناکرێت لە ماوەی شەو و رۆژێکدا لە وڵاتانی دیکەدا دووبارە بکرێتەوە، کەواتە مەسەلەکە دەوەستێتەسەر ئەوەی تا چ رادەیەك ئێوە پشوودرێژن لەم رووەوە.

*** ئەی سەبارەت بە رۆڵی میدیای ئازاد، ئایا تاچەند میدیای ئازاد ئەرکەکانی دیموکراتی ئاسان دەکات؟**

- لە راستیدا بوونی ئەو راگەیاندن و رۆژنامانەی نوێنەرایەتی تێڕوانینی سیاسی پارتێکی دیاری کراو دەکەن خۆی لە خۆیدا کێشە نییە، ئەگەر هاتوو ئەمانە تاکە هۆکاری راگەیاندن نەبوون و لە پاڵیاندا دەزگاگەلێکی دیکە هەبوون کە بیروبۆچونی جیاوازیان بڵاودەکردەوە، کەواتە لێرەدا دووبارە جەخت لەسەر گرنگی بوونی ململانێ دەکەمەوە، بۆ نموونە بڕواننە روسیا لەبەر ئەوەی ململانێیەکی راستەقینە نییە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەوا دیموکراسی لەو وڵاتەدا سەرکەوتونییە.

**کاری پارتە سیاسیەکان ئەوەیە بگەنە دەسەڵات بۆ ئەوەی بتوانن سیاسەت و بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت دەزگاگەلێکی سەربەخۆ هەبن کە چاودێری بکەن و لە بانگەشەکانی بوونی گەندەڵی بکۆڵنەوە**





پرۆفیسۆر کریستۆفەر جامیس پور ئوستادی سیسیۆلۆژیە لە زانکۆی هۆڵی نەیمس یونیڤێرستی،پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بەرپرسیاریەتی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، سەبارەت بە رۆڵ و ئەرکی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە پرۆفیسۆر پور بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.

### کریستۆفەر جامیس پور پسپۆر لەسەر پرسی پارتە سیاسیەکان بۆ گوڵان:

# ئەو سیاسەتمەدارانەی پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بە باشتر دەزانن لەوەی پابەندبن بە بنەما و سیاسەتەکانی پارتەکەیانەوە

*** کێشـەی پارتـە سیاسـییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێدا نەبوونی کەلتوری دیموکراسـییە، واتە دەبێت سـەرەتا ئەم پارتە سیاسـییانە دیموکراسی لە ژیانی ناوخـۆی خۆیاندا پیادە بکەن بۆ ئەوەی دواتـر متمانەیان هەبێت لە نێو خەڵکدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پارتە سیاسییەکان دەبنە پارتگەلێکی دیموکراسی لە ژیانی ناوخۆی خۆیاندا؟**

- دەبێـت لە لایـەن ئەندامانـی پارتە سیاسـییەکەوە فشـار بکرێـت بۆ بە دیموکراتیکردنی پارتە سیاسییەکە، لەبەر ئەوەی کاتێك باسـی پارتە سیاسییەکان دەکەیـن ئەوا بـاس لـە ئەندامبوونی خۆبەخشانە دەکەین لە ڕێکخراوێکدا، بەو پێیەی ئەندامانی پارتە سیاسییەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پەیوەندیان کردووە و دەسـەڵاتیان هەیە لە ناو ئەو پارتەدا، ئـەوا دەتوانن فشـار دروسـتبکەن بۆ گۆڕینی سروشت و سیاسەتی ئەو پارتە، کەواتە ئەندامەکان لە چوارچێوەی پارتە سیاسیەکەدا هەوڵی چەسپاندنی بونیاد و کەلتوری دیموکراسی دەدەن، کەواتە دەبێت هەوڵەکان لە خوارەوە بدرێن و هەر ئەمەش بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکـی مەدەنـی دیموکراتی و پارتە سیاسـیە دیموکراتیـەکان. بە دڵنیاییەوە سەرکردەکانیش دەتوانن لە ڕێی سـەرکردایەتیکردنیان بە ئاڕاستەیەکی دیاری کراودا پارتـەکان بە ئاقاری بە دیموکراتیبوندا ببەن، بەڵام من پێم وایە لە کۆتاییدا مەسـەلەکە دەوەستێتەسەر داواکاری و فشاری ئەندامەکان.

*** بە شـێوەیەکی گشتی کێشەی پارتە سیاسـیەکان نەبوونـی متمانەیە لە نێو خەڵکدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێدا، چۆن دەکرێت ئەم متمانەیە بنیات بنرێت؟**

- پێویسـتە پارتە سیاسـییەکان بتوانن ئـەو قەناعەتە لە ناو خەڵکدا دروسـت بکـەن کـە سیاسـەتەکانیان خزمەت بـە بەرژەوەندییەکانی ئـەوان دەکات، هەروەها ئەوان دەتوانن بە باشـترین شێوە نوێنەرایەتی خواست و ویستەکانی ئەوان بکەن، لێرەدا من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە دەبێت پارتە سیاسییەکان پەرە بە بونیادی خۆیان بدەن بە چەشنێك پتـر بونیادێکی دیموکراتـی بێت، بۆ نموونە دەبێت لە ناوخۆدا پەیڕەو لە بنەما و بەهاکانی دیموکراتی بکەن، کە یەکێك لە ڕێگاکان ئەوەیـە ئەندامانی پارتەکە بەشـداری بکەن لە دەستنیشـانکردن و هەڵبژاردنـی پاڵێوراوەکانی پارتەکە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

*** کێشـەیەکی مەترسـیداری دیکـە بوونـی گەندەڵییە، یان تێوەگلانی پارتە سیاسییەکانە لە گەندەڵییەوە، کە ڕەنگە ببێتەهۆی ڕەشـبینی خەڵـك و چیتر بوونی پارتە سیاسـییەکان بە پێویسـت نەزانن، چۆن دەکرێت پارتە سیاسییەکان خۆیان لەم حاڵەتە بە دوربگرن؟**

- بوونی گەندەڵی لە پارتە سیاسیەکاندا لە تێکڕای وڵاتاندا ڕوودەدات، لە وڵاتە گەشـەکردو و تازەگەشەکردووەکاندا، لە وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکاندا، هەروەها گەندەڵی شـێوەی جیـاواز وەردەگرێت هەر لـە وەرگرتنـی پارەوە لـە لایەن سیاسیەکانەوە، وەك ئەوەی لە ئیسرائیل ڕوویداوە، بۆ بەخشین و پێدانی پۆست و پلە حکومییەکان بە دۆست و هاوڕێ و کەسە نزیکەکان.

*** زۆربەی چاودێران پێیان وایە هۆکاری پەنابردنەبەر گەندەڵی سیاسی و ئیداری لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە درێژەدانە بە مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی پارتە سیاسـییەکان پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبەن؟**

- ڕەنگە هەندێ لە سیاسـەتمەدارەکان مانەوەیان لە دەسـەڵاتدا بە باشتر بزانن لەوەی پابەندبن بە بنەما و سیاسەتەکانی پارتەکەیانـەوە، لێرەدا ڕۆڵی ئەندامان و ئەو کەسانەی ناو پارتەکە سەرهەڵدەدات کە فشار لەسەر سەرکردایەتی دەکەن بۆ ئەوەی لە ئاسـت بەرپرسیارێتیەکانیاندا بـن و بنەماکانی پارتەکـە فەرامۆش نەکەن، لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەمە لە ڕووی دەرکردنی هەندێ یاسا و ڕێسای

دەبێت لە لایەن ئەندامانی پارتە سیاسییەکەوە فشار بکرێت بۆ بە دیموکراتیکردنی پارتە سیاسییەکە، بەو پێیەی ئەندامانی پارتە سیاسییەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پەیوەندیان کردووە و دەسەڵاتیان هەیە لە ناو ئەو پارتەدا، ئەوا دەتوانن فشار دروستبکەن بۆ گۆڕینی سروشت و سیاسەتی ئەو پارتە

دیاریکراوەوە چارەسەربکرێت، بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا ئەو یاسایە لە ئارادایە کە دەبێت پارتە سیاسییەکان پارتگەلێکی دیموکراتی بن.

*** لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا ئەو کەسانەی ئەندامن لە پارتە سیاسییەکاندا ڕێژەی ٣٪ی دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دەگاتە ٦٠٪، ئایا ئەم تا چ ڕادەیەك مەترسیدارە بۆ سەر دیموکراسی؟**

- من دەزانم ئێوە ئاماژە بەو حاڵەتە دەکەن کە تێیدا تەنها ئەندامانی پارتی حکومڕان دەتوانن هەلی کار و دامەزراندن لە دامەزراوەکانی حکومەتدا بەدەست بهێنن، کە بارودۆخەکە لە سەردەمی حزبی بەعسدا بەمشێوەیە بوو. من پێم وایە ئەمە بە پێی گۆڕانی سیستمی حزبایەتی و کەلتوری سیاسیی هەر ناوچەیەك دەگۆڕێت و ناکرێت هێزێکی دەرەکی بێت و لە دەرەوە کەلتوری دیموکراسی بەسەر وڵاتێکی دیاری کراودا بسەپێنێت، دەبێت ئەم کارە لە لایەن خودی هاوڵاتیان و خەڵکی وڵاتەکە خۆیەوە ئەنجام بدرێت.

*** کێشەیەکی مەترسیداری دیکە ئەوەیە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بریتییە لە بەسیاسیکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، واتە ئەم ڕێکخراوانە بونەتە پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ بن و لە ژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکاندا نەبن، لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەم ڕێکخراوانە، لە پاڵ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئازاددا چاودێریکردنی ئەدای حکومەتە و ڕووبەڕووکردنەوەی حکومەتە بە بەرپرسیارێتییەکانی خۆی، کە ئەمەش پێویستی بە سەربەخۆبوون هەیە، من پێم وایە ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە توانیان لە ژێر هەژمونی پارتە سیاسییەکان دەربچن و ئەو ئەرکە ئەدا بکەن کە ئاماژەم پێکرد ئەوا دەتوانن بەشداربن لە پەرەپێدانی کەلتوری دیموکراتیدا.

*** یەکێك لە کارەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد چاودێریکردنی دەسەڵاتە، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەر بە پارتە سیاسیەکانن، ئایا لە حاڵەتی نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاددا ئایندەی دیموکراسی چی دەبێت؟**

- ڕاگەیاندنی ئازاد خزمەت بە گەشەکردنی دیموکراسی دەکات، لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەنتەرنێت زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ببێتە بەدیل و ببێتە هۆکارێکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ڕۆڵی پێگەیەك ببینێت بۆ دەربڕینی بیروبۆچونە جیاوازەکان و بۆ ڕەخنەگرتن لە حکومەت، بە چەشنێك بتوانێت سەربەخۆی خۆی بپارێزێت و ئازادانە کاربکات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من پیرۆزبایی لە بووێری و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان دەکەم کە توانیویانە ببنە نمونەیەکی زۆر باش هەم بۆ عێراق و هەم بۆ تێکڕای ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی.



**ڕەنگە هەندێ لە سیاسەتمەدارەکان مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بە باشتر بزانن لەوەی پابەندبن بە بنەما و سیاسەتەکانی پارتەکەیانەوە، لێرەدا ڕۆڵی ئەندامان و ئەو کەسانەی ناو پارتەکە سەرهەڵدەدات کە فشار لەسەر سەرکردایەتی دەکەن بۆ ئەوەی لە ئاست بەرپرسیارێتیەکانیاندا بن و بنەماکانی پارتەکە فەرامۆش نەکەن**



پرۆفیسۆر کارینا هندرۆسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی لیسیستر لە بەریتانیا و پسپۆرو تایبەتمەندە پارتە سیاسییەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات و روسیا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەبارەت بە رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە قۆناخی دەسپێکی دیموکراتی و گواستنەوە، ختوو کارینا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

کارینا هندرسۆن لە زانکۆی لیسیستر بۆ گوڵان:

# ئەگەر پارتە سیاسییەکان دەسەڵاتیش لەدەست بدەن نابێت زانیاری ناڕاست لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەکاربهێنن بۆئەوەی دووبارە دەسەڵات بگرنەوەدەست

یەکێک لە مەسەلە گرنگەکان بۆ چەسپاندنی سەقامگیری سیستمە سیاسییەکە ئەوەیە دەرفەت بدرێت بە پارتە موعارەزەکان بۆ ئەوەی پێشنیاری بنیاتنەرانە بکەن و دەبێت پارتی حکومڕان خواست و پێشنیارەکانیان لەبەرچاوبگرێت

*** هەندێك لە پسپۆڕانی سیاسەت حزبی سیاسی هەم بە فاکتەرێکی بەهێز بۆ سیستمە دیموکرتیەکە لە قەڵەمدەدن هەم بە فاکتەرێکی لاواز،ئایا لە چ حاڵەتێکدا پارتە سیاسییەکان دەبنە فاکتەری بەهێزکردنی سیستمە دیموکراتیەکە؟**

- دەبێت پارتە سیاسییەکان کار بە بنەمای ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەن، دەبێت ڕێز لە یەکتر بگرن و بە شێوازیکی دیموکراسیانە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەو کاتە دەتوانن مۆدیلێکی دیموکراسی بخەنەڕوو، بە پێچەوانەوە ئەگەر پارتە سیاسییەکن بەم شێوەیە ڕەفتار نەکەن ئەوا کەلتورە سیاسییە دیموکراتیەکە لاواز دەبێت.

*** تۆ باسی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتت کرد، بەڵام دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەرەنجامی سندوقەکانی دەنگدانە، ئایا ئەگەر پارتە سیاسییەکان بە ئاکامی هەڵبژاردن قایل نەبوون، لەم حاڵەتە کێشەکە چۆن دەبێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە ئەگەر دۆڕان و شکستی پارتە سیاسییەکان لە سیاقێکدا بوون کە دەسەڵات بە شێوەیەکی گونجاو کۆنترۆڵ نەکرابوو، یاخود میکانیزمە دیموکراسییەکانی چاودێریکردن و لێپرسینەوەی دەسەڵات جێگیرنەکرابوون، چونکە یەکێك لە مەسەلە گرنگەکان بۆ چەسپاندنی سەقامگیری سیستمە سیاسییەکە ئەوەیە دەرفەت بدرێت بە پارتە موعارەزەکان بۆ ئەوەی پێشنیاری بنیاتنەرانە بکەن و دەبێت پارتی حکومڕان خواست و پێشنیارەکانیان لەبەرچاوبگرێت. کەواتە مەرج نیە دۆڕان و شکست لە هەڵبژاردنەکاندا ببێتەهۆی لەدەستدانی متمانەی خەڵك بە شێوەیەکی یەکجاری، چونکە هەموو پارتە سیاسییەکان لە هەندێ کاتدا هەڵبژاردنەکان دەدۆڕێنن، بەڵام متمانەی خەڵك بە پارتە سیاسییەکان دەوستێتەسەر ئەوەی ئایا باوەڕیان وایە بە گەیشتنی ئەو پارتە بە دەسەڵات نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکات و خزمەت بە خواست و پێداویستیەکانیان دەکات، چونکە خزمەتکردن بە بەرژەوەندی و پێداویستیەکانی هاوڵاتیان دەبێتەهۆی دروستکردنی متمانە بە پارتە سیاسییەکان.

*** کێشەیەکی مەترسیداری دیکە بوونی گەندەڵییە، یان تێوەگلانی پارتە سیاسییەکانە لە گەندەڵییەوە، کە ڕەنگە ببێتەهۆی ڕەشبینی خەڵك و چیتر بوونی پارتە سیاسییەکان بە پێویست نەزانن، چۆن دەکرێت پارتە سیاسییەکان خۆیان لەم حاڵەتە بە دوربگرن؟**

- دەکرێت لە ڕێی گرتنەبەری میکانیزمێك یان جێگیرکردنی سیستمێکەوە کە پەنابردنەبەر گەندەڵی بکەنی کارێك سەخت، هەروەها دەبێت پارتە سیاسییەکان ئامادەبن ئەو کەسانە لە پارتەکانیان دروربخەنەوە کە پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن، لە ڕاستیدا بەگژداچونەوەی گەندەڵی ئەرکێکی ئاڵۆزە و دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە نابێت ڕێگە بە بوونی گەندەڵی بدرێت لە سیستمی قەزائیدا، لە دەزگاکانی پۆلیسدا، چونکە کۆمەڵگەی دیموکراسی لەسەر بوونی سەروەری یاسا بنیات دەنرێت و ئەگەر گەندەڵی لە دەسەڵاتی قەزائیدا هەبێت ئەوا کاریگەری زۆر خراپی دەبێت، کەواتە دەبێت پەرە بە شەفافیەت و کرانەوە بدرێت و کارئاسانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکان بکرێن و دەبێت دەسەڵات



ئامادەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵبستن بە ئاشـــکراکردن و پەردەلادان لەسەر ئەم حاڵەتانە، ئەگەر پارتە سیاســـییەکان بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن ئەوا ئاستی متمانەی خەڵك لە ئاستیاندا هەڵدەکشێت.

*** بـــەڵام گەندەڵی شـــێوازی زۆرە، ئایا ســـەبارەت بە جۆرە جیاوازەکانی گەندەڵی هەمووی بەیەك ئاست سەیر دەکرێن؟**

- ڕاســـتە گەندەڵـــی جـــۆری جیاوازی هەیە، بۆ نموونە هەندێ لە گەندەڵییەکان کاریگەرییـــان دەبێت لەســـەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هەنـــدێ لە گەندەڵی لە پێنـــاو خۆدەوڵەمەندکردن و دەســـتکەوتی داراییدایـــە، بەڵام من پێـــم وایە دەبێت بە شێوەیەکی گشتی سیستمەکە بەهێزبکرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی گەندەڵی بکات، بۆ نموونە دەبێت ئەو میکانیزمانە بخرێنەگەڕ کە کەســـە گەندەڵکاران ئاشـــکرادەکەن و ڕووبەڕووی ســـزایان دەکەنەوە. لە لایەکی دیکـــەوە دەبێـــت پارتە سیاســـییەکانیش بـــە شـــێوەیەکی دیموکراســـی ڕەفتـــار بکـــەن، نابێت پارتی حکومـــڕان هەموو دەسەڵاتەکان قۆرغبکات بۆ خۆی، نابێت ئـــەوە ڕەتبکاتەوە کە دەبێـــت ڕووبەڕووی بەرپرســـیارێتی کارەکانـــی بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا دەبێت موعارەزەیەکی بەهێزیش بۆ چاودێریکردنی پارتـــی حکومڕان لە ئارادابێـــت. بە پێچەوانەوە ســـەرهەڵدانی گەندەڵی دەبێتە شتێکی حەتمی.

*** لە وڵاتە گەشەگردووەکاندا ئەو کەسانەی ئەندامن لە پارتە سیاســـییەکاندا ڕێژەی ٣٪ی دانیشـــتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا لە وڵاتە تازەگەشـــەکردووەکاندا دەگاتـــە ٦٠٪، ئایا ئەم تـــا چ ڕادەیەك مەترسیدارە بۆ سەر دیموکراسی؟**

- لـــە کاتـــی بوونی ڕێژەیەکـــی بەرزی ئەندامبـــوون لە پارتێکی دیـــاری کراودا دەبێت پرســـیاری ئەوە بکەیـــن هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچـــی دەگەڕێتەوە، ئەگەر هۆکارەکـــە ئەوەیە کـــە خەڵکی خۆیان بە ناچار دەزانن و پێیان وایە ناتوانن هەلی کار و دامەزراندن بەدەستبهێنن ئەگەر ئەندامی پارتێکی سیاســـی دیاری کراو نەبن، ئەوا ئەمە هەڵەیە و کارێکی ناڕاستە، چونکە دەبێت دامەزراندن و بەدەستهێنانی کار بە تایبەتی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا لەســـەر بنەمای لێوەشـــاوەی بێت نەك ئینتیمای سیاسی.

*** کێشـــەیەکی مەترسیداری دیکە ئەوەیە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بریتیە لە بەسیاسیکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، واتـــە ئـــەم ڕێکخراوانە بونەتە پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- گرنگترین شت ئەوەیە پارتی حکومڕان ڕێـــز لە بیروبۆچـــون و تێڕوانینی جیاواز بگرێت، ئەو کاتە دەتوانرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـــی بوونیان هەبێت بێ ئەوەی ناچاربن بچنە ژێر چەتری پارتی سیاسییەکان، ئەگەر هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سیاســـی بکرێن ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت کە لێپرســـینەوە و لێپێچنەوە و چاودێریکردنی دەسەڵات لە ئارادانیـــە کە دەبنەهۆی ڕێگری کردن لە گەندەڵی. گۆڕینی ئەم بارودۆخەش کار و کۆششـــی جیددی و تێرتەسەلی دەوێت، هەم لە لایەن سیاسییەکان و هەم لە لایەن هاوڵاتیانـــەوە، واتە نابێت هاوڵاتیان تەنها ئەوە دووبارە بکەنەوە کە گەندەڵی شتێکی حەتمیە و هـــەر ڕوودەدات، بەڵکو دەبێت داوای بەرەنگاربوونـــەوەی بکـــەن، دەبێت داوای ســـەروەری یاســـا و دەسەڵاتێکی قەزائی ســـەربەخۆ بکەن، هەروەها دەبێت ڕێگە بـــە ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئازاد بدرێت.

*** ئایـــا تاچەنـــد ڕاگەیانـــدن دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە ئاشـــکراکردنی گەندەڵیدا بگێڕێت؟**

- دەزگاکانـــی ڕاگەیاندن تـــا دوا ڕادە گرنگن، هەروەها دەبێت پارتە سیاسییەکان ئـــەوە ڕاســـتییە بزانن کە هەنـــدێ جار دەسەڵات لە دەست دەدەن و نابێت زانیاری ناڕاســـت لـــە دەزگاکانـــی ڕاگەیاندندا بەکاربهێنن بۆ ئەوەی دووبارە دەســـەڵات بگرنەوەدەســـت، دەبێت لـــە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا دابەشبوونی دەسەڵات هەبێت، هەروەهـــا دەبێت خەڵکی فێری ئەوەبن کە ڕەخنەگرتن و موعارەزە دوو شتی شەرعین، لە هەمان کاتدا بوونی دوو حکومەت بەدیل کـــە هەردوکیان باوەڕیان بە دیموکراســـی هەبێت دەبێتەهۆی بەهێزکردنی سیســـتمە دیموکراسییەکە، کێشەکە ئەو کاتە دروست دەبێت کە پارتێك باوەڕی بە دیموکراســـی هەبێـــت و پارتەکەی دیکە گەندەڵ بێت و باوەڕی بە مانەوە هەبێت لە دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی هەمیشەیی.

*** چۆن پارتـــە سیاســـییەکان لە وڵاتە تازەگەشـــەکردووەکاندا ســـەرکەوتوو دەبن لـــە هێنانەدی چاکســـازی لـــە ژیانی ناوخۆییاندا؟**

- پێویســـتە ســـەرکەوتووبن لە بنیاتنانی دامەزراوە کاراکاندا، ئـــەو دامەزراوانەی بێ جیاوازی خزمەت بە تێکڕای خەڵك و هاوڵاتیان بکات، تەنانەت ئەو پارتانەشی لە دەرەوەی دەسەڵاتدان، واتە دەبێت سەربەخۆبن و بە پێی ئینیمای سیاسی کارنەکەن، بەو مانایەی پارتی حکومڕان ئەو دامەزراوانە بنیـــات بنێت کە پارتی موعارەزە دەپارێزن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا و لە کاتی بوونی بە موعارەزەدا بە هەمان شـــێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە لایەن ئەو دامەزراوانەوە، نابێت لە کاتی گەیشـــتنیاندا بە دەسەڵات پارتە سیاســـییەکان بەو شێوەیە بیربکەنەوە کە بۆ هەمیشـــە لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە، دەبێت ئـــەو ئەگەریـــان لەبەرچاوبێت کە ڕۆژێك دێت دەکەونە دەرەوەی دەسەڵات و دەبنە بە موعارەزە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- دیموکراســـی پرۆســـەیەکی درێژخایەنە و نابێـــت خەڵکـــی نائومێدبـــن و نابێت ڕاببگەیەنن کە ئەمە شتێکی مەحاڵە.



**دیموکراسی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و نابێت خەڵکی نائومێدبن و نابێت ڕاببگەیەنن کە ئەمە شتێکی مەحاڵە**



**پرۆفیسۆر فیلپ ئۆکسهۆرن ئوستادی زانستی سیاسییەتە لە زانکۆی ماکیگل و تایبەتمەندە لەسەر دیموکراتییەکانی ئەمەریکای لاتین و لەسەر ئەم بوارانە کاردەکات(پارتە سیاسییەکان، تیۆری کۆمەڵگەی مەدەنی، دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن)بێگومان دیموکراتییەکانی ئەمەریکای لاتینی لەریزبەندی دیموکراتییەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها ژیانی پارتایەتی ئەمەریکای لاتینش تارادەیەکی زۆر لە ژیانی پارتایەتی وڵاتی ئێمە و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی رۆژهەڵات نزیکە، بۆیە بە پێوستمان سەبارەت بەرۆڵی پارتە سیاسییەکان ئەم ئاخاوتنە لەگەڵ پرۆفیسۆر ئۆکسهۆرن ئەنجام بدەین کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**فیلپ ئۆکسهۆرن تایبەتمەند لەسەر دیموکراتییەکانی ئەمەریکای لاتینە بۆ گوڵان:**

# بێ متمانەیی نێوان جەماوەر و پارتە سیاسییەکان واتە هەمیشە خەڵکی بەگومانەوە لەو شتانە دەڕوانن کە نایزانن

*** چۆن پارتە سیاسییەکان دەبنە پارتگەلێکی دیموکراسی لە ژیانی ناوخۆی خۆیاندا؟**

- کێشەکە ئەوەیە ناتوانین چاوەڕێ بکەین تاوەکو پارتە سیاسییەکان دەبنە پارتگەلێکی دیموکراسی، بە دەربڕێنێکی دیکە ئایا چی بکەین تا ئەو کاتەی پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە پیادەکردنی دیموکراسی لە ژیانی ناوخۆی خۆیاندا و رۆڵی چالاك دەبینن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکەیاندا، ئەمە مەسەلەیەکی زەحمەتە و لە راستیدا پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسیی ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە رێکخستنی پارتە سیاسییەکان، ئایا دەرفەتی بەشداری پێکردنی هاوڵاتیان دەرەخسێنن یاخود پەراوێزیان دەکەن، ئایا دەستپێشخەری دەکەن و ئەو زەمینە ئیجابییە دەخوڵقێنن بۆ ئەوەی خەڵکی بێنەپێشەوە بەشداری بکەن، ئایا کار و ئەرکەکانیان شەفافانە ئەدا ئەکەن.

*** ئایا ئەم حاڵەتی بەرێزت ئاماژەت پێکرد، تاچەند متمانەی هاوڵاتیان بە پارتە سیاسییەکان کەمدەکاتەوە؟**

- ئەمە پرسێکی سەرەکییە و لە راستیدا دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا سەرکردەی پارتە سیاسییەکان دەیانەوێت چ دەستکەوتێك بەدەستبهێنن، چونکە ئەگەر شکستیان هێنابێت دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ هۆکارەکانی بکەن، چونکە هەمیشە دیموکراسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە ئەوە لەخۆدەگرێت کە پارتە شکستخواردووەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت دووبارە سەرکەوتن بەدەستبهێننەوە و دەسەڵات بگرنەوەدەست، ئەرکەکە ئەو کاتە قورس دەبێت ئەگەر پارتە سەرنەکەوتووەکان لە نێو خەڵکدا بە پارتێکی گەندەڵ ناسرابێتن کە تەنها بایەخ بە بەرژەوەندییە حزبیەکانی خۆین بدەن، ئەوا کاتە دەبێت کاری زیاتر بکرێت بۆ قەناعەت پێکردنی خەڵك کە چاکسازی کراوە بە چەشنێك پارتە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندی خەڵك کاردەکەن و لە ئاست خواستەکانیاندا دەبن، بۆیە دەکرێت پارتە سیاسییەکان لە رێی کرانەوەیانەوە بە رووی خەڵکدا، لە رێی شەفاف بوونیانەوە هەوڵی دروستکردن و بنیاتنانی ئەو متمانەیە بدەن، هەروەها لە رێی هێنانەدی ویست و خواستەکانی خەڵکەوە، بە هەمان شێوە نابێت بریارە گرنگەکان بە نهێنی و لە شت دەرگا داخراوەکانەوە دەربکرێن، ئەمانە ئەرگکەلێکی قورسن، بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بە دەست چەندین شێوەی توندوتیژیەوە دەناڵێنن وەك عێراق و ئەفغانستان.

*** کێشەیەکی مەترسیداری دیکە بوونی گەندەڵییە، یان تێوەگلانی پارتە سیاسییەکانە لە گەندەڵییەوە، کە رەنگە ببێتەهۆی رەشبینی خەڵك چۆن دەکرێت پارتە سیاسییەکان خۆیان لەم حاڵەتە بە دوربگرن؟**

- دەکرێت سەرکردەکان لە نێو خۆیاندا بگەنە رێککەوتنێك کە چیتر رێگە بە گەندەڵی نەدەن، هەروەها دەبێت پەیرەوی لە شەفافییەت بکەن و نابێت هەموو شتێك بە نهێنی ئەنجام بدرێت، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی گەورەبوونی ئەو بێ متمانەییەی هەیە لە ئاست پارتە سیاسییەکاندا، نەك کەمبوونەوەی، لەبەر ئەوەی هەمیشە خەڵکی بە گومانەوە لەو شتانە دەڕوانن کە نایزانن. هەروەها رەنگە ئەمە پێویست بە گوشاری لایەنە دەرەکییەکان بکات، بە تایبەتی ئەو لایەنانەی هەڵدەستن بە دابینکردنی سەرچاوە و هاوکاری، کەواتە ئەمە کار و کۆشش و هاوکاریەکی زۆری دەوێت. بۆ گەندەڵیش دوو هۆکار هەیە، یەکەمیان لە رێی گەندەڵییەوە دەتوانرێت سەروەت و سامانێکی زۆر کۆبکرێتەوە، دووەمیان ئەوەیە پارتە سیاسییەکان روبەرووی هیچ دەرئەنجام و سزایەك نابنەوە لەم کارەیاندا. زۆرجار پەنابردنەبەر گەندەڵی بۆ

> هەمیشە دیموکراسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە ئەوە لەخۆدەگرێت کە پارتە شکستخواردووەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت دووبارە سەرکەوتن بەدەستبهێننەوە و دەسەڵات بگرنەوەدەست

گەیشتنە بە دەسەڵات یاخود بۆ درێژەدانە بە دەسەڵات، هەروەها لەو باوەڕەدام تاوەکو پارتە سیاسییەکان نەگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر ئەوەی شەفافانە کاربکەن و پەنا بۆ گەندەڵی نەبەن، ئەوا ئەم حاڵەتە بەردەوام دەبێت، ئەمە بە مانای ئەوەنییە کە هەر کاتێك ئەم بڕیارە درا گەندەڵی بوونی نامێنێت، چونکە لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپاشدا گەندەڵی لەناو نەچووە، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە کە لەم وڵاتانەدا دەکرێت نارەزای و سکاڵابکەیت کە سەردەکێشن بۆ ئاشکرابوونیان.

*** ئایا هۆکاری زۆری ئەندامانی پارتەکان لە دەوڵەتانی تازە گەشکردوو بۆچی دەگێڕنەوە؟**

- من پێم وایە بوونە ئەندام خۆی لە خۆیدا کێشە نییە، بەڵکو هۆکاری بوونە ئەندام گرنگە، ئەگەر هۆکارەکە ئەوەبێت بەشێکی بەربکەوێت لە گەندەڵییەکە ئەوا مەسەلەیەکی مەترسیدارە، بەڵام ئەگەر بەهۆی ئەو بەهایانەی پارتە سیاسییەکە پەرەی پێدەدات، یاخود لە پێناو دڵسۆزبوون و وەلائی بێت بۆ ئەو بەهایانە ئەوا ئەمە شتێکە لە دیموکراسیدا کاری پێدەکرێت. لێرەدا خاڵێکی دیکە هەیە ئەگەر بوونە بە ئەندام ناچاری بێت لە پارتە سیاسییەکاندا ئەوا ئەمە پێچەوانەی دیموکراسیە، واتە ئەگەر هاوڵاتیان بۆ ئەوەی کاریان دەستبکەوێت یاخود سوودمەندبن لە سەرچاوەکانی وڵات خۆیان بە ناچاربزانن کە دەبێت ئەندامی پارتە سیاسییەکان بن ئەوا ئەمە لەگەڵ دیموکراسیدا ناگونجێت، چونکە بەدەستهێنانی کار دەبێت لەسەر بناغەی توانا و هاوڵاتیبون بێت نەك لەسەر بنەمای ئەندامێتی پارتێکی سیاسی دیاریکراو، لە ڕاستیدا گەشەکردن و بەروپێشچوونی کەلتور و دامەزراوەکان کە هۆکاری کەمبوونی ئەم حاڵەتەن لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپادا دەیان ساڵی، ئەگەر نەڵێن سەدان ساڵی، خایاندووە، بۆ نموونە ١٠٠ ساڵی پێش ئێستا ویلایەتی شیکاغۆ ویلایەتێکی زۆر گەندەڵ بوو، ئەگەرچی ئێستاش باس لەوەدەکرێت گەندەڵە بەڵام بە هەمان ئاستی ڕابردونا.

*** ئایا لە حاڵەتی نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاددا ئایندەی دیموکراسی چی دەبێت؟**

- ڕاستیەك هەیە دەبێت لەبەرچاومان بێت لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناتوانن هەموو کارێك ئەنجام بدەن، یاخود کاریگەری یەکلاکەرەوەیان هەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، لە لایەکی دیکەوە خەڵکی فێری ئەوەبوونە کە پەنا بۆ شێوازی بەدیل ببەن، بڕوانن لە ئێراندا چی ڕویدا، چۆن هۆکاری بەدیل بەکارهێنرا بۆ گەیاندنی پەیام و هەواڵەکان، هەروەها دیاردەیەکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە زۆرجار لە کاتی کۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لە لایەن پارتێکی دیاریکراوەوە ئەوا لایەنە ڕکابەر توانیویەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و کارایانە حکومڕانی بکات بۆ نموونە لە وڵاتانی ئەفریقیادا.

*** بەڵام بێجگە لە میدیای ئازاد، لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆنین، ئایا ئەمە چ مەترسییەك لەسەر دیموکراتی دروست دەکات؟**


- من پێم وایە ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببنە بەشێك لە پارتە سیاسییەکان ئەوا چیتر بەشێك نابن لە کۆمەڵگەی مەدەنی، هەرچەندە مشت و مڕی ئەوە دەکرێت کە ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن پارتە سیاسییەکان ئەم ڕێکخراوانە بەکاردەهێنن، ئایا بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لە خەڵك یان ئیستیغلالیان دەکەن بۆ پەرەپێدانی تۆڕی گەندەڵی و زیاتر ڕاکێشانی خەڵك بەلای خۆیاندا.

*** چۆن پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا سەرکەوتوو دەبن لە هێنانەدی چاکسازی لە چیانی ناوخۆییاندا؟**

- ئەمە ئەرکێکی قورسە، بەڵام لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا ئەزموونی دەوڵەمەند هەیە بۆ سەرکەوتن لەم ئەرکەدا، من پێم وایە ئەمە دەوەستێتەسەر ئیرادەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەم پارتە و دەوەستێتەسەر ئەو فشارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستی دەکەن بۆ دروستکردنی ئەم چاکسازیە، چونکە فەرامۆشکردنی ئەم کێشانە تەنها دەبێتەهۆی ئاڵۆزکردنیان و ئەو کاتەش زۆرینەی کۆمەڵگەکە باجەکەی دەدەن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- گرنگترین شت ئەوەیە ڕێگەندەن کۆسپ و کێشەکان نائومێدتان بکەن، دەبێت بەردەوام بن لە سەر هەوڵەکانتان بۆ ئەوەی پەیامە گشتییەکە بڵاوبێتەوە کە دەبێت پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی خەڵك بکەن، لە ئاست خواستەکانیاندا بن، نەك گەندەڵ و داخراوبن.



**ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببنە بەشێک لەپارتە سیاسییەکان ئەوا چیتر بەشێک نابن لەکۆمەڵگەی مەدەنی، هەرچەندە مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن پارتە سیاسییەکان ئەم ڕێکخراوانە بەکاردەهێنن**

## گوتاری نیشتمانی یەکگرتوو قۆناخی ئینتیقالی

# زۆر پرسی قۆناخی ئینتیقالی بەیەک دەنگی

قۆناخی ئینتیقالی ئەگەر بۆ زۆربەی نەتەوەکانی جیهان قۆناخی راگواستن بێت لەتۆتالیتاریەوە بۆ دیموکراتی، ئەوا بۆ گەلی کوردستان هەم قۆناخی بونیادنانەوەی نەتەوەیەو هەمیش قۆناخی راگواستنە لەتوتالیتاریەوە بۆ دیموکراسی، کەواتە ئەگەر هەستیاری ئەم قۆناخە بۆ نەتەوەکانی دیکە لەلایەکەوە هەستیار بێت، ئەوا بۆ ئێمە لەدوولاوە هەستیارەو لەدوولاوە پێویستی بەلەبەرچاوگرتنی باردۆخەکە هەیە. ئەمە وایکردووە بێینە سەر هەندێك وردەکاری لەوانەیە نەتەوەکانی دێکە هێندە پێویستیان پێی نەبێت، لەم رووە ئەگەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی کیوبیك لەکەنەدا بەراوردبکەین، دەبینین کویبك وەك نەتەوەیەکی فەرەنسی زمان لەوڵاتێکی ئینگلیز زماندا، هیچ کێشەیەکی بونیادی نەتەوەی نەماوە ئەوەی هەیە بەردەوامیدانە بەدیموکراتی، بەڵام ئەو کاتەی دیگۆل وتارە ئاگرینەکەی بەناونیشانی (سڵاو بۆ کویبیکی ئازاد) ئاراستەی جیهان کرد ئەم پەیامەی دیگۆل بەبیری جیهانی هێنایەوە کیبیك بەشێکە لەفەرەنساو نابێت لەژێر دەستی دەوڵەتێکی ئینگلیز زماندا بێت، بەڵام سیستمی حکومڕانی کەنەدا لەبەرئەوەی ئامانجی ئەوە نەبوو رێگە لەسەربەخۆبوونی کیوبیك بگرێت، ئەوە تا ئێستا چەندین ریفراندۆم کراوە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی کیوبیك دەنگ بۆ مانەوە لەگەڵ کەندا دەدەن و فەرەنساش رێز لەم ئیرادەیەی کیوبیکیەکان دەگرێت، کەواتە سەرکەوتنی کویبیکیەکان لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە و دیموکراتی هێندەی پەیوەندی بەئیرادەی کویبیکیەکانەوە هەیە، هێندەش پەیوەندی بەو سیستمە سیاسیەوە هەیە کە لەکەنەدا پیادەدەکرێت، هەروەها تایوان ئەویش نموونەیەکی دیکەیە کە دەکرێت لەروویەکەوە لەگەڵ بارودۆخی ئێمە بەراورد بکرێت، بەڵام دیسان لەچەند روویەکی دیکەوە جیاوازی لەنێوان تایوان و هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەیە تا ساڵی ١٩٧١ تایوان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، لەسەر ئاستی

> قۆناخی ئینتیقالی ئەگەر بۆ زۆربەی نەتەوەکانی جیهان قۆناخی راگواستن بێت لەتۆتالیتاریەوە بۆ دیموکراتی، ئەوا بۆ گەلی کوردستان هەم قۆناخی بونیادنانەوەی نەتەوەیەو هەمیش قۆناخی راگواستنە لەتوتالیتاریەوە بۆ دیموکراسی



# یەکلایی دەکرێنەوە

نێودەوڵەتی نەك هەر نوێنەرایەتی تایوان بەڵکو نوێنەرایەتی چینی میللیشی کردووە، بۆیە هەرچۆنێك خۆمان لەگەڵ جیهان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەوەی دەتوانین بەڕووکار بڵێین بارودۆخی ئێستای ئێمە هاوشێوەی کەتەلۆنیا یان کۆسۆڤۆی پێش راگەیاندنی سەربەخۆییە، بەڵام دیسان جیاوازیەکی گەورە لەنێوان کوردستان و کەتەلۆنیا و کۆسۆڤۆ هەیە جیاوازیەکەش ئەوەیە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئامادەیە خۆی تەرخانبکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوروپا بەڵام ئامادنییە خۆی تەرخابکات بۆ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کێشەی کورد بەتایبەتی، هەروەها کەتەلۆنیاش بەشێکە لەوڵاتێکی وەك ئیسپانیا کە دەکرێت لەرووی بونیادی دیموکراتی سەرکەوتنی پرۆسەی راگواستن لەدوای مردنی فرانکۆوە، بەیەکێك لەئەزموونە سەرکەتوەکانی شەپۆلی دووەمی دیموکراتی لەقەڵەمی بدەین، بەڵام کێشەی ئێمە بەتایبەتی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا، لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتێك رووبەڕوو دەبینەوە کە نەك بەرامبەر ئێمە ببەڵکو بۆ خۆشیان بڕوایان بەدیموکراتی و جێبەجێکردنی دەستورەکەی عێراق نییە، لەم بارودۆخەدا، کێشەکانی گەلی کوردستان لەعێراقدا دابەش دەبێتە سەر دوو تەوەری جیاواز، یەکەمیان پەرەپێدان و گەشەسەندنی دیموکراتیە، ئەمەیان لەناو پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی دەکرێنەوە، کە لەمیاندا، چەند جیاوازی و بیروبۆچوونی جیاواز هەبێت، زیاتر زیندوویەتی بەپرۆسەکە دەبەخشێت، بەڵام تەوەری دووەم کە داکۆکیکردنە لەو مافانەی پێویستە لەم قۆناخە بەدەستبێن و یان بوونە کێشە و چارەسەرکردنیان دەوێت، ئەمەیان لەگەڵ پەرلەمانی عێراق و حکومەتی بەغدا رووبەڕوومان دەکاتەوە،ئەم تەوەرەیان پێویستی بەیەکدەنگی و یەکهەڵوێستی هەیە بەبێ گوتاری نیشتمانی ئەوەی بەدەستیشمانهێناوە جارێکی دیکە رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.



ئەگەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرێمی فیدراڵی کیوبیک لەکەنەدا بەراوردبکەین، دەبینین کویبک وەک نەتەوەیەکی فەرەنسی زمان لەوڵاتێکی ئینگلیز زماندا، هیچ کێشەیەکی بونیادی نەتەوەی نەماوە ئەوەی هەیە بەردەوامیدانە بەدیموکراتی

داڤید رۆلی، پسپۆری مێژووی نەتەوەکان بۆ گوڵان:

# دەبێت ڕاگەیاندن و سیستمی پەروەردە بەشداری لەقووڵکردنەوەی چەمکی نەتەوەدا بکەن



**پرۆفیسۆر داڤید رۆلی ئوستادی مێژووە لەزانکۆی ویسکۆسن و پسپۆڕە و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی نەتەوەکان و قۆناخەکانی بونیادنانەوەی نەتەوە، لەم بوارەشدا کاری لەسەر نەتەوەکانی رووسیا و چین کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگی ئەم قۆناخە و کۆدەنگی بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە گرنگەکان، پرۆفیسۆر رۆلی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

> من لەلێکۆڵینەوەی مێژوودا بەو دەرئەنجامە گەیشتووم کە خەڵک توانای هێنانی ئامانجەکانیان نییە، ئەگەر سەرکردەیەک نەبێت گوزارشت لەم ئامانجانە بکات و کاری سیاسی بۆ نەکات

*** یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی دوای قۆناخی رزگاری نیشتمانی بوونی گوتارێکی یەکگرتووی نیشتمانییە، بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی گواستنەوە، ئایا چۆن ئەم گوتارە یەکگرتووە دروستبکەین؟**

- من پێموایە گرنگترین شت بوونی خیتابێکی نەتەوەییە کە دەبێت لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەسیستمی پەروەردەی وڵاتەکەدا ڕەنگبدەنەوە، بە واتایەکی دیکە دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سیستمی پەروەردە بەشداری بکەن لەقوڵکردنەوە و چەسپاندنی چەمکی نەتەوەدا.

*** زۆر جار پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و پرۆسەی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لەیەك کاتدا ئەنجامدەدرێن، ئایا چۆن دەکرێت هاوسەنگیەك لەنێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا بهێنرێتەدی؟**

- من باوەڕم وایە بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەکی دیموکرتی پێویستمان بەبیریاری سیاسی هەیە، لەبەرئەوەی بنیاتنانی نەتەوە شتێکە و دروستکردنی سیستمێکی دیموکراتی شتێکی دیکەیە، لەمێژوودا ڕوویداوە کە سەرەتا دەوڵەت هاتۆتەدی و دواتر سەرکردەکانی ئەو دەوڵەتە هەوڵی پێکهێنان و پەرەپێدانی ناسنامەیەکی نەتەوەییان داوە، کەواتە شێوازی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە لایەن ڕەوتە نەتەوەخوازەکانەوە بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیدا تێپەڕیوە. لە لایەکی دیکەوە من باوەڕم وایە پەرەپێدانی دیموکراسی ڕاستەقینە و نەتەوەخوازیی شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەتەوەخوازی ئەوە لەخۆبگرێت کە دەبێت دەوڵەت بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی خەڵك بێت ئەوا ئەم لۆجیکە ئەو گریمانەیە لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت کە دەبێت خەڵك خۆی کۆنترۆڵی حکومەت بکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانەوە ئەوا من پێموایە نەتەوەی کورد بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە لەهزری کوردەکاندا، بەو پێیە پرسەکە زیاتر پرسێکی سیاسیەوە و دەوەستێتەسەر ئەوەی کوردەکان چۆن بوونی ئەوە نەتەوەیە لەهزردا دەکەنە بوونێکی واقیعی، بەڵام ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك کاریگەری لەسەر عێراق دەبێت، لێرەدا من دەمەوێت باس لەئەزموونی ئەمەریکا بکەم، لەم وڵاتەدا و لەچوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا هەموو کەس خۆی بەئەمەریکی دەزانێت، بە چاوپۆشین لەوەی چ پاشخانێکی ئیتنیان هەیە، دەکرێت خەڵکی عێراقیش بەم شێوەیە بیربکەنەوە، بەڵام حاڵی حازر من ئەمە بەدی ناکەم لە عێراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بوونی کوردستان و نەتەوەی کورد ببێتە بوونێکی واقیعی ئەوا ئەمە بەمانای جیابونەوە لەعێراق و بەمانای لەخۆگرتنی بەشێکی خاکی تورکیا و ئێران دێت، بەو پێیە ئەمە بەبەردەوامی پرسێکی سیاسیە ئەگەر نەڵێین سەربازیشە، بەڵام من نازانم ئەمە چۆن ڕوودەدات.

*** ئەوەیە ئایا بوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی و دابینکردنی مافەکان تا چ ڕادەیەك دەبنە هاندەر بۆئەوەی خەڵك زیاتر بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن؟**

- بەدڵنیاییەوە دابینکردنی ئەم مافانە ڕۆڵێکی گرنگە دەبینێت، ڕەنگە ئێوە لەپرسیارەکەتاندا ئاماژە بە کۆمەڵگە یان دەوڵەتە فرە نەتەوەکان بکەن وەك عێراق و تورکیا، کە من پێموایە دانان بە بوونی ناسنامەی نەتەوەییدا پرسێکی زۆر بنەڕەتیە، لەبەرئەوەی زۆرجار ئامانج و داواکاری هەندێ لەبزووتنەوە و ڕەوتە نەتەوەییەکان جیابوونەوە و سەربەخۆیی نییە، هێندەی ئەوەی هەوڵدانە بۆ دانان بەبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەییدا و نکوڵی لێنەکردنی، لە ڕاستیدا دەبێت لەم حاڵەتەدا مامەڵەیەکی یەکسان و

ڕەوا لەگەڵ تێکڕای نەتەوەکاندا بکرێت، بۆ نموونە لەئەمەریکادا، کاتێك باسی ئەمەریکی بوون دەکەین، ئەوا ئاماژە نییە بە باڵادەستی گروپێکی ئیتنی دیاریکراو، بە پێچەوانەی تورکیاوە کە بەمانای تورکبوون دێت ئەمەش ڕەوا نییە. لە عێراقیش عێراقیبون گرێنادرێتەوە بە گروپێکی دیاری کراوەوە و ئەمەش شتێکی ئیجابیە. لە ڕاستیدا لە جیهانی ئێستادا ئومێدێك زۆر نیە بە زاڵبوون بەسەر جیاوازیە نەتەوەیەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا، من ئومێد دەکەم بوونی ئەم جیاوازیانە گیروگرفتی لێنەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ سۆزت هەبوو بۆ تیپێکی تۆپی پێ نابێت ئەمە دەرئەنجامی سیاسی لێبکەوێتەوە، من هیوادارم هەستکردن بەناسنامەیەکی نەتەوەی جیازایش بەهەمان شێوەبێت.

*** ڕۆڵی سەرکردەکان چییە لەم ڕووەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، من لەلێکۆڵینەوەی مێژوودا بەو دەرئەنجامە گەیشتوم کە خەڵك توانای هێنانی ئامانجەکانیان نییە، ئەگەر سەرکردەیەك نەبێت گوزارشت لەم ئامانجانە بکات و کاری سیاسی بۆ نەکات.

*** لەکۆمەڵگەیەکدا کە دیاردەی فرەلایەنی دیاردەیەکە بوونی هەیە،ئەمەش واتە کۆمەڵێك بیروبۆچوونی جیاواز لە ئارادان، ئایا چۆن لەنێو ئەو جیاوازیانە گوتارێکی یەکگرتوو بەرهەمدێت؟**

- لەڕاستیدا هەمیشە مەترسی ئەوە لەئارادایە کە پارتە سیاسیەکان بەکاربهێنرێن بۆ چەواشەکردنی خەڵك، بە تایبەتی ئەگەر بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان زاڵبوون بەسەر ئەم پارتانەدا کە ئەوا کاتە هەم پارتەکە کۆنترۆڵ دەکەن و هەم جەماوەرەکەش، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە زۆرجار پارتە سیاسیەکان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئەوروپادا دەبنە مایەی گیروگرفت، لەگەڵ ئەوەشدا بێ بوونی پارتە سیاسیەکان ناتوانین کار و چالاکی سیاسی ئەنجام بدەین، کەواتە لێرەدا هەم پێویستە بەبوونی سەرکردەگەلێکی بەهێز و باش دەکات و هەم پێویست بەوە دەکات ئەندامانی پارتەکان فشار بکەن بۆ ئەوەی پارتەکەیان ڕاستگۆیانە ڕەفتار بکات، چونکە ئەزمونی ئەو وڵاتانەش دەریخستووە کە لەکاتی قەدەغەکردنی پارتە سیاسیەکاندا خەڵکی ناتوانن ئامانجەکانیان بهێننەدی.

*** چۆن دەتوانین ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا بکەینە هۆکارێکی ئیجابی لەم ڕووەوە؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەوا لەڕۆژگارێکی دیاریکراودا پێدەچوو ڕاگەیاندن تاکە زامنی ئەوەبێت حکومەت بخرێتە ژێر چاودێرییەوە و لەڕێی ڕاگەیاندنەوە خەڵك بزانن چی ڕوودەدات، بەڵام حاڵی حازر ئەو نیگەرانیە لە ئارادایە کە بەهۆی باڵادەستبوونی کۆمپانیا بەهێز و دەوڵەمەندەکانەوە چیتر دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانی خەڵك نەکەن و بەشداری نەکەن لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا، یاخود بەشداری لە بنیاتنانی نەتەوەیەکی ساختەدا بکەن لەبەر ئەوەی ئەو کۆمپانیایانەی ئاماژەمان پێکرد بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەسەپێنن بەسەر ئەم پرۆسەیەدا. بەوپێیە دەبێت هەوڵی هێنانەدی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ بدەین، چونکە ئەمە زۆرێك لە کێشەکانمان بۆ چارەسەردەکات.

*** ئایا لای تۆ ناسنامەی نەتەوەیی چی دەگەیێنێت؟**

- من باوەڕم وایە ناسنامەی نەتەوەیی ناسنامەی چینی ناوەڕاستە، لەبەرئەوەی ئەم چینە چینێکی پیشەگەرە، گەشەکردووە و لەشارەکاندا نیشتەجێن، ئەوان سەرچاوەی کۆمەڵگەی مەدەنین و هەر ئەوانیش داوای دیموکراسی دەکەن، لەبەرئەوە من پێموایە ڕێگەی بنیاتنانی نەتەوە ڕێگەیەکی ئابوورییە، بەوپێیە دەبێت سیاسەتێکی ئابووری ئەوتۆ بگرینەبەر کە زۆرترین گەشەکردن و خۆشگوزەرانی بهێنێتەدی لەکۆمەڵگەدا کە چینێکی ناوەڕاستی گەورەی لێبکەوێتەوە. هەر ئەمەش سەرچاوەی ڕەشبینی منە، لەبەر ئەوەی من بچوکبونەوەی چینی ناوەڕاست دەبینم، دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر و هەژارەکان هەژارتر دەبن، هەروەها دەوڵەمەندەکان باڵادەستن بەسەر ڕاگەیاندندا و بۆ شۆردنەوەی مێشکی هەژاران بەکاری دەهێنن.

*** هەندێ لە نەتەوەکان، وەك نەتەوەکانی ئاسیا نەیانتوانیوە لە هەردو پرۆسەکەدا سەرکەوتوبن، بۆ نموونە زۆرێك لەم وڵاتانە توانیویانە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا سەرکەوتوبن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە دیموکراسیەکی تەندروست بەرهەم بهێنن، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، لە ڕاستیدا لە ڕووی لۆجیکیەوە بنیاتنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی دو مەسەلەی پێکەوە گرێدراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو حاڵەتانە بەدی دەکرێت کە بزوتنەوە نەتەوەییەکان دیموکراسیان بەرهەم نەهێناوە، ڕەنگە هۆکارەکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سەرکردەکانی ئەو ڕەوتانەی بانگەشەی هێنانەی سەربەخۆی نەتەوەیی و بنیاتنانی نەتەوە دەکەن ئەم مەسەلەیە تەنها بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی بەکاربهێنن کە ئاشکراشە لە کاتی گەیشتنیاندا بە دەسەڵات چۆن ڕەفتار دەکە ئەگەر هاتوو هەر لە سەرەتاوە ئەمە نیەتیان بوبێت. لەبەر ئەوەی دەبێت فشار بخرێتەسەر دەسەڵاتی سیاسی و سەر حکومەت بۆ ئەوەی دیموکراتیانە کاربکەن، ئەمەش ململانێیەکی سیاسیە.

*** تا چ رادەیەك بوونی پارتە سیاسیەکان دەبنەهۆی هەم هێنانەدی بنیاتنانی نەتەوە هەم پەرەپێدانی دیموکراتی؟**

- ڕاستە بۆی هەیە پارتە سیاسیەکان بەرەو گەندەڵی بچن، بەڵام لە جیهانی ئێستادا هەر دەبێت لەڕێی پارتە سیاسیەکانەوە کاربکەین، بوونی پارتە سیاسیە بەهێزەکان کە ڕێز لەخواست و ویستی خەڵك بگرن، بریتیە لەچارەسەر بۆ هێنانەدی دیموکراسی.

*** دوا وتەت چیە؟**

- خەڵکانێك هەن لەئەمەریکادا لەگەڵ سەربەخۆبونی کوردستاندان، من شەخسی خۆم باوەڕم وایە کورد نەتەوەیە و شایستەی ئەوەیە بوونی هەبێت و نەتەوەیەکی یەکگرتوو بێت و پێموایە حوکمدانێکی زۆر هەڵەبوو کاتێك لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دان بەبوونی کورددا نەنرا وەك نەتەوەیەك، لەبەرئەوە هیوای خۆشبەختیان بۆ دەخوام.

**ڕێگەی بنیاتنانی نەتەوە ڕێگەیەکی ئابوورییە، بەوپێیە دەبێت سیاسەتێکی ئابووری ئەوتۆ بگرینەبەر کە زۆرترین گەشەکردن و خۆشگوزەرانی بهێنێتەدی**

حەسەن ئەبو لبدە (وەزیری پێشووی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین) بۆ گوڵان:

# خیتابی یەکگرتووی نیشمانی ئەولەویەتی سەرکەوتن و بڕینی قۆناخی ئینتقالیە

**د.حەسەن ئەبو لبدە لەدەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین دوو پۆستی وەزیری وەرگرتووە، هەوەها سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێری ئەوراقی نەقدی دەسەڵاتی فەلەستین بووە، د.حەسەن وەك کەسێکی بەرپرس لەدەسەڵاتی نیشتمانی یەکێك بووە لەو کەسانەی کە لەقۆناخێکی زۆر هەستیاردا کاری لەسەر پرسی گوتاری یەکگرتوویی نیشمانی کردووە، بۆقسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و بایەخی گوتاری نیشمانی یەکگرتوو لەقۆناخی ئینتقالیدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** هەر نەتەوەیەك دوای کۆتایی هاتنی قۆناخی ڕزگاری نەتەوەیی دەست بەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدەکات، ئایا تا چ ڕاددەیەك بوونی خیتابیکی نەتەوەیی یەکگرتوو لەقۆناخی بنیاتنانی نەتەوەدا گرنگە؟**

- بەدڵنیاییەوە خیتابی یەکگرتووی نیشمانی ئەولەویەتێکی نیشتمانیە و زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، کە بێ یەکخستنی خیتابی باش و پێکهاتەکانی نەتەوەکە زۆر زەحمەتە بتوانین ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەین.

*** ئایا پێداویستی و مەرجە بنەڕەتیەکانی دیکەی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە چین؟**

- لەڕاستیدا دەبێت ئیجماع و تێگەیشتنێکی هاوبەش هەبێت لەنێوان تێکڕایی لایەنەکاندا لەسەر ئەجێندایەکی نیشتیمانی، کە دەبێت ئەم ئەجێندا نیشتمانیەش لەسیاسەتە جۆراجۆرەکانی پەیوەست بەپرس و مەسەلەکانی پەیوەست بەنەتەوەکەوە ڕەنگبداتەوە، بەپێچەوانەوە سەرکەوتنمان لەم پرۆسەیەدا زۆر زەحمەت دەبێت.

*** لەوڵاتانی جیهانی سێدا پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و پرۆسەی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی لەیەك کاتدا ئەنجامدەدرێن، ئایا چۆن دەکرێت هاوسەنگیەك لەنێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا بهێنرێتەدی؟**

- من پێموانییە پێویست بەهێنانەدی هاوسەنگیەك بكات لەنێوان ئەم پرۆسەیەدا، لەبەرئەوەی بنیاتنانی نەتەوە دژ و پێچەوانە نییە لەگەڵ گەشەپێدانی دیموكراسیدا، كەواتە نەك هەر پێچەوانەی یەكتر نین، بەڵكو گەشەپێدان و تەكاندان بەدیموكراسی و بایەخدان بەپاراستنی مافەكانی مرۆڤ یەكێكە لەپێداویستی و مەرجە بنەڕەتیەكانی بەردەوام بوونی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە.

*** هەندێ لەنەتەوەكان، وەك نەتەوەكانی ئاسیا نەیانتوانیوە لەهەردوو پرۆسەكەدا سەركەوتوبن، بۆ نموونە زۆرێك لەم وڵاتانە توانیویانە لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا سەركەوتوبن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە دیموكراسیەكی تەندروست بەرهەمبهێنن، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من پێمواپە ئەم دوو پرۆسەیە شان بەشانی یەك دەڕۆن و پشت بەیەك دەبەستن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت كە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بە مانای دروستكردنی و هێنانەدی بەهای هاوبەشە لەناو كۆمەڵگەدا، یاخود بڵێین ڕێككەوتن و دروستبوونی ئیجماعێكە لەسەر ئەو بەها هاوبەشانە، لە كاتێكدا دیموكراسی، یاخود پرۆسەی بەدیموكراتیكردن و گەشەپێدانی پتر دەوەستێتەسەر هەلومەرج و پاشخان و خەسڵەتی ئەو كۆمەڵگەیەی كە دەمانەوێت ئەم پرۆسەیەی تێدا بخەینەگەڕ، هەروەها دیموكراسی پەیوەستە بە ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵكەوە، بەئیرادەی نەتەوەوە، بەچەشنێك لەحاڵەتی پێشێلكردنی ئەم ئیرادەیەدا ئەوا دیكتاتۆریەت سەرهەڵدەدات، بەو پێیە من پێمواپە دیموكراسیبوون بۆتە خەسڵەتێكی بنەڕەتی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و لەم ڕۆژگارەشدا زەحمەتە بێ پیادەكردنی دیموكراسی بتوانرێت حكومڕانێتی نەتەوەیەك بكرێت كە زۆرجار ئەمە پێویست بەگەشەپێدانی كولتووری دیموكراسی دەكات.

*** ئێمە دەزانین لەسەدەی نۆزدە كۆمەڵگەكانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دژی پێكهێنان و دروستبوونی پارتە سیاسییەكان بوون لەبەرئەوەی پێیانوابوو دروستبوونی ئەم پارتە سیاسیانە دەبێتەهۆی لاوازكردنی خیتابی نەتەوەی یەكگرتوو لەو كۆمەڵگەیانەدا، بەڵام دواتر توانیان ئەم كێشەیە چارەسەربكەن، لەكاتێكدا هێشتا ئەم كێشەیە وەك خۆی ماوەتەوە لەوڵاتانی جیهانی سێدا، چۆن بتوانین هەنگاو بنێین بۆ چارەسەركردنی ئەم حاڵەتە؟**

- لەوڵاتانی جیهانی سێدا پارتە سیاسیەكان نەیانتوانیوە درێژە بە پشتگیری جەماوەری و سەنگ و قورسایی خۆیان بدەن ئەگەر خواست و پێداویستیە بنەڕەتیەكانی خەڵك و كۆمەڵگەكەیان لەبەرچاو نەگرتبێت، هەروەها حاڵی حازر بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی تەكنەلۆژیا و بەجیهانی بوون و شۆڕشی زانیاری و پەیوەندیكردنەوە خەڵكی هۆشیاریەكی زیاتریان لادروست بووە و پارتە سیاسیەكان ناتوانن خواست و داخوازیەكانیان فەرامۆش بكەن.

*** ڕاگەیاندن ڕۆڵی هێنانەدی خیتابێكی نەتەوەیی یەكگرتوو دەبینێت، بەڵام لەوڵاتانی جیهانی سێدا ڕۆڵی ڕوخاندنی ئەم خیتابە دەبینێت، چۆن دەتوانین ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا بكەینە هۆكارێكی ئیجابی لەم ڕووەوە؟**

- من پێموانییە ڕاگەیاندن ڕۆڵی ڕووخاندنی ئەم خیتابە دەبینێت، بەڵكو ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێكی گرنگ ببینێت لەهۆشیاركردنی ڕای گشتی بەو پرس و مەسەلانەی پەیوەستن بەبەرژەوەندیە نیشتیمانیەكانەوە، هەروەها بەفشاردروستكردن بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و بۆ خستنەڕوی چۆنیەتی ئەداكردن ئەركەكان لەلایەن حكومەتەوە، لە هەمان كاتدا ڕاگەیاندن دەتوانێت هێزێك بێت بۆ هێنانەدی گۆڕانكاری لە كۆمەڵگەدا، بۆ نموونە بڕوانە كاریگەری كەناڵێكی وەك ئەلجەزیرە لەجیهانی عەرەبیدا، كە دەرفەتی بۆ گوزارشتكردن لەبیروبۆچونە جیاوازەكان ڕەخساندووە و ئەمەش كاریگەری ئیجابی لێ دەكەوێتەوە.

*** خەڵك ڕۆڵێكی گرنگ دەبینین لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا بوونی ناسنامەیەكی نەتەوەیی و دابینكردنی مافەكان تا چ ڕادەیەك دەبنە هاندەر بۆئەوەی خەڵك زیاتر بەشداری لەم پرۆسەیەدا بكەن؟**

- گومانی تێدانییە كە بەشداری كردنی خەڵك لەم پرۆسەیەدا زۆر گرنگە، لەبەرئەوە دەبێت هان بدرێن و پاڵنەری پێویستیان بۆ بڕەخسێنرێن بۆ ئەم بەشداریكردنە، لێرەدا دەبێت بایەخێكی تایبەت بدرێت بەدروستكردنی بەها هاوبەشەكان، بە چەسپاندنی گیانی پێكەوەژیان لەكۆمەڵگە فرە نەتەوەكاندا، بەچەشنی عێراق كە پێكهاتووە لەشیعە و سوننە و كوردەكان، بۆ نموونە دەبێت زەمانەتی دابینكردنی مافی نەتەوە جیاوازەكان بكرێت، وەك پاراستن و پەرەپێدانی زمانی تایبەتی خۆیان، بەڵام لە هەمان كاتدا دەبێت بەهای هاوبەش و زەمینەی هاوبەش هەبێت لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی وەك یەك نەتەوە ڕەفتار بكەن.

*** چۆن دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت لەڕێی بنیاتنانی سیستمی حكومڕانێتی و چەسپاندنی سەروەری یاساوە ئیدارەی ژیانی كۆمەڵگە بكات بێئەوەی ئەمە ببێتەهۆی وروژاندنی هیچ مەترسیەك؟**

- من پێمواپە دەتوانێت لەڕێی بەدیموكراتیكردنی دامەزراوەكانەوە ئەم كارە بكات، بەچەشنێك ئەمە ببێتەهۆی سەقامگیركردنی بارودۆخی كۆمەڵگە و بتوانێت لەئاست خواست و پێداویستیەكانی خەڵكدا بێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من ئومێدی سەركەوتن و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم.

> **گەشەپێدان و تەكاندان بەدیموكراسی و بایەخدان بەپاراستنی مافەكانی مرۆڤ یەكێكە لەپێداویستی و مەرجە بنەڕەتیەكانی بەردەوام بوونی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە**

> **دیموكراسیبوون بۆتە خەسڵەتێكی بنەڕەتی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و لەم ڕۆژگارەشدا زەحمەتە بێ پیادەكردنی دیموكراسی بتوانرێت حكومڕانێتی نەتەوەیەك بكرێت**

### کیڤن جۆهانسۆن بۆ گوڵان:

# لەقۆناخی بونیادنانەوەی نەتەوەدا چەندین پرسی گرنگ هەن بەکۆدەنگی یەکلایی دەکرێنەوە

**پـرۆفـیـسـۆر کیڤن جۆهانسۆن راگری کۆلێژی یاسایە لەزانکۆی کالیفۆرنیا و سـەرنـووسـەری گۆڤاری هـارڤـارد لـۆ ریڤیوویە، پسپۆر و تایبەتمەندە لەمافە مـەدەنـیـیـەکـان و هەروەها لـەپـرۆسـەی دەسـتـووری دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، بۆ قسەکردن سەبارەت بەم قۆناخە گرنگە و پێکەوە بـەسـتـنـەوەی بونیادی دیموکراتی و گەشەپێدانی نەتەوە، پرۆفیسۆر جۆهانسۆن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



**سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکی زۆر جیاواز لەئەمریکا هەن کە خاوەنی پاشخانی ئاینی و نەتەوەیی جیاوازن، بەڵام لەپرسە سیاسیەکاندا هەموو وەک ئەمریکیەک کاردەکەن، ئەم ناسنامە نەتەوەییە هاوبەشە زۆر یارمەتیدەر بووە لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا**

*** سـەرکەوتن یان تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتقالـی پێویستـی بەکۆدەنگیەکـی نیشتمانی هەیە، ئایا چۆن ئەم کۆدەنگیە دروستدەکەین؟**

- بۆ سـەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویست بەپابەندبـوون دەکات بەدرێژەپێـدان و بەردەوامبـوون لەسـەر ئەنجامدانی ئەم پرۆسـەیە، هەروەهـا ئەمـە پێویسـت بەئەنجامدانی گفتوگۆیەکی نیشتمانی دەکات بۆ گەیشتن بەکۆدەنگیەك، یاخود دەتوانیـن بڵێین بەلای کەمـەوە دەبێت خەڵکی پشـتیوانی لەم پرۆسەیە بکات، هەروەها هەر نەتەوەیەك هەوڵی بنیاتنانی توانا و حکومڕانێتیەکی سەرکەوتوو بدات پێویستی بەسـوود وەرگرتن لەئەزموون و شـارەزایی نەتەوەکانی دیکە هەیە، واتە دەبێـت لـەم ڕووەوە سـوود لەهاوکاری و یارمەتـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی وەربگرێت.

*** ئەو مەسـەلانە چین کە پێویستە لە قۆناخی ئینتقالـی بە کۆدەنگی هەموو لایەك یەکلاییبکرێنەوە، مەبەستمان ئەوەیە ئەو خاڵە هاوبەشانە چین هەموو لایەنەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە؟**

- لەڕاسـتیدا لەکاتی بنیاتنانی نەتەوە یان حکومەتێکی نەتەوەیدا دەبێت سەرەتا چەند مەسـەلەیەك یەکلابکەیتەوە، وەك ئەوەی ئایـا هەوڵی پێکهێنان وبنیاتنانی چ جـۆرە حکومەتێك دەدەیت، ئایا تا چ ڕاددەیەك دەبێت ڕەزامەندی خەڵکی لەسەر بێت، ئایا تـا چ ڕاددەیەك حکومەتێکی دیموکراتـی بێـت، میکانیزمەکانـی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و چاودێریکردنی دەسـەڵات وحکومەتکە چین. بەو پێیە مـن پێموانییـە مەسـەلەکە ڕاگرتنی هاوسـەنگیە، بەڵکـو پتـر ئەوەیە ئایا ئەگەر دەمانەوێت نەتەوەیەکی دیموکراتی بنیاتبنێین، مەرج و پێداویستیەکان چین، چونکە من پێموایە ئەم دوو پرۆسەیە شان بە شانی یەك دەڕۆن.

*** بـەڵام هەنـدێ لەنەتـەوەکان، وەك نەتەوەکانی ئاسـیا نەیانتوانیوە لەهەردوو پرۆسەکەدا سەرکەوتوبن، ڕا و بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- هەروەك پێشـتر ئاماژەم پێکرد کاتێك پرۆسـەی بنیاتنانی نەتەوە دەخەیتەگەڕ دەبێت سـەرەتا چەنـد بڕیارێکی گرنك بدەیت دەربارەی ئـەوەی چ جۆرە نەتەوە و حکومەتێك بنیات دەنێیت، شێوازەکانی لێپرسـینەوە و چاودێکردنـی حکومەت چیـن، بۆ نموونـە کاتێـك داڕێژەرانی دەسـتووری ئەمەریکا دەسـتووری ئەو وڵاتەیان نووسیوە، ئەم بڕیارە بنەڕەتیانەیان یەکلاکـردەوە سـەبارەت بەچۆنیەتـی ڕێکخسـتنی دەوڵەت. لـەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لەسـەرەتاوە بایـەخ بەهێنانەدی حکومڕانێتیەکی دیموکراتی نەدرێت، ئەوا لەکۆتاییدا ڕەنگە نەتەوەیەك و حکومەتێك بێتە ئـاراوە کە خۆی بەناچـار نازانێت پابەندبێت بە دیموکراتیەوە، دیموکراسـی دەبێتـە مەسـەلەیەکی لاوەکـی، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەم دوو پرۆسەیە پێکەوە ئەنجامبدەین، ئەوا دەبێت ئەو کەسـانەی بەم ئەرکە هەڵدەسـتن پابەندبن بە هەردو ئامانجەکەوە.

*** ئێمـە دەزانیـن لەسـەدەی نـۆزدە کۆمەڵگەکانـی وڵاتانـی ئەوروپـای ڕۆژهەڵات دژی پێکهێنان و دروستبوونی پارتـە سیاسـیەکان بـوون لەبەرئەوەی پێیانوابوو دروستبوونی ئەم پارتە سیاسیانە دەبێتەهۆی لاوازکردنی خیتابی نەتەوەیی یەکگرتـوو لەو کۆمەڵگەیانـەدا، بەڵام دواتر توانیان ئەم کێشەیە چارەسەربکەن، لەکاتێکدا هێشـتا ئەم کێشەیە وەك خۆی ماوەتەوە لەوڵاتانی جیهانی سـێدا، چۆن بتوانین هەنگاو بنێین بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە و لەهەمان کاتدا

پرسیارێکی قورسیشە. ئەگەر بمانەوێت بەهەردوو ئاراستەکەدا کاربکەین، مەبەستم ئەوەیە لەپاڵ سەرقاڵبوونمانەوە بەبنیاتنانی نەتەوەوە پەرە بەدیموکراسیش بدەین، ئەوا دەبێت سەرەتا جۆرێك لەمتمانە و گیانی هاوکاری لەنێوان گروپ و پارتە جیاوازەکاندا بهێنرێتەدی، نەك تەنها بایەخ بەم پارتانە لەبەدەستهێنانی دەسەڵاتدا کورت ببێتەوە. ئەمە تەحەدداکەیە کە بتوانین زەمینەیەکی هاوبەش، ئامانجی هاوبەش بخولقێنین، هەرچەندە ئەمەش لەوڵاتێکە بۆ وڵاتێکی دیکە لەهەلومەرجێکەوە بۆ هەلومەرجێکی دیکە دەگۆڕێت.

*** ئایا لەم قۆناخە هەستیاردا ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابیانە بگێڕێت؟**

- گومانی تێدانییە ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت، بەڵام دەبێت ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و سایتەکانی ئەنتەرنێت بەوریاییەوە ئەرکی خۆیان ئەدا بکەن و ڕۆڵیان نەبێتە قوڵکردنەوەی جیاوازی و دابەشبونەکانی کۆمەڵگەکە، بەڵکو پتر هەوڵی لێکنزیکردنەوە و پڕکردنەوەی ئەو دابەشبونانە بدەن، من داوای ئەوە ناکەم چاودێری بخرێتەسەر ئەم دەزگایانە، بەڵام دەبێت بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ پرس و مەسەلەکاندا بکەن.

*** خەڵك ڕۆڵێکی گرنگ دەبینین لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بوونی ناسنامەیەکی نەتەوەی و دابینکردنی مافەکان تا چ ڕاددەیەك دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن؟**

- من لێرەدا دەمەوێت باس لەئەزمونی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بکەم، کە سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکی زۆر جیاواز لەئەمریکا هەن کە خاوەنی پاشخانی ئاینی و نەتەوەی جیاوازن، بەڵام لەپرسە سیاسیەکاندا هەموو وەك ئەمریکیەك کاردەکەن، ئەم ناسنامە نەتەوەییە هاوبەشە زۆر یارمەتیدەر بووە لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا، هەروەها بۆتەهۆی ئەوەی پتر جەخت لەسەر لایەنە هاوبەشەکان بکرێت، نەك ئەو لایەنانەی جیاوازی و دابەشبون دروست دەکەن. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت ئەمەریکا دووچاری کێشە نەبووە لە نێوان گروپە ئاینی و نەتەوەیە جیاوازەکاندا کە هەندێ جار بە باشی مامەڵەمان لەگەڵدا کردون و هەندێ جار لە ئاستی پێویستدا نەبووە، کەواتە ئەمە تەحەدایەکە بۆ هەمو وڵاتان.

*** چۆن دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت لەڕێی بنیاتنانی سیستمی حکومڕانێتی و چەسپاندنی سەروەری یاساوە ئیدارەی ژیانی کۆمەڵگە بکات بێ ئەوەی ئەمە ببێتەهۆی وروژاندنی هیچ مەترسیەك؟**

- دەسەڵات و حکومەت دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لەسەپاندنی یاسا و نیزامدا، بەڵام شێوازی حکومڕانێتیەکە بە پێی کولتووری کۆمەڵگەکە و هەلومەرجی ئابووری دەگۆڕێت، هەروەها چەند مەسەلەیەکی دیکەش ڕۆڵ دەبینن وەك بوونی ئاوەرە و کۆچکردووەکان لەو وڵاتەدا، لێرەدا ئەوەی دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگی ئەو خاڵە بکەمەوە کە دەبێت خەڵکی پشتگیری لە حکومەتکە بکەن و لێی ڕازیبن، بە پێچەوانە ناتوانیت خەڵکەکە بەئاراستەیەکدا ببەیت کە خوازیاری نین.

ئەگەر بمانەوێت لەپاڵ سەرقاڵبوونمانەوە بەبنیاتنانی نەتەوەوە پەرە بەدیموکراسیش بدەین، ئەوا دەبێت سەرەتا جۆرێك لەمتمانە و گیانی هاوکاری لەنێوان گروپ و پارتە جیاوازەکاندا بهێنرێتەدی





# کامیان دەبێتە چارەسەر: حکومەتی سەنتراڵی یان فیدراڵی دەستووری؟

کێشەی عێراق هێندەی کێشەی دەسەڵات و شەڕکردنە لەسەر دووبارە گێڕانەوەی حکومەتی سەنتراڵی بەهێز، هێندە هەوڵدان نییە بۆ بونیادی عێراقێکی نوێی فرەیی و دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی، هەربۆیە چەندە ناوەندی دەسەڵات پێیوابێت، کێشەکان لەڕێگەی حکومەتی سەنتراڵی بەهێزەوە چارەسەردەکرێت، هێندە دەبێت چاوەڕێی کاردانەوەی توندوتیژ و دەستێوەردانی زیاتری دەوڵەتانی دراوسێ بین، کەواتە لەم خاڵەوە کە دەمانەوێت سەیری بارودۆخی عێراق بکەین، دەبینن هۆکاری سەرەکی بۆئەوەی دیاردەی ناسەقامگیری لەعێراقدا ببێتە ئەو دیاردەی دەستی لەیەخەی عێراق نەبێتەوە، چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەیە کە پێویستە چارەسەربکرێن، بەڵام چارەسەرکردنێك هەموو لایەنە پەیوەندارەکانی کێشەکەی پێ رازبن و هەر لایەك تایبەتمەندی بارودۆخی ئێستای عێراق و جۆری کۆمپرۆمایزی پێویست بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنی هاوبەش لەبەرچاوبگرن.

لایەنێکی دیکە کە پێویستە هەموو عێراقیەکان (بەتایبەتی ئەو لایەنانەی توخمی سەرەکی ناو پرۆسە سیاسیەکەن) لەسەری هاودەنگ بن ئەوەیە کە هەوڵەکانیان رێکبخەن بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، بێگومان کە دەڵێین «عێراقی نوێ» بەمانای وشە دەڵێین نوێ، واتە عێراقێك بێت لەئاسەواری سیاسەتە چەوت و رەگەزپەرستی و نادیموکراتیەکانی رژێمی پێشوو داماڵرابێت و لەسەر بنەمای بڕوابوون بەپێکهاتە جیاوازەکانی عێراق و بنەمای مافی هاوڵاتیبوون سەرلەنوێ دارێژرابێتەوە.

ئەم هاودەنگیە ئەگەر دروستبێت، ئەوا هەر لایەك لەلایەنە سەرەکیەکانی عێراق کۆمەڵێك ئەرك و کۆمەڵێك دانپێدانانی دەکەوێتە سەرشان کە دەبێت بەسینگفراوانیەوە جێبەجێی بکات، ئەم هەنگاوە واتە دانپێدانان بەراستیەکان و پاشان هەوڵدان بۆ گەیشتن بەرێککەوتن، قۆناخێکی تازەی متمانە لەناو عێراقیەکاندا دروستدەکاتەوە، کە لانی کەم دەکرێت بڵێین زەمینەی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لەچوارچیوەی یەکپارچەیی عێراقدا مسۆگەر دەکات.

بۆئەوەی بەهەڵە لەمانای داپێدانان بەڕاستیەکان و پاشان هەوڵدان بۆ رێککەوتن تێنەگەین، ئەمە بەو مانایە نییە کە کورد داوای ئەوە دەکات عەرەبی عێراق بەسوننە و شیعەوە داوای لێبووردن لەگەلی کوردستان بکەن، یان عەرەبی عێراق دوای گەرەنتی ئەوە لەکورد بکات دەبێت گەرەنتی مانەوەی هەتاهەتایی لەعێراقدا ئیمزا بکات، بەڵکو بەو مانایە دەیڵێین، کە کۆمەڵێك راستی هەن دەبێت لایەنەکان پێش چوونە نێو دانوستاندن و دیالۆگ ئیعترافی پێبکەن، ئەم ئیعتراف پێکردنە هیچ شتێك لەشکۆی لایەنە سەرەکیەکان کەمناکاتەوە، تەنها ئەوە نەبێت زەمینەیەکی لەبار و کەشوهەوایەکی لەباری ئەوتۆ دەڕەخسێنێت، ئەگەر لایەنە سەرەکییەکان سازیش بۆیەکتری بکەن، خۆیان بەدۆڕاو نەزانن، هەربۆنموونە:

١- لایەنی کوردستانی دەبێت دان بەو راستیەدا بنێت، لەم قۆناخەدا ئامادەنییە قوربانی بەو دەسکەوتانە بدات کە تائێستا بەدەستهاتوون، بۆیە بیرکردنەوە لەم قۆناخەدا بۆ ئەوەی لەعێراق جیاببینەوە کارێکە تاقیناکرێتەوە، هەروەها کارتێکیش نییە لەمانۆری دبلۆماتیدا بەکاربێت، بۆیە ئێمە داوای ئەوەدەکەین شێوازی مانەوەمان لەچوارچێوەی عێراقدا سیفەتی ئارەزوومەندانەی پێبدرێت، لەبەرئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەجیهان بڵێین خۆمان بەئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی عێراقدا ماوینەتەوە و مانەوەمان لەم قۆناخە لەچوارچێوەی عێراقدا بەپەسەندتر دەزانین.

٢- لایەنی عەرەبی سوننە هەقە ئیعتراف بەو راستیە بکات و هەموو عێراقیەکان (بەتایبەتی کورد و شیعە) لەوە دڵنیا بکاتەوە، خەو بینین بەگێڕانەوەی رابردوو، عەرەبی سونە دووچاری ما ڵکا و لی زیاتردەکات،


WALSH

ئەو زەمەنە بەسەرچوو جارێکی دیکە عێراق لەسەر دەستی کەمینەیەك و لەچوارچێوەی حکومەتێکی سەنتراڵی بەهێزی عەسکەرتار بەڕێوەبچێت، بۆیە دەبێت ئێوەش ترسی ئەوەتان نەبێت کە ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین، بۆ ئەوەمان نییە سەردەمی پێشوو بگێڕینەوە.

٣- لایەنی شیعە کە بۆ بونیادنانەوەی عێراق کۆڵەگەی سەرەکیە و ئەو لایەنەیە کە هەموو کات حکومەتی عێراق بەڕێوەدەبات، لەکورد زیاتر پێویستی بەوە هەیە دان بە راستیەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس بنێت، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەم خاڵانەیە:

أ- لەزۆربەی شوێنەکانی بەشە عەرەبیەکەی عێراق، تێکەڵاویەکی زۆر زۆر لەنێوان شیعەو سونە هەیە، هەروەها خزمایەتی و ژن و ژنخوازیەکی زۆریش لەنێوان عەرەبی سونە و عەرەبی شیعەدا هەیە، بۆیە دەبێت لایەنی شیعە دان بەم راستیەدا بنێت و بیسەلمێنێت کە هێز نییە بتوانێت ئەم دیمۆگرافیە لێکجیابکەتەوە یان لێکیان دابڕێت.

ب- گرنگە لایەنی شیعە دان بەو راستیەدا بێت، گۆڕینی رژێمی و بەعس و پیادەکردنی دیموکراتی لەعێراقدا مانای وەرگرتنەوەی حکومڕانی نییە لەسوننە، بەڵکو سوننە لەناوچەکانی خۆیان هەر حکومڕانن، ئەوەی لەسونە وەرگیراوەتەوە ئەو غەدرەیە کە رژێمی بەعس لەعێراقیەکانی دیکەی کردووە بە (سونە و شیعەو کوردەوە) واتە سیستمی تازەی عێراق چۆن مافی حکومڕانی دەدات سوننە بەهەمان شێوە مافی حکومڕانی بەکورد و شیعەش لەناوچەکانی خۆیان دەدات و هەمووشیان پێکەوە بەشداری لەحکومەتی هاوبەشی و فیدراڵی هەموو عێراقدا دەکات.

ت- دەبێت مالکی بەو سیفەتەی ئێستا سەرۆك وەزیرانی عێراقە و لایەنێکی شیعەشە، ئەو ئامادەباشییەی تێدابێت، لایەنی کورد و سونە دڵنیا بکاتەوە، کە هێزی راستەقینە لەدەستی ئەو حکومەتە لۆکاڵانە دەبێت کە لەهەرێمە فیدراڵیەکانی عێراقدا (وەك هەرێمی کوردستان) هەن، حکومەتی فیدراڵی خاوەنی هێزێکی کەم دەبێت و تەنها ئەو دەسەڵاتانە پیادەدەکات کە حەسرین بۆ حکومەتی فیدراڵی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی سەروەری عێراقی پیادە دەکات.

ث- دەبێت لایەنی عەرەبی عێراق (بەسونە و شیعەوە) دان بەو راستیەدا بنێن کە رژێمی پێشووی بەعس زوڵمی لەهەموو عێراقیەکان کردووە، بەڵام لەناو عێراقیەکاندا بەشی شێری ئەو زوڵمە بەر کورد کەوتووە و بەچەندین شێوازی جیاواز سیاسەتی دڕندانەی وەك (کیمیاباران و کۆمەڵکوژی و بەعەرەبکردن و راگواستن و دەرکرن، گۆڕینی دیموگرافی و ئیداری ناوچە کوردییەکان...هتد) لەدژی پیادەکراوە و لەگەڵ ئەوەی ئەم کارانە گەلانی عێراق لێی بەرپرس نین، بەڵام هاوکاری کورد دەبن بۆئەوەی جارێکی دیکە ئەو تاوانانە دووبارە نەبێتەوە.

ج- دەبێت لایەنی عەرەبی ( شیعەو سونە) دان بەراستی سنووری مێژوویی و جوگرافی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراق بنێت، نابێت گومانی ئەوە بهێڵێتەوە، کەگەڕانەوەی ئەو ناوچانەی خاوەنی سامانی سروشتین بۆسەر هەرێمی کوردستان دەبێتە فاکتەرێك بۆ جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق.

ح- بۆئەوەی ئەم دڵەڕاوکێیەی عەرەبی عێراق بەرامبەر کورد کۆتایی پێبێت، دەبێت لایەنی کوردی داهاتی نەوت بگێڕێتەوە بۆ ناوەند، واتە عەرەبی عێراق بگەیەنێتە قەناعەت کە کێشەی کورد کێشەی خاکە نەك داهات.



**بۆئەوەی ئەم دڵەڕاوکێیەی عەرەبی عێراق بەرامبەر کورد کۆتایی پێبێت، دەبێت لایەنی کوردی داهاتی نەوت بگێڕێتەوە بۆ ناوەند، واتە عەرەبی عێراق بگەیەنێتە قەناعەت کە کێشەی کورد کێشەی خاکە نەک داهات**

## ئەم هەنگاوانە تاچەند کاریگەری لەسەر دەستێوەردانی دەرەکی دەبێت؟

دانیاڵ بایمەن ئەندامی ستافی پلاندانانی کۆشکی سپی لەسەردەمی ئیدارەی کلینتۆن و کینس پۆلاك گەورە توێژەری ئامۆژگای برۆکینگز. لەساڵی ٢٠٠٦ لەدیراسەتێکدا بەناونیشانی (ئەمریکا لەبەردەم ٥ ڕێگەچارەی خراپدا لەعێراقدا) ئیدارەی جورج بوشیان لەمەترسی پەرینەوەی پریشکی (Spillover) کێشەکانی عێراق بۆ دەوڵەتانی دراوسێی عێراق ئاگادارکردەوە، بنەمای ئەم ئاگادارکردنەوەیە، لەسەر ئاستی ئەو ئیمتیدادە ئیتنی و مەزهەبیەیە کە گەلانی عێراق بەدەوڵەتانی دراوسێ دەبەستێتەوە، هەربۆنموونە، ئەگەر کێشەکانی کورد لەعێراقدا چارەسەر نەکرێت و ئاژاوە لەهەرێمی کوردستان دروستببێتەوە، ئەوا کورد لەرووی ئیتنیەوە ئیمتدادی لەگەڵ کوردی ئێران و تورکیا بەپلەی یەکەم و کوردی سوریا بەپلەی دووەم هەیە، کەواتە لەرێگەی کوردی عێراقەوە پریشکی ئەو ئاگرەی لەئاکامی ئەو ناکۆکیە دروستدەبێت، تورکیا و سوریا و ئێرانیش دەگرێتەوە، سەبارەت بەعەرەبی شیعە کە ناوچەکانی درێژترین سنووری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە و لەرووی مەزهەبییەوە هەردوولا خۆیان بەئیمتیدادی ئەوی دیکەیان دەزانن، بۆیە ئەگەر کێشە لەگەڵ شیعە دروستبێت ئەوا ئێران راستەوخۆ دێتە ناو کێشەکە. سەبارەت بەعەرەبی سونە لەگەڵ ئەوەی سنووری لەگەڵ (ئوردن، سعودیە، سوریا) هەیە بەڵام سوریا لەهەمووان زیاتر نزیکە بۆ عەرەبی سونەی عێراق بۆیە ئەگەر عەرەبی سونە کێشەی هەبێت ئەوا سوریا دەبێتە لایەنێك لەکێشەکە، ئەوجا بۆئەوەی لایەنە ئیقلیمیەکان نەبنە تەرەف لەکێشەکانی عێراق، پێویستە ئەمریکا هەوڵبدات کێشەکانی عێراق بەزوویی چارەسەربکات، تەنانەت ئەگەر چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستیان بەپیادەکردنی چارەسەرێکی هاوشێوەی یوگسلافیای پێشووش هەبێت. هەروەها کارۆینا پاوڵەریش کە سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهانە، بەهاوکاری لەگەڵ گۆڤاری فۆرین ئەفێرز، لەساڵی ٢٠٠٧ لەراپۆرتێکیدا لەسەر عێراق، عێراقی وەك دەوڵەتێکی فاشیل ناوزەد کردبوو، دەوڵەتی فاشیلیش وەك پاولەر ئاماژەی پێکردبوو، مەبەستی لەوە نەبوو کە عێراق وەك حکومەت فاشیل بووە، بەڵکو وەك دەوڵەت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر حکومەتێك لەعێراقدا حکومڕانی بکات دەوڵەتەکە فاشیلەو بواری ئەوە نەماوە بیر لەناسنامەی هاوبەش بۆ عێراقیەکان بکرێتەوە و پێکەوە بەزۆر لەچوارچیوەی

دەوڵەتێكدا كۆبكرێنەوە، بۆیە پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم ئیدارەی ئەمریكی، كە باشترە بیر لە (یەكێتی دەوڵەتەكانی عێراق) بكرێتەوە، وەك شێوازی دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا، ئەمەش دروست بەو مانایە كە لەعێراقدا ٣ دەوڵەت دروستبێت، ئەم ٣ دەوڵەتە هەر سێكیان مافی ئەندامێتی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت پاشان ئەم ٣ دەوڵەت پێكەوە و لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا یەكێتیەك بەناوی یەكێتی دەوڵەتانی عێراق دروستبكەنەوە، لەسەر ئەم پرسە گرنگە و لەلێدوانێكی تایبەتی خاتوو كارولینا بۆ گوڵان، جەختی لەسەر ئەوە كردەوە ئەگەر دەوڵەتێك فەشەلی هێنا دەبێت بیر لەپێكهێنانی دەوڵەتی تازە بكرێتەوە، پێش ئەوەی رەوتی رووداوەكان گۆمێك خوێن دروستبكەن و پاشانیش بەناچاری پەنا بۆ هەمان چارەسەر ببینەوە، ئیدارەی بوش دوای ئەم هەموو پێشنیارە گەیشتە ئەو قەناعەتەی كە بارودۆخی عێراق سەر لەنوێ پێویستی بەدیراسەت و پێداچوونەوە هەیە، بەڵام بۆ بەدبەختی عێراقیەكان سەرۆك بوش ئەو رێگەی تاقیكردەوە كە نەدەبوو جارێكی دیكە تاقیبكرێتەوە، ئەویش زیادكردنی بەپەلەی هێز و بەهێزكردنی حكومەتی سەنترالی د.مالیكی لەبەغدا بوو، ئەم شێوازەی سەرۆك بوش پەنای بۆ برد تارادەیەك ئاستی توندوتیژی لەعێراقدا هێنایە خوارەوە، بەڵام ماوەی مانگێك دەبێت جارێكی دیكە خەریكە ئاستی توندوتیژی بەرزدەكاتەوە، حكومەتی عێراق لای خۆیەوە هەڵكشانەوەی توندوتیژی دەبەستێتەوە بەدەستی دەرەكی و ئاسانكاری دەوڵەتانی دراوسێوە، لەوانەیە ئەم بانگەشەیەی حكومەتی عێراق بەتۆمەتباركردنی دەوڵەتانی دراوسێ تارادەیەكی باش رێگەی ئەوەی تێبچێت، كە لەسوریاوە ئەو كەسانە هاتبنە ناو عێراقەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە، هەتا ئێستا زانیاریەكان ئاماژە بەوە دەكەن، ئەوانەی ئەو كارەیان كردووە، هۆكاری چارەسەرنەكردنی كێشە ناخۆییەكان بووە، نەك پاڵنەرێكی تیرۆرستی و لەلایەن رێكخراوی قاعیدەوە ئەنجامدرابن، پرۆفیسۆر جامیس دۆبینز بەرێوەبەری ئامۆژگای رەندی ستراتیژی، كە یەكێكە لەو ئامۆژگایانە تارادەیەكی زۆر دیراسەتەكانی تایبەتن بەعێراق و خودی جامیس دۆبینزیش یەكێكە لەو ٥ شرۆڤەگەرەی ئەمریكا كە پێش هەمووان ئیدارەی بوشیان لەمەترسی عێراق ئاگادار كردۆتەوە، لەلێدوانێكی تایبەتیدا بۆ ئەم راپۆرتە راشكاوانە دەستدەخاتە سەر برینەكان و ئاماژە بەوە دەكات كە هۆكاری تەقینەوەكانی ئەم دواییە زیاتر لەكاردانەوەی چارەسەرنەكردنی كێشەكان دەچن، بەڵام تۆمەتەكەش بەتەواوەتی ناخاتە پاڵ سوریا لەبەرئەوەی سنووری نێوان سوریا و عێراق سنوورێكی درێژە و بەسەدان كیلۆمەتر دەبێت و بەئاسانی كۆنترۆڵ ناكرێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەگەر دەستێوەردانی ئیقلیمیش لەبارودۆخی عێراقدا هەبێت هۆكارەكەی ئەوە نییە كە دەوڵەتانی دراوسێ راستەوخۆ و بێ هۆ دەستدەخەنە ناو بارودۆخی عێراق، راستە سوریاو عەرەبستانی سعودی لەوانەیە لەبەهێزبوونی حكومەتی بەغدا نارەحەت بن و لەبەرژەوەندیاندا نەبێت عێراق سەقامگیربێت، بەڵام هەتا بۆشایەك و هۆكار نەبێت ئەوانیش ناتوانن راستەوخۆ بێنە ناو كێشەكە و دەستی تێوەربدەن، بۆیە چەند چارەسەری كێشە ناوخۆییەكانی عێراق بەهەڵواسراوی بهێڵرێتەوە هێندەی دیكە زەمینە لەبارتر دەبێت كە نەك هەر دەوڵەتانی دراوسێ بەڵكو گومانی ئەوەش دەكرێت كە رێكخستنەكانی ئەلقاعیدەش دووبارە دەست بەكاری تیرۆریستی لەعێراقدا بكەنەوە.

## كاریگەری ئەم بارودۆخە لەسەر هەڵبژاردنەكانی ئایندەی عێراق

بۆ هەڵبژاردنەكانی ئایندەی عێراق هەر لەئێستاوە سەرەتای هاوپەیمانی تازە و دەركەوتنی هێزی تازە لەگۆرەپانەكە دەستی پێكردووە، بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنەدا، لایەنی شیعە بەلیستێك زیاتر بەشداری هەڵبژاردن دەكات و هەمان گۆڕانكاریش لەسەر ئاستی سوننە و هەرێمی كوردستانیش مەزندەی بۆ دەكرێت، بەتایبەتی پێدەچێت ئەمجارە نەك تەنها یەكگرتووی ئیسلامی بەڵكو لیستی خزمەتگوزاری و چاكسازی و لیستی گۆڕانیش بەجیا و لەدەرەوەی لیستی كوردستانی بەشداری هەڵبژاردنەكانی عێراق بكەن، ئەم شێوازە تازەیە لەگەڵ ئەوەی ئەمریكا بەسەرەتایەكی تازەی دەزانێت بۆئەوەی عێراقیەكان لەدەوری بەرنامەی سیاسیی هێز و هاوپەیمانیەكان كۆببنەوە، نەك لەدەوری ئیتنی و مەزهەبی، بەڵام ئەم حەزەی ئەمریكا بەو ئاستە سەركەتوو نابێت كە ئەمریكا ئومێدی بۆ دەخوازێت، هەر بۆ نموونە بۆچوونی حزبی ئیسلامی عێراق و د.مالكیی لەسەر دروستبوونی هێزەكانی سەحوە زۆر لەیەكتری دوور نەبوو، بەشێوەیەك لەشێوەكان د. تاریق هاشمی پشتگیری لەدروستبوونی هێزێك بەناوی هێزی سەحوە لەپارێزگای ئەنبار نەدەكرد، بەڵام ئەو پێناخۆشبوونەی تاریق هاشمی لەپێناخۆشبوونەكەی د.مالیكی جیاواز بوو، تاریق هاشمی لەبەرئەوە پێی ناخۆش بوو، كە دەسەڵاتی حزبەكەی لەپارێزگای ئەنبار كەمبێتەوە، بەڵام د.مالكی ترسی ئەوەی هەبوو ئەمریكا زەمینە بۆ گەڕانەوەی سوننە بۆ دەسەڵات خۆشبكاتەوە، لێرەدا راستە لەروویەكەوە تاریق هاشمی و مالیكی لەبەرامبەر سەحوە یەكدەگرنەوە، بەڵام كە مەسەلەكە بوو بەسوننە و شیعە مالیكی و هاشمی یەكناگرنەوە، ئێستاش كە ئەم هاوپەیمانێتیە تازانە دروستدەبنەوە، لەوانەیە لایەنەكان سەبارەت بەبەرژەوەندی سیاسیی خۆیان لەگەڵ هەندێك لایەنی دیكەی ناو پەرلەمانی عێراقی یەكبگرنەوە، بەڵام كە مەسەلەكە بووەوە بەمەسەلەی نێوان كورد و عەرەب، سوننە و شیعە، ئەوا كورد لەدەوری كورد و عەرەب لەدەوری عەرەب، هەروەها سوننە لەدەوری سوننە و شیعە لەدەوری شیعە كۆدەبنەوە، ئەم حاڵەتەش تارادەیەك بەرژەوەندی لایەنەكان لەیەكتری نزیكدەكاتەوە، بەڵام چارەسەری كێشەكان دوورتر دەخاتەوە.



**هەر حكومەتێك لەعێراقدا حكومڕانی بكات دەوڵەتەكە فاشیلەو بواری ئەوە نەماوە بیر لەناسنامەی هاوبەش بۆ عێراقیەكان بكرێتەوە و پێكەوە بەزۆر لەچوارچێوەی دەوڵەتێكدا كۆبكرێنەوە، بۆیە باشترە بیر لە (یەكێتی دەوڵەتەكانی عێراق) بكرێتەوە، وەك شێوازی دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا**

کریستۆفەر هێلمان توێژەر لە سەنتەری زانیاری بەرگری( بۆ گولان):

# دەبێت هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک هەڵبگیرێت نابێت بە بەردەوامی ئەم کێشەیە دوابخرێت

**کریســـتۆفەر هێلمان گەورە توێژەری ســـەنتەری زانیاری بەرگری (Center for Defense Information) یەکێکە لەشرۆڤەوانەکانی سیاسەتی بەرگری ئەمەریکاو ئەندامی سەنتەری سیاسەتی سەربازی بووە بۆ کۆنترۆڵی چەك و رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکە کۆکوژەکان، پێشـــتریش بۆ ماوەی دووساڵ یەکێك بووە لە ســـتاڤی کۆنگرێس بۆ کاروباری بەرگری نیشمانی و کاروباری دەرەوە، لەم چوارچێوەیەدا دۆســـێی عێراق یەکێك بووە لە کارەکانی، بۆ قســـەکردن سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و هەڵکشانەوەی توندوتیژی لە عێراقدا پرۆفیسۆر هێڵمان بەمجۆرە (بۆ گولان) هاتە ئاخاوتن:**



**ئایا سیستمە سیاسییەکە لە عێراقدا ئاشتی و سەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت، بە چەشنێک تێکڕای عێراقییەکان هەست بکەن نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات؟**

*** چـــۆن بارودۆخی ئەمنی ئێســـتای عێراق دەبینیت لـــە پەیوەندیدا بە ڕۆڵی ئیدارەی ئەمەریکا لەم ڕووەوە؟**

- هـــەروەك ئێوەش ئـــاگادارن ئیدارەی ئەمەریکا خواســـتی خۆی خستۆتەڕوو بۆ کشـــاندنەوی هێزەکانی لە عێراقدا لە ماوەی دوو ســـاڵی داهاتـــوودا، بە پێی ئەو بەرنامە و پلانـــەی بۆی دانراوە، بە دڵنیاییەوە ئەمەش بە مانای ئەوەدێت هێزە ئەمنییەکانی عێراق زیاتر بەرپرسیارێتی بارودۆخی ئاسایشـــی وڵاتەکەیان دەگرنە ئەستۆ، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە وەك تەقینەوەو توندوتیژییەکان ئەو پرســـیارە دەوروژێنن ئایا لەم ئەرکەدا ســـەرکەوتوو دەبن؟ ئایا دەتوانن ئەو کردەوە و چالاکییە تێکدەرانە سەرکوت و کۆنترۆڵ بکەن.

*** کردەوەکانی ئەم دواییە گۆڕانکارییان بەســـەر بارودۆخی ئەمنی عێراقدا هێنا، بە تایبەتی دوای ئـــەوەی بۆ ماوەیەکی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بەخۆوە بینی، چۆن ئەڕوانیتە ئەم گۆڕانکارییە؟**

- پێموایە گەورەترین پرســـیار ئەوەیە ئایا سیستمە سیاســـییەکە لە عێراقدا ئاشتی و ســـەقامگیری بەخۆیـــەوە دەبینێت، بە چەشنێك تێکڕای عێراقییەکان هەست بکەن نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات؟، کە ئەمـــەش دەبێتەهـــۆی خاوکردنەوەی گرژی و کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان، لە ڕاستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ڕەنگە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو مەسەلەکان زیاتر ڕوون بکاتـــەوە، هەروەها دەبێت حکومەتە مەحەلیەکانیش نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ناوچەکانـــی خۆیـــان بکـــەن، یەکێکی دیکـــە لە پرســـیارەکان ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیـــەك خەڵکی عێراق متمانە بە هێزە ئەمنیەکانی وڵاتەکەیـــان دەکەن، کەواتە هێشتا پرســـیارگەلێکی زۆری بێ وەڵام ماونەتەوە.

*** عێـــراق ئۆبـــاڵ و بەرپرســـیارێتیی تەقینەوەکان دەخاتە ئەســـتۆی ســـوریا، پرسیارەکە ئەوەیە سوریا چ بەرژەوەندییەکی هەیە لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخی عێراقدا؟**

- لە ڕاســـتیدا دەبێت جیاوازی بکەین لە نێـــوان ئەگەری ئەوەی چەکـــدار یاخود چەك لە ســـوریاوە دزە دەکاتە عێراقەوە، لەگـــەڵ ئەوەی ئایا حکومەتی ســـوریا تێوەگلاوە لە پشتیوانیکردنی یاخیبوون لە عێراقدا، ئەمە هێشـــتا یەکلانەبۆتەوە. لە هەمان کاتدا چەند کەسایەتییەکی سوننی لە بەعسییەکانی عێراق لە سوریادا هەن، کە ڕەنگـــە ڕۆڵیان هەبێت لـــە هاندانی یاخیگـــەری لـــە عێراقدا، بـــەڵام ئایا حکومەتی سوریا بەشـــدارە لەم کارەدا؟، وەك پێشـــتر ووتم ئەمە پرســـێکە هێشتا یەکلانەبۆتەوە.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان واسە سوریە و سعودیە هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەیە لە پشتیوانیکردن لە ســـوننەکانی عێراق ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاســـتیدا چەند هۆکارێك لە ئارادان بۆ ئەوەی سوریا و سعودیە لەگەڵ ئەوەدا نەبن شـــیعەکان بە تەواوەتی کۆنترۆڵی عێـــراق بکـــەن و ڕەنگـــە لـــەم ڕووەوە هەوڵی ســـنورداركردنی دەسترۆیشتووی شـــیعەکانیش بـــدەن، بەو پێیـــە ئەگەر بمانەوێت لە مەودای دووردا عێراق ئاشتی و ســـەقامگیری بەخۆیـــەوە ببینێت ئەوا دەبێت بەشداری بە دەوڵەتە دراوسێکانیش بکرێت، یاخود عێراق بگاتە ڕێککەوتنێك لەگەڵیانـــدا، بۆ نموونـــە دەبێت هەرێمی کوردستان بگاتە جۆرێك لە تێگەیشتن و ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیادا.

*** ئەی ســـەبارەت بە ڕۆڵـــی ئێران، ئایا ڕۆڵی ئێران چۆن دەبینیت؟**

- من گریمانەی ئەوەدەکەم لەبەر ئەوەی ســـوریا ڕابردوویەکی بەعسیانەی هەیە، ئەوا ڕەنگـــە پتر بەلای بەعســـیەکاندا دایبشـــکێنێتەوە، بـــەڵام لەبـــەر ئەوەی ئێرانییەکان نەهامەتی زۆریان بەدەســـتی بەعسیەکان بینیوە، ئەوا دژی بەعسیەکانن و پشتگیری لە شیعەکان دەکەن، ئەمەش جێی سەرسوڕمانی من نییە. من پێم وایە دەبێت ئەولەویەتی عێراق بۆ پاراســـتنی سەقامگیری سیستمە سیاسیەکە ئەوەبێت کە گفتوگۆیەکی دیبلۆماسی ئەنجام بدات لەگەڵ هێزە ئیقلیمیەکاندا بۆ ئەوەی چیتر

**دەبێت ئەولەویەتی عێراق بۆ پاراستنی سەقامگیری سیستمە سیاسیەکە ئەوەبێت کە گفتوگۆیەکی دیبلۆماسی ئەنجام بدات لەگەڵ هێزە ئیقلیمیەکاندا بۆ ئەوەی چیتر دەستێوەردان لە ژیانی سیاسی عێراقدا نەکەن**

دەستتێوەردان لە ژیانی سیاسی عێراقدا نەکەن. بۆ نموونە دەبێت ئێمە خوازیاری ئەوەبین تورکیاش دەستێوەردانێکی کەمتر بکات لە کوردستاندا.

*** ئەی ئەو هۆکارانە وا لە سعودیە دەکات دەستێوەردان لە عێراقدا بکەن چیین؟**

- ئەوە ڕاستە سعودییەکان خۆشحاڵ نین بەم بارودۆخە، بەڵام من پێم وایە لە مەودای دووردا سعودییەکان واقیعیانە مامەڵە دەکەن و هەوڵدەدەن بە باشترین شێوە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا و، ئەوەیان لەبەرچاو دەبێت کە بەلای کەمەوە تا ئایندەیەکی دیاریش شیعەکان حوکمڕانێتی عێراق دەکەن، ئەمەش لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئەمەریکاوە دروست بووە و ئومێدی ئەوە لە ئارادانییە پێچەوانە بکرێتەوە.

*** یەکێکی دیکە لە کێشە هەستیارە هەڵپەسێردراوەکان، کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقییە،، بەڵام سەرۆک وەزیرانی عێراق ئامادەی یەکلاکردنەوەیان نییە، ئایا تا چ مەودایەك ئەمە دەبێتە سەرچاوەی خراپتربوونی بارودۆخەکە؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە. من پێم وایە دەبێت زەمانەتی پاراستنی مافی کەمینەکان بکرێت لە کەرکوکدا، بە چەشنێك ئەگەر کوردەکانیش ببنە حوکمڕانی ئەو شارە، ئەوا کەمینەکان ترس و نیگەرانی ئەوەیان نەبێت مافەکانیان لێ زەوت دەکرێت، هەرچۆنێك بێت ناکرێت ئەم کێشانە بە شێوەیەکی ڕواڵەتیانە چارەسەربکرێت و هەمیشە دوابخرێت، بە تایبەتی ئەگەر بزانین ئەمانە کێشەگەلێکی ئیتینین و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە بونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم چارەسەرێکی دیاری کراو دەستنیشان و پێشنیار بکەم بۆ ئەم کێشانە.

*** ئایا ڕۆڵی سەرکردە کوردەکان چۆن دەبینیت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانەدا؟**

- لە ڕاستیدا من تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم ئەمە تەنگژەیەکی سیاسییەوە دەبێت بە وورییاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

*** ئایا هۆکاری ئەم پشتگوێخستنەی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ کێشەکانی عێراق بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ڕەنگە شتێکی ڕەوا نەبێت بەمشێوەیە وەسفی ئیدارەی ئەمەریکا بکرێت، لەبەر ئەوەی هێشتا کەسانێك هەن لە ناو ئیدارەی ئۆبامادا کە مەسەلەی عێراق زۆر بە جیددی وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم ئەوە بڵێم کە حاڵی حازر مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆر ناکرێت لە بارەی عێراق و لە بارەی کوردستانەوە بە تایبەتی، لە کاتێکدا دوو ساڵ پێش ئێستا بە چڕی لە بارەیانەوە دەنوسرا لە ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتەدا، ڕەنگە ئەمە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی ئەمەریکییەکان بێت،،بەڵام لە ناو ئیدارەی ئۆبامادا کەسانێك هەن ئەم مەسەلەیە بە جیددی وەردەگرن. لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەوە وەسفکردنێکی ڕەوا نەبێت بۆ هەڵوێستی ئەمەریکا.

*** عێراق بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەڕوات، زۆرێك لە چاودێران پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکەن، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەگەری هەرەسهێنانی دۆخە ئەمنییەکە دەکرێت ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە هەڵبژاردنێکە زۆر گرنگ دەبێت، بە تایبەتی کە دەبێت عێراق بەرەو بەهێزکردنی حکومەت و توانا ئەمنیەکانی هەنگاو بنێت بە چەشنێك ببێتە جێی متمانەی خەڵکی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ئاماژەگەلێکی زۆر لە ئارادان کە خەڵکی عێراق متمانەیان بە حکومەتەکەیان نییە. من زۆر گەشبین نیم بە ئایندەی عێراق. شەڕ لەم وڵاتەدا کاریگەرییەکی زۆر خراپی جێهێشتووە و ڕەنگە دوای ماوەیەکی دوورودرێژی ساڕێژبوون و خۆگونجاندن لەگەڵ هەل و مەرجە نوێیەکەدا بتوانرێن پەیوەندییەکی سیاسی ئاسایشی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا بێتەدی.

*** دوا وتەت چییە؟**

من پێم وایە نەك هەر خەڵکی ئەمەریکا، بەڵکو لە تێکڕای جیهاندا خەڵکی بە نیگەرانییەوە لە ناکۆکیەکانی نێوان عێراقییەکان دەڕوانن و ئومێدی خێر بۆ خەڵکی عێراق دەکەن.



دیک سیمپسۆن پسپۆرو تایبەتمەند لەسەر سیاسیەتی دەرەوەی ئەمەریکا( بۆ گوڵان):

# ئێمە وەک ئەمەریکا چیتر ناتوانین بە چەشنی سەرەتای شەڕەکە ئاڕاستەی ڕووداوەکان لە عێراقدا دیاری بکەین



**پرۆفیسۆر دیك سیمپسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئللینیوی لە شیکاگۆ و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسیەتی ئەمەریکا بە تایبەتی لەبواری سیاسەتی بەرگری، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا و هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، پرۆفیسۆر سیمپسۆن بەمجۆرە رای خۆی بۆ( گوڵان) دەربڕی:**

*** چۆن بایەخپێدانی ئیدارەی ئۆباما هەڵدەسەنگێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی عێراق پێش ئەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکە بکشێنەوە؟**

نیگەرانی ئەوە لە ئارادایە کە لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی داهاتوودا بارودۆخەکە بەرەو ناسەقامگیری بچێت و ڕەنگە ئەو ڕاوێژکارانەی ئەمەریکا لە عێراقدا جێیان دەهێڵێت بەس نەبێت، هێشتا ڕوون نییە ئایا حکومەتی عێراق دەتوانێت ئیجماعێك لە نێو پێکهاتە و گروپە ئاینی و ئیتنیەکانی وڵاتەکەدا بهێنێتەدی کە ناکۆکییەکانی نێوانیان وڵاتەکەیان بەرەو دابەشبوون بردووە. ئیدارەی ئەمەریکا زیاتر پشت بە بەهێزکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حکومەتی عێراق دەبەستێت کە ڕەنگە ئەوەش مایەی گیروگرفت بێت. ئەوە ڕاستە ئیدارەی ئەمەریکا تەرکیزێکی تایبەتی کردۆتە سەر ئەفغانستان، لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەل قاعیدە و تاڵیبان لەو وڵاتەدا هەڕەشەیەکی گەورەترن بۆ سەر ئەمەریکا، بەو پێیە هەندێ لەو سەرچاوانەی بۆ عێراق تەرخان کرابوون لە ئەفغانستاندا دەخرێنە گەڕ.

*** عێراق ئۆباڵ و بەرپرسیارێتی تەقینەوەکانی ئەم دواییەی بەغدا دەخاتە ئەستۆی سوریا، پرسیارەکە ئەوەیە سوریا چ بەرژەوەندییەکی هەیە لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخی عێراقدا؟**

- دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق وەك سوریا و ئێران و هەندێ دەوڵەتی دیکە بەهێزی خۆیان لە لاوازی عێراقدا دەبیننەوە و پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان بتوانن سەرکردایەتی جیهانی عەرەبی بکەن، هەرچەندە وڵاتێکی وەك ئوردن بەرژەوەندی خۆی لە لاوازی

عێراقدا نابینێت و خوازیارە دووبارە عێراق بەهێز و سەقامگیری بێت بۆ ئەوەی ئاوارەکانی ئەو وڵاتە بتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و ئوردن جێبهێڵن.

*** لەم باردۆخە ئاڵۆزەدا کە کۆمەڵێك کێشە و گرفت لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، کورد هەست بەمەترسییەکی جیدی دەکات، بەتایبەتی لەو مەسەلانەی پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەوە هەیە، ئایا ئێوە ئەم ترسەی کورد لە شوێنی خۆیدا دەبینن؟**

- بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕابردووەی کوردەکان هەیانبوو لەگەڵ سەدام حوسێندا ئەوا هۆکاری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی مەترسیان هەبێت لە ئاست عێراقدا و نیگەران و سەرقاڵی ئەوەبن کە زەمانەت بەدەستبهێنێت بۆ پاراستنی ناوچە کوردییەکان کەلە ژێر کۆنترۆڵی مەحەلی خۆیاندایە، لە هەمان کاتدا ئەگەر کوردەکان لە عێراق جیاببنەوە ئەوا عێراق بچوکتر دەبێتەوە و بەشێك لە سەرچاوە نەوتییەکانی لە دەست دەدات، بەو پێیە ئەمە دەبێتەهۆی لاوازکردنی ئەگەری بوونی نەتەوەیەك لە عێراقدا، لەبەر ئەوە گرنگە عێراق هەوڵی قەناعەت پێهێنانی کوردەکان بدات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی عێراق و وەك بەشێکی لە نەتەوەیەکی یەکگرتوو بمێننەوە.

*** کوردەکان ڕۆڵێکی باشیان بینیوە لە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی هەرێمەکەیاندا، هەروەها توانیویانە ئاسایش و سەقامگیری ئەم هەرێمی بپارێزن، بە چەشنێك هەندێ کەس ئەمە بە تاکە دەستکەوتی ئەمەریکا دەزانن لە عێراقدا، چۆن پەیوەندی کوردەکان و ئیدارەی ئۆباما لێکدەدەیتەوە؟ ئایا تا چ ڕاددەیەك ئیدارەی ئۆباما بایەخ بەم سەقامگیری و گەشەکردنە دەدات لە کوردستاندا؟**

- ئیدارەی ئەمەریکا خوازیارە عێراق وەك دەوڵەتێکی سەقامگیر و یەکگرتوو بمێنێتەوەو گفتوگۆی نێوان لایەنەکانی عێراق سەرکەوتوو بن، ئەگەرچی ئەمانە گفتوگۆیەکی سەختیشن، هەروەها گەلی ئەمەریکاش خوازیاری ئەوەیە لە دوای پاشەکشەکردنی هێزەکان ئەمەریکا عێراقێکی بەهێز و سەقامگیر لە دوای خۆی جێبهێڵێت.

*** عێراق بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەڕوات، زۆرێك لە چاودێران پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکەن، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەگەری هەرەسهێنانی دۆخە ئەمنیەکە دەکرێت ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی وڵاتی سیرالیۆن دەبینین دوای ١٢ ساڵ شەڕی ناوخۆ و دوای کۆتای هاتنی ئەو شەڕە لە ساڵی ٢٠٠٢دا دوو هەڵبژاردنی سەرکەوتوو ئەنجامدران، کە بوونە هۆی گۆڕینی حکومەتی ئەو وڵاتە و توانیان دووبارە ئاوێتەبوونێك لە کۆمەڵگەکەدا دروست بکەنەوە، ئێمە ئومێدەوارین شتێکی لەم چەشنە لە عێراقدا ڕوودات، سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوارەی بەهۆی شەڕەوە لەم وڵاتەدا دروست بووە.

*** ئایا پەیوەندییەکانی ئیدارەی ئۆباما و عێراق چۆن دەبن دوای ئەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتای ساڵی ٢٠١١دا لەو وڵاتە دەکشێنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە دەوەستێتەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ئەو حکومەتەی دێتەئاراوە، بەڵام ئێمە ئومێد دەکەین بتوانین بەردەوام بین لە سەر دابینکردنی یارمەتی ئابووری و ڕاوێژی ئەمنی و سەربازی بۆ عێراق، ئامانجەکە خولقاندنی کەشێکە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی ئیجابی کەلە داهاتوودا بەردەوام بێت، بە دڵنیاییەوە ئەمە ئاسان نییە و دەوەستێتەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە عێراق و ئاستی ئەو توندوتیژییەی لە عێراقدا سەرهەڵئەدات. هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ئاسانترە، بەڵام ئەگەر کێشە و ناکۆکی گەورە لە نێوان کوردستان و حکومەتی عێراقدا ڕوودات لەسەر مەسەلەی کەرکوك یان هەر مەسەلەیەکی دیکە ئەوا ئەمە دەبێتە کێشەیەکی دژوار بۆ ئەمەریکا و ڕەنگە ئەمەریکا ئەو کاتە بتوانێت سەرکەوتوو بێت کە لایەنگری هیچ لایەنێك نەکات و پەیوەندی باشی لەگەڵ تێکڕای لایەنە ئاینی و ئتینیەکاندا هەبێت.

*** پێشبینیت چی یە بۆ ئایندەی عێراق، ئایا ئەگەری دابەشبوونی ئەم وڵاتە لە ئارادایە بە چەشنی یوگسلافیای پێشوو، یان ئەم وڵاتە بە یەکگرتووی دەمێنێتەوە؟**

- گرنگە قۆناغە ئینتیقالیەکە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێت، ئەگەرچی قۆناغێکی سەختیشە، ڕاستە ئەمەریکا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەم ڕووەوە، بەڵام من پێم وایە ئەم مەسەلەیە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە بە شێوەیەکی گشتی و بۆ سەرکردەکانیان بە شێوەیەکی تایبەتی کە هەوڵی بنیاتنانەوەی نەتەوەکەیان بدەن دوای حوکمی سەددام و دوای شەڕەکەی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، ئەمە ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، بەڵام ئێمە چیتر ناتوانین بە چەشنی سەرەتای شەڕەکە ئاراستەی ڕووداوەکان لە عێراقدا دیاری بکەین.

*** هەڵوێستی ڕای گشتی ئەمەریکا چی یە لەم ڕووەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە بەهۆی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری و زیادبوونی کێشەکان لە پاکستان و ئەفغانستاندا، خەڵکی ئەمەریکا چیتر خوازیار و پشتیوانی ئەءنین ماوەیەکی زیاتر هێزەکان لە عێراقدا بمێننەوە و سەرچاوەی دارایی زیاتر بۆ ئەو وڵاتە تەرخان بکرێت.

*** دوا وتەت چی یە؟**

- پەیامی هەموو ئەمریکییەکان ئەوەیە:(( خوازیاری سەرکەوتنی عێراقن و ئومێدەوەران کە ئەمەریکا هەرچی لە توانایدا بێت بیکات بۆ یارمەتیدانی عێراق بۆ ڕزگاربوونی لەم هەلومەرجە سەختە.

**ئەمەریکا تەرکیزێکی تایبەتی کردۆتە سەر ئەفغانستان، لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەل قاعیدە و تاڵیبان لەو وڵاتەدا هەڕەشەیەکی گەورەترن بۆ سەر ئەمەریکا، بەو پێیە هەندێ لەو سەرچاوانەی بۆ عێراق تەرخان کرابوون لە ئەفغانستاندا**

**دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق وەک سوریا و ئێران و هەندێ دەوڵەتی دیکە بەهێزی خۆیان لە لاوازی عێراقدا دەبیننەوە و پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان بتوانن سەرکردایەتی جیهانی عەرەبی بکەن**

**جامیس دۆبینس( بەڕێوەبەری ئامۆژگای رەند بۆ دیراساتی ستراتیژی) بۆ گوڵان:**

# لەبەر ئەوەی ئێستا ناوماڵی شیعە جیاوازی تێکەوتووە کورد و سونە دەتوانن رۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕن

**جامیس دۆبینز بەڕێوەبەری ئامۆژگای رەندە بۆ دیراساتی بەرگری ئاسایشی نێودەوڵەتی و سیاسەتی بەرگری و نوێنەری تایبەتی ئیدارەی ئەمەریکابووە بۆ کێشەکانی ( کۆسۆڤۆ،بۆسنیا،هایتی، سۆماڵ،ئەفغانستان)و پسپۆرو تایبەتمەندیشە لەسەر کێشەی عێراق و، یەکێکە لەو پێنج پسپۆرەی کە ئیدارەی جورج بوشی لە مەترسی عێراق ئاگادار کردەوە، ئەم پسپۆرە گەورەیە کە لەیەك کاتدا لە رووی تیۆری پراکتیکەوەو لەسەر ئەرزی واقیع مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکات، خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە و لەسەر ووردەکاری کێشەکان رادەوەستێت، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان دەمێك بوو دەمانوویست راستەوخۆ لەگەڵ ئەم دبلۆماتە گەورەیە باسی کێشەکانی عێراق و کوردستان بکەین، بەڵام سەرقاڵی دۆبینس ئەو بوارەی بۆ نەرەخساندین، هەتا بۆئەم ژمارەیە بەشداری لەم راپۆرتەدا لەگەڵ کردین و راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەی گوڵانە لەگەڵ جامیس دۆبینز.**



*** چۆن بەرەوپێشچوونەکانی بارودۆخی ئەمنی و کاردانەوە و کاریگەری تەقینەوەکانی ئەم دواییەی شاری بەغدا دەبینیت لە سەر دۆخی ئەمنی وڵاتەکە؟**

- دۆخەکە هێشتا لەرزۆکە، ئەگەرچی ئەگەر بەراوردی بکەین بە بارودۆخی کۆتای ساڵی ٢٠٠٦ ڕەنگە بتوانین بڵێین بەرەوپێشچوون هاتۆتەدی، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد بارودۆخەکە لەرزۆکە. ڕاستە تەقینەوەکانی ئەم دواییە وەك ڕەنگدانەوەی ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان دەرکەوتن، بەڵام مەترسی گەورەی دیکەش لە ئارادایە وەك ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، بە تایبەتی ئەگەر ببێتەهۆی ڕوودانی توندوتیژی.

*** یەکێك لە لێکدانەوەکان بۆ تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی هۆکارەکان بە هۆکاری ناوخۆی دەزانێت نەك دەرەکی ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا توندوتیژییەکانی ئەم دواییە ئەوەندە درێژەیان نەخایاندووە بۆ ئەوەی بڵێین ڕەوتێکی توندوتیژی لە ئارادایە، بەڵکو زیاتر وەك هەڵکشانێکی کتوپڕ دەرکەوتن، لەبەر ئەوە ڕەنگە هێشتا زووبێت بڵێین ئەمە ڕەوتێکی درێژخایەنە و بەردەوامی دەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە هۆکارە دەرەکی یان ناوخۆییەکانەوە هەبێت، ئەوا ڕەنگە ئەلقاعیدە و ڕێکخراوە هاوشێوەکان دەستیان هەبێت لەم ڕووداوانەدا و ڕەنگە سوونەکانیش کە بۆ ماوەی ساڵێکە بەشدارن لە سەرکوتکردنی چالاکییەکانی ئەلقاعیدە بڕیاریان دابێت کە ڕاددەیەکی دیاریکراو ئازادی بەم ڕێکخراوە بدەن لە پێناو دەستکەوتی سیاسیدا.

*** ئایا ئەم ڕووداوانەی دوای دەبنەهۆی گۆڕینی تەرکیزی ئەمەریکا لە ئەفغانستانەوە بۆ عێراق، واتە ئایا ئەلقاعیدە ئەم کارانە بۆ ئەم ئامانجە ئەنجام دەدات؟**

- کارێکی لەم چەشنە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زۆر ژیرانە هەیە و من گومانم هەیە ئەلقاعیدە توانای ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە ستراتیجیەی هەبێت و من لەو باوەڕەدام چالاکییەکانی ئەلقاعیدە لە عێراقدا زیاتر دەوەستێتەسەر هەڵوێستی سوننەکان، ئایا سوننەکان چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوانە سەرکوت دەکەن یان سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین دەکەن.

*** عێراق ئۆباڵ و بەرپرسیارێتیی تەقینەوەکان دەخاتە ئەستۆی سوریا، پرسیارەکە ئەوەیە سوریا چ بەرژەوەندییەکی هەیە لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخی عێراقدا؟**

- من لەو باوەڕەدانیم سوریا بەرژەوەندییەکی بەهێزی هەبێت لەم کارەدا، من هیچ ئاماژەیەکم لە سەرچاوەکانی ئەمەریکاوە بەدی نەکردووە کە سوریا ڕێوشوێنەکانی کەمکردۆتەوە لە دژی پەڕینەوەی ئەم چەکدارانە لە سوریاوە بۆ عێراق، ڕەنگە هێشتا ئەمە بەردەوام بێت، بەڵام ئێمە پێویستمان بە زانیاری زیاتر هەیە پێش ئەوەی هیچ دەرئەنجامێك ڕابگەیەنین، کە ئایا سوریا بەشدارە لەم کارانەدا و ئەم کارانە بە پێی پلان ئەنجام داوە.

*** پێشتر سوریا و ئێران هەڵوێستی هاوبەشیان هەبووە لە ئاست عێراقدا، بەڵام ئێستا هەڵوێستیان جیاوازە، بۆ نموونە ئێران زیاتر پشتگیری لە شیعەکان دەکات لە کاتێکدا سوریا پشتگیری لە کۆنە بەعسییەکان دەکات، هۆکاری ئەم جیاوازیە چییە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئێمە زانیاری پێویستمان لەبەردەستدا نییە دەربارەی ڕەفتارەکانی ئەم دواییەی سوریا بۆ ئەوەی بە دەرئەنجامێکی ڕوون بگەین. ڕەنگە باشترین شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی هەڵکشانی توندوتیژییەکانی ئەم دواییە بەردەوام بوونی ناکۆکییەکان بێت لە نێوان سەرکردەکانی شیعە و سوننەکاندا، بە تایبەتی کە سوننەکان پێیان وایە شیعەکان بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە لە ئاوێتەکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکانی سەحوە لە هێزە ئەمنیەکانی عێراقدا یاخود دۆزینەوەی کار بۆیان لە دامەزراوەکانی دیکەدا و ڕەنگە بەشێکی کاردانەوەی سوننەکان ئەوەبێت چیتر چالاکییەکانی ئەلقاعیدە سەرکوت نەکەن.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان واسە سوریە و سعودییە هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەیە لە پشتیوانیکردن لە سوننەکانی عێراق ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە؟**

- ڕەنگە سعودییە پشتگیری لە ئامانجە سیاسییەکانی سوننە بکات، بەڵام لەو باوەڕەدانیم حکومەتی سعودیە پاڵپشتی لە توندڕەوە سوننەکان یان لە کردەوە تیرۆریستیەکان بکات، هەروەها هیچ بەڵگەیەك نابینم بۆ هاوکاری نێوان سعودیە و سوریا لەم ڕووەوە. من پێم وایە هەرچەندە وا دەردەکەوێت هێزە دەرەکییەکان ئەم کردەوانەی ئەم دواییەیان ئەنجام دابێت، بەڵام من پێم وایە زیاتر ڕەنگدانەوەی گرژییە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراقن، کەواتە کێشەکە لە ناو عێراق خۆیدایە.

*** هۆکاری ئەوەی سعودیە پشتیوانی سوننەکان دەکات، ئەوەیە خوازیار نییە شیعەکان حکومڕانی عێراق بکەن و نایەوێت کەوانەیەکی شیعە لە ناوچەکەدا دروست بێت کە درێژبێتەوە بۆ لوبنان، لێکدانەوەی ئێوە چیە بۆ شیکردنەوەیە؟**

- سعودیە خوازیاری ئەوەیە سوننەکان کاریگەری و دەسترۆیشتووی سیاسیان هەبێت لە عێراقدا، بەڵام ئەوەندە ساویلکەنین پێیان وابێت سوونەکان دەتوانن لە عێراقدا باڵادەست بن، لەگەڵ ئەوەشدا نایانەوێت پەراوێزبکرێن.

*** یەکێکی دیکە لە کێشە هەستیارە هەڵپەسێردراوەکان، کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقییە، وەك ماددەی ١٤٠، کێشەی هێزەکانی پێشمەرگە، دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، کە هەموو ئەمانە لە دەستووردا چارەسەریان بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق ئامادەی یەکلاکردنەوەیان نییە، ئایا تا چ مەودایەك ئەمە دەبێتە سەرچاوەی خراپتربوونی بارودۆخەکە؟**

- ڕەنگە پەلەکردن لە چارەسەرکردنیان مەترسیدارتر بێت، لەبەر ئەوەی ئەمە پێویستی بە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە هەیە لە نێو لایەنە عێراقییەکاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی جیاوازییەکانی نێوانیان زۆر گەورەیە ئەوا ڕەنگە بەم زووانە ئەم ڕێککەوتنە نەیەتەدی، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت چەند هەنگاوێکی عەمەلی هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بپارێزرێت و لەگەڵیدا وورده وورده کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێت، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدرێت بە یەکجار کێشەکان یەکلابکرێنەوە ڕەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ سەپاندنی چارەسەرێکی دیاریکراو ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت درێژەنەکێشێت و ببێتەهۆی ووروژاندنی کاردانەوەی توند.

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نایەوێت بەشدارییەکی گەورە بکات لە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ئایا هۆکاری ئەم پشتگوێخستنەی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ کێشەکانی عێراق بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من پێم وایە هەڵەیە بڵێین ئەمەریکا چیتر بایەخ بە عێراق نادات و بەشدار نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی، چونکە هێشتا ئەمەریکا دوو ئەوەندی هێزەکانی لە ئەفغانستاندا هێزی لە عێراقدا جێگیرکردووە، هەروەها ژمارەی کارمەندەکانی زیاترە بە بەراورد بە ئەفغانستان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕاستە کە ئیدارەی ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە لە ماوەی ٢ بۆ ٣ ساڵی داهاتوودا بتوانێت لە عێراق بکشێتەوە و لە دوای خۆی وڵاتێك جێبهێڵێت کە لە ئاشتیدا بێت هەم لەگەڵ خۆی هەم لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا. ڕێککەوتنە ئەمنیەکە کە خشتەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکای تێدایە لە لایەن ئیدارەی ئۆباماوە ئیمزا نەکراوە و گفتوگۆی لە بارەوە نەکراوە، بەڵام ئەم ئیدارەیە خوازیاری ئەوەیە پابەندبێت بەم خشتەیەوە، بە هەمان شێوە حکومەتی عێراق و خەڵکی عێراقیش هەمان خواستیان هەیە.

*** عێراق بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەڕوات، زۆرێك لە چاودێران پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکەن، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەگەری هەرەسهێنانی دۆخە ئەمنیەکە دەکرێت ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاری دەهێنێتە ئاراوە، چونکە هەر لە ئێستا هاوپەیمانێتی نوێ دروست بووە، ئەمەریکاش ئومێدی وایە عێراقییەکان لە سیاسەتی تائیفی دووربکەونەوە و چیتر تەنها دەنگ بۆ گروپە ئیتنی ئان ئاینییەکانی خۆیان نەدەن، بەڵکو پتر بەرنامەی سیاسی لایەنەکان لەبەرچاوبگرن کە ئیعتباراتە تائیفیەکان تێپەڕێنێت، بۆ ئەوەی عێراق لە لایەن تائیفەیەکی دیاری کراوەوە حکومڕان نەکرێت و لایەنەکانی دیکەش بەشداری بکەن. ئێستا جیاوازی و دابەشبوون لە نێو شیعەکاندا هەیە، ئەمەش دەرفەت دروست دەکات بۆ ئەوەی کورد و سونەکان ڕۆڵی گرنگی خۆیان ببینن، هەروەك ئەوەی کوردەکان لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بینیویانە، کەواتە ئەمەریکا خوازیارە هەڵبژاردنێکی ئاشتیانە و عادیلانە بکرێت کە بە خێرایی حکومەتێك پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی حکومڕانی وڵاتەکە بکات.

**تەقینەوەکانی ئەم دواییە وەک ڕەنگدانەوەی ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان دەرکەوتن، بەڵام مەترسی گەورەی دیکەش لە ئارادایە وەک ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، بە تایبەتی ئەگەر ببێتەهۆی ڕوودانی توندوتیژی**

**باشترین شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی هەڵکشانی توندوتیژییەکانی ئەم دواییە بەردەوام بوونی ناکۆکییەکان بێت لە نێوان سەرکردەکانی شیعە و سوننەکاندا، بە تایبەتی کە سوننەکان پێیان وایە شیعەکان بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە**

له حوکمکردنی عێراق له قۆناغی داهاتوودا کەم دەکاتەوە، بەڵام وا دیاردە تا ئێستا سوورە لەسەر گۆڕینی وێنەی خۆی و هەوڵی ئەوەشی دەدات کە خۆی بە سیمایەکی نا تائیفی پیشانی خەڵکی عێراق بدات، کە ئێستا بەهەموو شێوەیەك و زۆر بە هێزەوە ئیفرازاتی ئەو تایفییە ڕەتدەکاتەوە و گرەویش لەسەر ئەوە دەکات کە تەنیا بەم ڕێگەیە دەتوانێ زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بۆ خۆی و حزبەکەی و هاوپەیمانییەکەی (دەوڵەتی یاسا) و دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت مسۆگەر بکات.

چاودێرە سیاسییەکان چەند سیناریۆیەك دادەنێن سەبارەت بە پێشهاتەکانی پاش پێکهێنانی هاوپەیمانییە نوێیەکەی شیعی کە بە چەند کەسایەتییەکی سوننی ڕازێنراوەتەوە، بۆ ئەوەی سیفەتی تایفی لەسەر لابدەن کە یەکەمیان سەر دانوواندنی مالیکی یە بۆ فشارەکانی ئێران کە جار ناجار هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و شاراوەشی تێدایە و لە کۆتاییدا وا دەبینرێ کە بچێتە ناو ئیئتیلافەکەوە، بەڵام بە چەند مەرجێکی سووکتر لەوەی کە پێشتر سووربوو لەسەریان و لەلایەن بەشداربووانی ئیئتیلافەکەوە ڕەت دەکرایەوە، بەتایبەتی لەلایەن سەدرییەکان کە مالیکی بە دوژمنێکی سەر سەختی خۆیان دادەنێن بەهۆی ئەو شەڕەی کە لە دژیان ئەنجامی دا و هاوپەیمانیشی لەگەڵ کۆمەڵەیەکی دابڕاو و لەخۆیان کۆمەڵەی (عصائب الحق) بەست کە بەچەند کردەیەکی تیرۆریستی دژ بەهێزەکانی ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت هەڵستان.

سیناریۆی دووەمیش ئەوەیە کە مالیکی بە لیستێکی جیاواز(هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا) بەشداری هەڵبژاردنەکە بکات و، چەند گرووپێکی سوننی وەك سەحوەی ئەنبار بە سەرکردایەتی ئەبو ریشە و هەروەها چەند ڕێکخراوێکی تورکمانی و سەرکردەی عەشایری (ئەنجومەنەکانی ئیسناد) کە وەك شەخسی بەشداربوو لە دامەزراندنیان و چەند لایەنێکی کوردی، بەر لە هەموویان نەوشیروان مستەفا کە قەوارەکەی (گۆڕان) توانی دەنگ لەسەر حیسابی یەکێتی لە دوا هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان وەدەست بێنێ، بەتایبەتی مالیکی لە دوا سەردانیدا بۆ کوردستان بڕیاربوو چاوی بە سەرۆکی ئەو لیستە بکەوێ، بەڵام بۆی نەکرا و ئیتر دواتر لە بەغدا و بەشێوەیەکی نهێنی چاوی بە شاندێکی ئەو لیستە کەوت و هەر لەوێش داوای لێکردبوون کە لە ژێر چەتری هاوپەیمانییەکەی بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی عێراق بکەن، چاودێران پێیانوایە هەلی مالیکی لەو هەڵبژاردنە پشت بە پێشهاتەکانی باری ئەمنی دەبەستێ، بەتایبەتی لەو سێ مانگەی داهاتوو، کە ئایا خراپتر دەبێ، کە بەخۆی وەك شەخسی بەرگەی ئەنجامەکەی دەگرێ و، هەروەها ئەگەر ئەو سیستەمەی کە پەرلەمان بۆ هەڵبژاردن پیادەی دەکات،ماف دەداتە دەنگدەر بە هەڵبژاردنی پاڵێوراوی تاك نەك چەند لیستێکی حزبی داخراو.

هەلی مالیکی لەو هەڵبژاردنە پشت بە پێشهاتەکانی باری ئەمنی دەبەستێ، بەتایبەتی لەو سێ مانگەی داهاتوو، کە ئایا خراپتر دەبێ، کە بەخۆی وەک شەخسی بەرگەی ئەنجامەکەی دەگرێ

مالیکی دەیەوێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ واشنتۆن لە چوارچێوەی حیساباتی دەنگدەرانی پەرلەمانی بونیادبنێ، چونکە تا ئێستا لە نیەتی ئیدارەی ئەمەریکا دوو دڵە سەبارەت بە پشتگیری کردنی چ لایەك لەو هەڵبژاردنەدا.

مالیکی باش دەزانێ کە ئەمەریکییەکان وەك لایەنەکانی دیکە نین کە دەسەڵاتیان لە عێراقدا هەیە، بۆیە لە هەڵوێستیان دەترسێ؟

لە ڕاستیدا، نەك هەر ئەمەو بەس، بەڵکو مالیکی دەیەوێ لە بەرامبەر عێراقیەکاندا وا خۆی نیشان بدات کە تەنیا بەخۆی بڕیاردەرەو ناکۆکییەکانیشی لەگەڵ واشنتۆن دەربارەی چەمکی دەسەڵاتەو هەروا سەبارەت بە چۆنییەتی بەشدارپێکردنی گشت لەو دەسەڵاتەدا، بۆ نموونە نایەوێ دەسەڵات لەگەڵ سەحوە دابەش بکات، یان لەگەڵ ئەوانەی کە واشنتۆن دانووستانی لەگەڵ کردوون، لە ئەستەنبوڵ یان شوێنی تر.

ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکییەکان ئیدارەی دەسەڵات بەشێوەی دابەشکردن تێدەگەن و پێیانوایە دانووستان بە واتای ئەوەدێت کە توانای بڕیار وەرگرتن پێویستە بەیەك لایەن مەحکوم نەبێت، بەڵکو بە کۆکردنەوەی هەموان لە ژێر سەرکردایەتییەکی تەوافوقیدا.

کەواتە تێگەیشتنی مالیکی پێچەوانەی تێگەیشتنەکەی ئەمەریکایە، فەلسەفەکەی کۆکردنەوەی هەموانە لە ژێر یەك سەرکردایەتیدا، واتە لە ژێر سایەی ئیدارەکەیدا، بە کورتی واشنتۆن مالیکی بەڕابتێکی یەکێتی عێراق دانانێ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بەخۆی یان میدیاکەی دەیڵێ کە گوایە ئەو زیاتر لە ئەمەریکییەکان لە هەستی عێراقییەکان تێدەگات.

واشنتۆن مالیکی بەڕابتێکی یەکێتی عێراق دانانێ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بەخۆی یان میدیاکەی دەیڵێ کە گوایە ئەو زیاتر لە ئەمەریکییەکان لە هەستی عێراقییەکان تێدەگات

هیچ ئەلتەرناتیڤێك لەلای واشنتۆنەوە نییە بۆ ئەوەی لە ناو عێراقدا پیادەی بکات، زۆر لەسەر مالیکی کاریان کرد و هەر لەو پێناوەشدا فشاریان خستە سەر وڵاتانی عەرەبی.

مالیکی پیاوێکی پراگماتییە و لە هاوسەنگی هێزەکان باش تێدەگات و کار لەسەر چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکییەکان دەکات، بەڵام دەسەڵاتی لایەنەکانی دیکە بە ئەستەمی دەمێنێتەوە، بەتایبەتی پاش ڕووداوە خوێناوییەکەی ڕۆژی چوارشەممەی بەغدا کە گۆڕەپانی مانۆڕی لێ تەسك کردۆتەوە.

## لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا

# واشنتۆن لەگەڵ چ لایەک دەبێت و ئایا مالیکی بەهۆی هەڕەشەی ئێرانەوە دەگەڕێتەوە ناو ئیئتیلافە کۆنە نوێیەکە؟



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

لەوانەیە مەلامحی سەرەکی دیمەنی داهاتووی عێراق، بەتایبەتی پاش هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق لە کانوونی دووەمی ٢٠١٠، حوکمەکە بۆ هاوپەیمانییەکی شیعی بێ و ئۆپۆزسیۆنەکەش لەلایەن هاوپەیمانییەکی دیکەی شیعە سەرۆکایەتی بکرێ.

ئێستا ئێمە لەبەردەم دوو هاوپەیمانی شیعەین کە هەر یەکێکیان کۆمەڵێ لایەنی شیعەی لەخۆگرتووە، کە هەردووکیان دیدێکی تایفی شیعیان هەیە، راستە ئەوەی مالیکی ئەوانیتر تۆمەتبار دەکات بەتایفیەت و گوایە بەخۆی دوورە لەو ئاراستەیە، بەڵام واقیع وانالێ و هەردوو هاوپەیمانییەکە یەك شت کۆیان دەکاتەوە کە تایفیەتە، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە بەرژەوەندی و دەسەڵات وەرگرتنە. کۆچی دوایی سەرکردەی شیعی سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیم، پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا و ئەو رێورەسمە گەورەیەی بۆ شاردنەوەی تەرمەکەی سازدرابوو، هەلێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی عەممار ئەلحەکیمی کوڕی داوا لە سەرۆکی حکومەت و ئەمینداری گشتی حزبی دەعوەی ئیسلامی نوری مالیکی بکات، بۆ ئەوەی لەو ئیئتیلافەی خۆی پاشگەز ببێتەوەو سەر لە نوێ داخیلی ئیئتیلافە نوێ کۆنەکە بێ کە هەر لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە حوکمی عێراق دەکات، ئەویش بەمەبەستی پاراستنی یەکڕیزییەکەی و مانەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران بەدەستی شیعەوە.

بەر لە چەند رۆژێك ژمارەیەك سیاسەتکاری دیاری ناو شیعەی عێراق هاوپەیمانییەکی سیاسی نوێیان پێکهێنا بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی عێراق بکات بەناوی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی، وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ (ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراق) کە لە سەدا سەد شیعی بوو و بە موبارەکەی مەرجەعیاتی نەجەف، بەتایبەتی سیستانی دروستبووبوو، بەڵام بە هۆی فەشەلهێنانی لەبەڕێوەبردنی وڵات ئەو مەرجەعانە بەبێ دەنگی و زۆر بەشەرمەوە خۆیان لێ کێشایەوە.

ئەم قەوارە نوێیە کە چاودێران بە قەوارەیەکی تایفی دایدەنێن لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییەوە سەرۆکایەتی دەکرێ کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئێراندا هەیە و رەوتی سەدر و حزبی فەزیلە و رەوتی چاکسازی جەعفەری و چەند کۆمەڵەیەکی دیکەی شیعی لە خۆ دەگرێت، کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران شاراوە نییەو وەلائیشیان بۆ ئایەتوڵلا خامەنەئی یە.

هەر چەند تاران زۆر هەوڵی دا قەناعەت بە مالیکی بێنێ بۆ ئەوەی دژە هەڵوێستەکەی بەرامبەر ئەو هاوپەیمانییە نوێیە بگۆڕێ و بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەی فەیلەقی قودس قاسم سلێمانی ناردە بەغدا کە بەپێی چەند سەرچاوەیەك ویستی سەرکردایەتی ئێرانی بە مالیکی راگەیاند بوو سەبارەت بە مانەوەی لە ئیئتیلافەکە دا و هۆشداری ئەوەشی دابوو کە هەڵگەڕانەوەی لەو ئیئتیلافە رۆڵی هاوپەیمانەکانی ئێران

# ئایا عێراق درز دەخاتە هاوپەیمانێتیی نێوان ئێران و سوریا؟



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕە خوێناوییە هەشت ساڵییەکەی عێراق و ئێران، سوریا تاکە دەوڵەتی عەرەبی بووە کە هاوپەیمانێتیەکی بەهێزی لەگەڵ ئێران دروست کردووە لە دژی عێراق. زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئەم هاوپەیمانێتیە یەك لە هاوپەیمانێتییە هەرە توندو تۆکمەو بەهێزەکانی نێوان دوو دەوڵەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەهەر حاڵ هەندێك لە چاودێرانی سیاسی لەو ساڵانەدا پێیان وابوو رەگوڕیشەی ئەو هاوپەیمانێتیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوژمنایەتیە سیاسی و حزبیەی سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ سورییەکان دروستی کرد. ئەوسا هەر دوو وڵات بەڵگەنامەیەکی نەتەوەییان بە یەکەوە مۆر کرد بوو بۆ پەرەپێدانی هاوکاری و یەکێتیی حزبی و سیاسی و ئابووری و سەربازی لە نێوان خۆیاندا، بەڵام دوای ئەوەی لە کودەتایەکی سپی دا سەرۆکی پێشووی عێراق ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لابراو سەدام جێگەی گرتەوە، ئەم بەڵگەنامەیە شکستێکی گەورەی هێنا دوای ئەوەی سەدام حوسێن دیمەشقی بەوە تۆمەتبار کرد کە پشتی کودەتایەکی ناوەخۆی بەعسی گرتووە لە دژی هاتنە سەرکاری سەدام حوسێن.

هەندێك لە چاودێرانی دیکە پێیان وابوو لوبنان و فەلەستینیەکان هۆیە سەرەکییەکەی ناکۆکی دروستکردن بوون لە نێوان بەغداو دیمەشق، بە تایبەتی ئیتر لەو ساڵانەدا رژێمی پێشووی عێراق هەڵوێستێکی توندڕەوانەی ئەوتۆی لە ناو لوبنان گرتبووە بەر کە بە دژایەتیی دەسەڵات و نفووزی سورییەکان بوو. پشت گرتنی ژەنەراڵ میشێل عۆن کە ئەوسا لە دژی دیمەشق کاری دەکرد، لایەنێکی دیاری ئەو ناکۆکییەی نێوان سوریا و عێراق بوو لە ناو لوبنان، بۆیە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ دیمەشق هاوسەنگیەکی زۆری دەدا بە تەرازووی ناکۆکی لەگەڵ بەغدا بە قازانجی سورییەکان. هەمان هەڵوێست و ناکۆکی لە بەینی سوریاو عێراق لە پانتایی سیاسی فەلەستینیەکانیشدا بەدی دەکرا، بە تایبەتی دوای ئەوەی کێشەیەکی خوێناوی کەوتە نێوان بەعسی عێراق و بزووتنەوەی فەتح لە ئەورووپاو بەیروت.

بەڵام هەندێك چاودێری دیکە، بە لای ئەو تەفسیرانەی سەرەوە ناڕۆن، بەڵکو پێیان وایە، بنەمای هاوپەیمانێتی لە نێوان سوریاو ئیسلامییەکانی ئێران دەگەڕێتەوە نیوەی یەکەمی حەفتاکان، بە تایبەتی دوای شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣. ئەوسا هێشتا ئیسلامییەکان لە ئێران نەهاتبوونە سەر حوکم. بەڵام دیمەشق لە ناو لوبنان و لە ناو سوریا پشتی دەگرتن و پەیوەندییەکی خۆشی لەگەڵیان دروستکرد بوو لە دژی رژێمی حەمە رەزا شا. بۆیە کاتێك لە تاران شۆرشی ئیسلامی سەری گرت، سورییەکان زۆریان بەلاوە باش بوو. بگرە هەر زوو پەیوەندییان لەگەڵ دروستکرد بە تایبەتی هەندێك لە سەرکردەکانی شۆرشی خومەینی لەو کەسانە بوون کە لە سوریاو لوبنان نیشتەجێ بوون و پێشتر هاوکاریان لەگەڵ دیمەشق هەبوو.

دوای شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ کە سوریاش لە تەك میسر شەڕی لە دژی ئیسرائیل راگەیاند بوو، ئەمەریکا لە قازانجی ئیسرائیل ئاگربەسیتێکی دابین کردوو، پاشانیش خۆی خەریك کرد لەگەڵ دابینکردنی ئاشتی لە نێوان میسرو ئیسرائیل، هەتا بۆیشی کرا پشتی لە سوریا کرد. سورییەکان ئەمەیان کردە بنەمای ناکۆکییەکی زۆر لەگەڵ واشنتۆن، بۆیە کاتێك رژێمی شا لە تاران سەرنگون بوو و دەرفەت هاتە پێشەوە بۆ دەسەڵات پەیداکردنی ئیمام خومەینی، سورییەکان هەر زوو ئەم گۆڕانکاریەیان قۆزتەوەو خۆیان خستە سەر هێڵی هاوپەیمانێتی لەگەڵ تاران. سورییەکان پێ دەچوو ئاگاداری ئەوە بوون کە تاران لە بن سەرکردایەتی شیعەی سیاسی بەرەو دژایەتی ئەمەریکا دەڕوات بە تایبەتی لە دوای کێشەی بارمتەکانی سەفەراتخانەی ئەمەریکا لە تاران.

گروپێکی دیکەی چاودێران لە بازنەی ئەو هۆیانەی سەرەوە زۆرتر دەڕۆن و وای لێك دەدەنەوە کە رەگوڕیشەی هاوپەیمانێتی نێوان سوریاو ئێران دەگەڕێتەوە هەندێك بنەمای مەزهەبی و ئایینی بە تایبەتی لە بواری ئەوەی کە رژێمی سوریا، ئەوساو ئێستاش، لە دەست عەلویە نوسەیرییەکانە. ئەم تایفە بە رەگەز شیعەیە، لەو سەردەمانەدا، جۆرە نزیك کەوتنەوەیەکی زۆری لەگەڵ شیعەی دوانزە ئیمام کە لە ئێران دەسەڵاتدارن پەیدا کرد بوو. ئەم

نزیکایەتییە مەزەبیە، بە رای چاودێران، هاوپەیمانێتیەکی سیاسی و ستراتیژیی توندوتۆڵی لێکەوتبووەوە.

لە دوای رزگارکردنی کوێت و سزا دەوڵەتییەکانی سەر عێراق، هەر دوو دەوڵەت سیاسەتێکی هاوتەریبیان لە بەرامبەر بەغدا پەیڕەو دەکرد: لە لایەك، کرانەوەیەکی ئابووری بەسەر عێراق بە مەبەستی شکاندنی سیستەمی سزا نێودەوڵەتییەکان. لە لایەکی دیکە جۆرە پەیوەندییەکی سیاسی و دیپلۆماسیی وا کە لە گەڵ خواستی نێودەوڵەتی ناکۆك نەبێت. لە لای سێیەمیشەوە، دنەدانێکی ژێرەکیی رژێمی پێشووی عێراق بۆ درێژەدان بە ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکاو چۆك دانەدان لەبەردەم بڕیارە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەو سیاسەتە ناروون و نادیارە، ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە پایتەختی هەر دوو وڵاتدا بە ئازادی لە دژی رژێمی عێراق کاریان دەکرد. تەنانەت ئەمەریکاش چاوی لەو چالاکیانە دەپۆشی و هیچ جۆرە مەرجێکی نەدەخستە ئەستۆی گروپە ئۆپۆزیسیۆنەکان بۆ ئەوەی لە ئێران و سوریا دوور بکەونەوە.

دواتر کە رژێمی سەدام حوسین رووخا ساڵی ٢٠٠٣، تەواوی نەخشە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە ناو سێ کوچکەی عێراق و ئێران و سوریادا گۆڕانی تێکەوت. ئیتر ئەمەریکا هاتە ناو عێراق و خەریکی دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی بوو. لە لایەکی دیکە، ناکۆکییەکانی نێوان واشنتۆن و دیمەشق و تاران تا دەهات توندتر دەبوو. هەر دوو حکومەت لە ئێران و سوریا مەترسیی ئەوەیان هەبوو کە ئەمەریکا عێراقی تازە بۆ هەڕەشە کردن لە هەر دوو دەوڵەتەکە بەکار بهێنێت. هەروەها دەترسان لەوەی کە ئەگەر ئەمەریکا بتوانێت دیموکراسی لە بەغدا دابمەزرێنێت ئەوا ئەو دیموکراسیە دەبێتە مایەی مەترسی بۆ سەر هەر دوو دەوڵەتەکەو دەوڵەتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لێرەوە، دیمەشق و تاران کەوتنە دوژمنایەتی کردنی هێزەکانی ئەمەریکاو رژێمی تازەی بەغدا لە عێراق. لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە، دیار بوو، هەر دوو دەوڵەتی هاوپەیمان پێیان چاك بوو، رۆڵی نێوان خۆیان دابەش بکەن: ئێران پشتگیریی گروپە شیعە مەزەبەکان بکات لە بەغداو خوارووی عێراق. سوریاش لە باری خۆیەوە پشتگیری گروپە سوننە مەزهەبەکان بکات لە بەغداو موسڵ و لە رۆژئاوای عێراق. هەر دوو لایشیان بە یەکەوە، لە رووکەشدا جۆرە پەیوەندییەکی دیپلۆماسی و سیاسیی و ئابووریی گەرموگوڕیان هەبێت لەگەڵ بەغدا.

کێشەی گەورە چ بۆ ئێران و چ بۆ سوریا ئەوە بوو کە عێراقی دوای سەدام حوسێن حکومەتێکی ئەوتۆی تێدا بوو کە رەنگە سەرەکییەکەی شیعە بوو. ئینجا کێشەی گەورەتر ئەوە بوو کە ئەمەریکا هەوڵی دەدا ئەو شیعەیەی لە بەغدا فەرمانڕەوایە شیعەیەکی میانڕەوی سەر بە واشنتۆن بێت و قابیلی ئەوە بێت لە دژی دیمەشق و تاران بجوڵێتەوە. لە بەرامبەر ئەم کێشانەدا، دیار بوو هەر دوو دەوڵەتی سوریاو ئێران وایان بە چاکزانی کە کارە نهێنیەکانیان لە دژی تاقیکردنەوە دیموکراسیەکەی عێراق بخەنە کارو هەر یەکەی بە شێوەیەك پشتی تیرۆر بگرێت، بەڵام لە رووکەشدا، هەر دوو لا هەوڵی پاراستنی پەیوەندییە ئابووری و دیپلۆماسی و سیاسیەکانیان بدەن لەگەڵ بەغدا.

لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە دوو فاقیە، تەقینەوەکانی رۆژی چوارشەممەی خوێناوی دروست بوو، ئەوە بوو حکومەتی بەغدا بە فەرمی دیمەشقی بەو تەقینەوانە تۆمەتبار کردوو داوای پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی کرد لە بابەتی دادگا نێودەوڵەتییەکەی تایبەت بە لوبنان، ئەویش بۆ دادگایی کردنی ئەو کەسانەی پشتگیریی تیرۆریستەکانی عێراق دەکەن لە سوریا.

ئەم هەڵوێستەی عێراق هەموو تابلۆکەی شێواند. دیمەشق و تاران تووشی شۆك هاتن. دیار بوو ئەمەریکا لە عێراق سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورەی بە دەستهێنا کە مایەی نیگەرانیی هەر دوو پایتەختەکە بێت،بۆیە ئێران بە پەلەپڕوزێ وەزیری دەرەوەی ناردە بەغداو دیمەشق بۆ ناوبژیوانی. بەغدا، لە رێگەی سەرۆك وەزیران نوری ئەلمالکی و ئینجا وەزیری دەرەوە هۆشیار زێباری سوور بوونی خۆیان لەسەر مەسەلەی دادگایی کردن دووپاتکردەوە.

تاران لە لایەك، ئەوەی پێ خۆش نییە کە پاشماوەی بەعسیەکانی عێراق، ئەوانەی دەستیان سوورە بە خوێنی هەزاران هەزار سەربازو ئەفسەری ئێرانی، لە دیمەشق داڵدە بدرێن و پشتگیریان لێ بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانێت، ئەو خۆی ناتوانێت داڵدەی ئەم پاشماوانەی بەعس بدات بە هۆی یادگارەکانی شەڕی هەشت ساڵەوە. هەروەها دەزانێت مانەوەی ئەو پاشماوانە لە سوریا مەرجێکی گرنگی شکست پێ هێنانی سیاسەتی ئەمەریکایە لە عێراق بۆیە لەلایەك هەوڵ دەدات بەغدا رازی بکات و لە لایەکی دیکە نایەوێت بەعسیەکان سوریا بە جێ بهێڵن. سورییەکانیش لە باری خۆیانەوە حەز ناکەن ئێران رۆڵی ناوبژیوانی بگێڕێت بەڵکو بە لای ئەوانەوە دەبێت تاران لە تەك ئەوان بووەستێت لە دژی بانگەشەکانی دادگایی کردنی نێودەوڵەتی. لەوانەش بەولاتر بەغدا خۆشی خەریکە ئەژنۆی لە بن قورسایی باری تیرۆرو چالاکییەکانی دەشکێت. دەشزانێت سەرچاوەی ئەو تیرۆرە دیمەشق و تارانە، بەڵام بە هۆی پەیوەندییە لە مێژینەکانی لەگەڵ ئێران ناچارە خۆی لە ناو هێنانی تاران بپارێزێت و رووگەی ناکۆکییەکانی بکاتە دیمەشق بە مەبەستی ئەوەی هەڵوێستەکەی لە دژی سوریا پەیامێك بێت بۆ ئێران، بەڵام ئەوەندەی تا ئێستا روونە، ئەو هەوڵ و کۆششەی عێراق نەیتوانیوە هیچ جۆرە درزێك بخاتە دیواری هاوپەیمانێتی ستراتیژی لە نێوان دیمەشق و تاران.

**رەگوڕیشەی ئەو هاوپەیمانێتیەی نێوان ئێران و سوریا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوژمنایەتییە سیاسی و حزبیەی سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٩دا کە لەگەڵ سورییەکان دروستی کرد**